40 CENTS

# THE Communist Manifesto





KARL MARX & FREDERICK ENGELS

INTERNATIONAL PUBLISHERS

# مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست

کارل مارکس-فریدریک ئێنگلس
لەندەن؛ ٢٤ی حوزەیرانی ١٨٧٢

پێرست:

ناوەرۆک: لاپەڕە:


. سەرەتا بۆ چاپی دووهەم: 3
. سەرەتا بۆ چاپی یەکەم: 6
. پێشەکي بۆ چاپی ئەڵماني ساڵی ١٨٧٢ 8
.پێشەکي بۆ چاپی رووسي ساڵی ١٨٨٢ 11
. پێشەکي بۆ چاپی ئەڵماني ساڵی ١٨٨٣ 14
. پێشەکي بۆ چاپی ئینگلیزي ساڵی ١٨٨٨ 16
.پێشەکی بۆ چاپی ئەڵمانی ساڵی ١٨٩٠ 23
. پێشەکي بۆ چاپی پۆڵەندي (لەهستاني) ساڵی ١٨٩٢ 29
.پێشەکي بۆ چاپی ئیتالي ساڵی ١٨٩٣ 32
. مانیفستی حیزبی کۆمۆنیست (سەرەتا: ل 38) 37
. I بۆرژواکان و پرۆلێتەرەکان 40
. II کرێکاران و کۆمۆنیستەکان 63
. III ئەدەبیاتی سۆسیالیستي و کۆمۆنیستي 79
1 . سۆسیالیزمی کۆنەپەرستانە 79
الف: سۆسیالیزمی فیئودالّي 79
ب: سۆسیالیزمی وردە-بۆرژوایي 82
ج: سۆسیالیزمی ئەڵماني یان "راستەقینە" 84
٢-سۆسیالیزمی کۆنسرڤاتیڤ یان بۆرژوایي 89
٣- سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی خەیاڵي رِخنەگر 91
. IVهەڵوێستی کۆمۆنیستەکان
لە ئاست حزبە ئۆپۆزیسیۆنە جۆراوجۆرەکانی ئێستا 97


ئەم چاپە کوردییەی مانیفستی حزبی کۆمۆنیست، لە وەرگێڕاوە ئینگلیزییەکەی سامۆئێل مۆر کراوە بە کوردی کە ئەویش خۆی، لە دەقی ئەسڵي ئەڵمانیایي و لە ژێر چاودێري ئینگڵس دا کراوە بە ئینگلیزي.

پێشکەش:

بە یادی گەشی هاوڕێ جەعفەری شەفیعي.

موسلح / ڕێبوار

**سەرەتا بۆ چاپی دووهەم:**

بەهەڵدانی پیشەسازي لە کوردستان، چینی کرێکار گەلێک پەرەی گرتووە و گەشەی سەندووە. هاوکات گەلێک گیروگرفت لە ڕێی خەباتی ئەم چینەدایە دژی سەرمایەداري و چەوسانەوە. بۆیە، پێویستي ڕێکخراوبوون و وشیاری چینایەتی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرە دەستێنێ.

به هێنانەوەی دوو برگە لە دەقی کتێبەکە، ئەم پێویستییە زیاتر دەخەمە بەرچاو:

*هەرچەندە، لە وڵاتێکی دیاریکراودا، پیشەسازیی گەورە پەرەی گرتبێ , لە نێوکرێکارانی ئەو وڵاتەدا مەیلی ئاگاداربوون لە بارودۆخی خۆیان، وەکوو چینی کرێکار بەرانبەر بە چینە داراکان، بەهێزتر دەبێ؛ بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە نێویاندا پەرە دەگرێ و داخوازیی بۆ مانیفستیش زیاد دەکا .*

*بۆیە، لەرووی ئەوەوە کە چەند کۆپی لە مانیفست بە زمانی وڵاتێک بڵاو بووەتەوە، دەکرێ بە شێوەیەکی تارادەیەک دروست، نەک هەر بزووتنەوەی کرێکاری، بەڵکوو پلەی هەڵدانی پیشەسازیی گەورەش لەو وڵاتە دیاری بکەی.*

*لە پێشەکیی ئێنگڵس بۆ چاپی پۆڵەندیی ١٨٩٢*

*هەر ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بەو قەیرانە بازرگانییانە بکەین کە بە سەرهەڵدانی ناوبەناو، یان بەردەوام، هەتادێ پڕەتر‌ستر هەڕەشە لە مانی سەرتاپای کۆمەڵگای سەرمایەداری دەکەن .*

*لە بەشی یەکەمی کتێبەکە*

هەڵدانی پیشەسازیی مۆدێرن و قەیرانی ئابووریی حازر مەسەلەی مان و نەمانی پێوەندیی کۆمەڵایەتیی سەرمایەداری، بە ڕۆشنیی ناوەتە بەرپێی کۆمەڵ. خەبات بۆ نەهێشتنی ئەستەم و نابەرابەرییە، بۆ جیهانێکی ئازاد و بەرابەر، پێویستیی بە وشیاریی کۆمۆنیستیی یە. جگە لەمەش، مانیفست وەک لە پێشەکی ساڵی ١٨٩٠دا هاتووە:

*بێگومان، باوترین و نێونەتەوەییترین نووسراوەیە لە نێو ئەدەبیاتی سۆسیالیستیدا و بەرنامەی هاوبەشی بەملیون کرێکاری هەموو وڵاتانە، لە سیبێریاوە هەتا کالیفۆرنیا .*

بۆیەش، بوونی ئەم کتێبە لە کتێبخانەی کوردیدا چاوپۆشیی هەڵناگرێ وچاپکردنەوەی وەرگێڕاوە کوردییە کەی پێویست بووەتەوە.

لەم چاپەدا هەوڵمداوە هەندێک لەو دەقانەی کە دوویات دەبنەوە و مەبەستێکی نوێی زیاد نەکردووە، لابەرم بێ ئەوەی خەسارێک لە مەعنای کتێبەکە بکەوێ؛ لە کۆپیا دیجیتاڵەکانی مانیفستدا، ئەوبەشانە، هەر وەک لینک هاتوون و لە هەندێک چاپی تازەشدا هەر نەهاتوون. سەرەتاکانی مارکس و ئێنگڵس، جگە لە گێڕانەوەی مێژووی ٤٠-٥٠ ساڵەی ئەم کتێبە، چەند نموونەیەکی زیندوو لە شێوە بۆ چوونی ئەوان سەبارەت بە هەل ومەرجی جۆراوجۆری سیاسیی ئەوکات نیشاندەدا کە ئێستاش، بۆ ناسینی هێزە سیاسییەکانی سەردەم بەکەڵکە.

شایانی باسە کە ئەم دەقە لەگەڵ وەرگێڕاوی سویدیش بەراورد کراوە کە دیسان زیاتر جێی متمانە بێ. ئەمە پێداچوونەوەیەکی سەرتاپاییە و زیاتر لە وەرگێرانێکی تازە دەچێ تا چاوگێڕانەوەیەک بە چاپی یەکەمدا. بەهیوام خوێنەران، ئەو جۆرەی شیاوی مانیفستە لێی تێبگەن.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە پێزانین و سپاسم دەربڕم بۆ ئەو بەڕێزانەی بە ڕەخنەگرتن لە چاپی یەکەم یان بە خوێندنەوەی ئەم دەقە پێش چاپکردن، یارمەتییان داوم کە ئەم کارە پوخت و پاراوتر بێ؛ لەوانە بەڕێزان حسن علیپور، ئیرەج فەرزاد، بەکر ئەحمەد، لاوژە جەواد و ئەحمەد بازگر ... دیارە دیسانیش پێشوازیی دەکەم لە ڕخنە و لە یارمەتیی.

موسلح / ڕێبوار

هاوینی ٢٠١٤

**سەرەتا بۆ چاپی یەکەم:**

کرێکارانی تێکۆشەر

هاورێیانی کۆمۆنیست

دەمێکە، کرێکارانی کوردستان، وەک چینێکی کومەلایەتي بەهێز، هاتوونە مەیدان. بەو پێیەش، ئاگاداربوونیان لە وەزعی خۆیان ـوەکوو چینی کرێکار بەرانبەر بە چینی سەرمایەدارـ پێویستییەکی نەک هەر مەعنەوي بەڵکوو زاتیشە. مانیفست، وەک یەکەمین و گردوکۆترین بەرنامەی نیشاندەری رێگای رزگاری کرێکاران و هەموو کۆمەڵگا، خۆی باشترین وەڵامە بەم پێویستي یە زاتي و مەعنەوییەی چینی کرێکار. هەربۆیەش دەمێک بوو پێویستي وەرگێران و بڵاوکردنەوەی مانیفست بە کوردي ، دەرکەوتبوو.

مارکس، لە یەکێک لەو پێشەکییانەدا کە بۆ کتێبی کاپیتاڵی نووسیوە خۆشحاڵي زۆری خۆی دەردەبرێ لەوەی کە وەرگێراوی کاپیتاڵ، بە زمانی فەرەنسي، بە زنجیرەـنامیلکەیەک چاپ دەکرێ و بەم جۆرە، کرێکاران ئاسانتر دەستیان پێی دەگا. ئێنگڵس، لەو پێشەکییانەدا لە سەر مانیفستي نووسیوە، گەلێک جار باسی کردووە کە گەیشتنی مانیفست بە دەست کۆمەلانی کرێکار چەندە یارمەتی خەبات و تێکۆشانیان دەکا. لە پێناو ئەم مەبەستانەدا، وەرگێرانی مانیفست بە کوردي و بە زمانێکی سادە و رەوان پێویست بوو تا مانا و ناوەرۆکی ئەم کتێبە بکەوێتە بەردەستی کرێکارانی کوردستان. ساڵی ١٩٧٠ ئەم کتێبە کراوە بە کوردي کە بایەخی تایبەتي خۆی هەیە. بەڵام بە بڕوای من، وەڵامی پێویست بەو مەبەستە ناداتەوە. جگە لەوەش، لەم ١٨ ساڵەدا (هەتا ١٩٨٨) زمانی کوردي زیاتر ئەدەبییاتی سوسیالیستي پێ نووسراوە و لەم بابەتەوە پوخت و پاراوتر بووە. لەم وەرگێرانەدا، تێکۆشاوم وەفاداربوون بە ئەسڵ و بەکارهێنانی زمانێکی سادەو رەوان، یارمەتي خوێنەران بدا کە باشتر و ئاسانتر لە مانیفست تێبگەن. بۆ ئەم کارە، ئەساسەن، وەرگێراوی ئینگلیسی مانیفست لە بەرچاوبووە کە ئێنگڵس چاودێري کردوە. وەرگێراوی فارسي و عەرەبیش، وەک دوو تەجرەبە یارمەتي داوم.

لەم وەرگێرانەدا، جگە لە چەند روونکردنەوەیەک کە بە و.ک. (وەرگێری کوردي) لە ناو کەوانەدا دیاري کراون، بە شوێن وەرگێراوە ئینگلیسییەکەی سامۆئێل مۆر، بڵاوکراوەی پرۆگرێس ی مۆسکۆ، چاپی ساڵی ١٩٧٣دا چووم.

هاورێی هێژاو پێشرەومان، جەعفەری شەفیعي، کاتی خۆی، پێشوازي کرد و هانی دام کە شان بدەمە ژێر ئەم کارە گەورەیە. هەر بۆیەش، بە شانازییەوە، ئەم وەرگێراوەم پێشکەش کردووە بە یادی ئازیزی ئەو.

رەخنەی دڵسۆزانەی کرێکارانی پێشرەو، هەروەها شارەزایانی زمانی کوردي و هەر خوێنەرێکی بەدەربەست، بە سپاسەوە پێشوازي دەکەم.

وەرگێری کوردی

هاوینی ١٩٨٨

**پێشەکي بۆ چاپی ئەڵماني ساڵی ١٨٧٢**

یەکیەتي کۆمۆنیستەکان، کۆمەڵێکی نێونەتەوەیي کرێکاران بوو کە دیارە، لە بار و دۆخی ئەوکاتەدا هەر بەنهێني دەیتوانی هەبێ؛ لە کۆنگرەی خۆیدا کە نۆڤەمبری ١٨٤٧ لە لەندەن گیرا، بە ئێمە دوونەفەری سپارد کە بە وردي، بەرنامەیەکی تیوریک و پراکتیکي بۆ ئەو حیزبە، بۆ بڵاوکردنەوە، ئامادە بکەین. بەم جۆرە ئەم مانیفستە نووسرا و چەند حەوتوویەک پێش شۆڕشی شوباتی فەرەنسا، دەستنووسەکەی بۆ چاپ رەوانەی لەندەن کرا. یەکەمین چاپی بە زمانی ئەڵماني بوو. هەر بەو زمانە لە ئەڵمانیا و ئینگلیز و ئەمەریکا، لانی کەم دوازدە جار، بە شێوەی جۆراوجۆر چاپکرایەوە.

یەکەمجار، کە ساڵی ١٨٥٠ بە ئینگلیزي بڵاوکرایەوە، لە بڵاوکراوەی Red Republican جمهووري سووردا بوو لە لەندەن؛ کچێک بە ناوی هێلێن مەک فارلەین کردبووی بە ئینگلیزي. پاشانیش ساڵی ١٨٧١ لانی کەم سێ جۆر وەرگێراوی ئینگلیزي، لە ئەمەریکا بڵاوبووەتەوە. وەرگێراوێکی فەرەنسی، یەکەمجار کەمێک پێش راپەڕینی حوزەیرانی١٨٤٨ لە پاریس چاپکرا و لەم دوواییانەشدا، لە گۆڤاری Le Socialiste لە نیویورک بڵاوکرایەوە. وەرگێراوێکی تازەشی خەریکە ئامادەبێ. وەرگێراوێکی پۆڵەندي (لەهستاني) سەرەتا لە ئەڵمانیا و کەمێک دواتریش لە لەندەن بڵاوکرایەوە. وەرگێراوێکی رووسي لە ١٨٦٠ەکاندا، لە شاری ژنێڤ بڵاوکرایەوە. بە زمانی دانمارکیش، هەر پاش بڵاوبوونەوەی وەرگێردرایەوە.

هەرچەند لەم بیست و پێنج ساڵەی دواییدا گەلێک بارودۆخ گۆڕاوە، هێشتا ئەو ئەسڵە گشتیيانە کە لەم مانیفستەدا باسکراون، بەتێکڕا، وەک هەمیشە دروستن. هەندێک شوێن دەسکاري هەڵدەگرت بەڵام جێ بەجێ کردنی کرداري ئەم ئوسووڵە، هەروەک لە خودی مانیفستیشدا باسکراوە، هەمیشەو لە هەموو شوێنێک بەگوێرەی ئەو بارودۆخە مێژووییە دیاری دەکرێ کە ئەو کاتە لە ئارادایە؛ هەربۆیەش، ئیسرارێکی تایبەتي نیە لەسەر ئەو هەنگاوە شۆڕشگێڕییانەی لە کۆتایی بەشی دووهەمدا باسکراوە. ئەوبەشە، لە گەلێک بابەتەوە، ئەمڕۆ، دەبوا بەجۆرێکیتر بنووسرایە. ئەگەر گەشە کردنی یەکجار زۆری پیشەسازي مۆدێڕن لە ١٨٤٨ بەملاوە و گەشە و هەڵدانی ڕێکخراوە حیزبییەکانی چینی کرێکار کە وێڕای ئەو هەڵدانە پیشەسازییە هاتوەتە پێش، لە بەرچاوبێ و ئەو تەجرەبە پراکتیکییانەی پرۆلیتاریا یەکەم؛ لە شۆڕشی شوباتدا و پاشان، لەوەش زیاتر، لە کۆمۆنی پاریسدا (کاتێک کە پرۆلێتاریا بۆ یەکەم جار دەسەڵاتی سیاسي دوومانگی تەواو بە دەستەوە گرت) دەستەبەری کردوە، ئەم بەرنامەیە، لە هەندێک بابەتەوە، کۆن بووە. **بە تایبەت، کۆمۆنی پاریس یەک شتی ڕوون کردەوە کە چینی کرێکار ناتوانێ هەروا، دەست بە سەر ماشینی دەوڵەتي حازرونامادەدا بگرێ و بۆ مەبەستەکانی خۆی بیخاتەگەڕ** (بڕوانە "شەڕی نێوخۆیي لە فەرەنسا". پەیامی شورای گشتي کۆمەڵەی نێونەتەوەیي کرێکاران، چاپی لەندەن ١٨٧١ لاپەڕەی ١٥ کە ئەم بیرە لەوێدا بەوردي شیکراوەتەوە). سەرەڕای ئەوەش، ئاشکرایە کە ڕەخنە لە ئەدەبییاتی سۆسیالیستي، لە چاو ئەمڕۆ، ناتەواوە؛ چونکوو ئەم ڕەخنەیە تەنیا ئەدەبییاتی هەتا ساڵی ١٨٤٧ دەگرێتەوە. هەروەها ئەو سەرنجانەی سەبارەت بە پێوەندي کۆمۆنیستەکان لە گەڵ حیزبە ئۆپۆزیسیۆنە جۆراوجۆرەکان هاتووە (بەشی چوارەم) هەرچەند لەباری ئوسووڵییەوە ئێستاش دروستن، بەڵام لە کردەوەدا کۆن بوون چونکوو بارودۆخی سیاسي بەتەواوي گۆڕدراوەو ڕەوتی بەرەوپێشی مێژوو، زۆربەی ئەو حیزبە سیاسییانەی لە ڕۆژگار سڕیوەتەوە.

سەرەڕای ئەمانەش، مانیفست بەڵگەیەکی مێژووییە کە ئیتر ئێمە بۆمان نییە دەستی تێبەرین. ڕەنگە بکرێ لە چاپی دواییدا، سەرەتایەک بێنین کە مەودای زەماني نێوان ١٨٤٧ تا ئێستا لێک هەڵپێکێ. کاری ئەم چاپەی ئێستا، زۆر لە ناکاو هاتەپێش و نەمانپەرژا ئەوە بکەین.

کارل مارکس-فریدریک ئێنگلس

لەندەن؛ ٢٤ی حوزەیرانی ١٨٧٢

**پێشەکي بۆ چاپی ڕووسي ساڵی ١٨٨٢**

یەکەمین چاپی ڕووسي مانیفستی کۆمۆنیست، وەرگێڕاوی باکوونین کە لە چاپخانەی کولوکول چاپکرابوو لە سەرەتاکانی ١٨٦٠ەکاندا بڵاوکرایەوە. ئەوکات، چاپی ڕووسي مانیفست، وەکوو سەرگەرمییەکی ئەدەبي دەهاتە پێش چاوی خەڵکی ڕۆژاوا. بەڵام ئێستا کەس ناتوانێ وا تەماشای بکا.

ئاخرین بەشی مانیفست: "هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان لە ئاست حیزبە جۆراوجۆرە ئۆپۆزیسیۆنەکان لە وڵاتانی جۆراوجۆر" نیشانەدەدا کە ئەوکات (دێسێمبەری ١٨٤٧) چەندە مەیدانی گەشەی بزووتنەوەی چینی کرێکار بەرتەسک بووە. باسی ڕووسیا و نەتەوە یەکگرتووەکان، لەم باسەدا هەر نەهاتووەتە ئاراداوە. ئەوکات، زەمانێک بوو کە ڕووسیا ئاخرین زەخیرەی گەورەی هەموو کۆنەپەرستي ئەورووپا بوو. نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش هێزی کاری زیادي چینی کرێکاری ئەورووپای، بە هۆی کۆچیانەوە بۆ ئەمەریکا، هەڵدەلووشي. هەرتک ئەم دوو وڵاتە کەرەسەی خاویان بۆ ئەورووپا دابین دەکردو هاوکاتیش، بازاڕی فرۆشی بەرهەمە پیشەسازییەکانی ئەورووپا بوون. بۆیە هەردووکیان لەوکاتەدا، هەرکامەبەجۆرێک پاڵپشتی نیزامی دەسەڵاتداری ئەورووپا بوون.

ئێستالەکوێ و ئەوکات لەکوێ! هەر کۆچی ئەورووپاییەکان (بۆ ئەمەریکا) بووە هۆی گەشەکردنی یەکجارزۆری کشتوکاڵ لە ئەمریکای باکوور کە بە ململانێی خۆی، بنەما ئەساسییەکانی خاوەنداریەتي گەورەو چکۆلەی زەوی لە ئەورووپای هێناوەتە لەرزە. لە هەمانکاتدا، ئەم کۆچکردنانە، توانای بە ئەمەریکا بەخشی کە بەو خێراییە، لەو هەموو سەرچاوە پیشەسازییانەی خۆی کەڵک وەرگرێ و ئاوا، لە ماوەیەکی کورتدا، مۆنۆپۆلی پیشەسازي ئەورووپای ڕۆژاوا، بەتایبەت هی ئینگلستان، تێک بشکێنێ. هەرتک ئەم دوو بارودۆخە، کاردانەوەی شۆڕشگێڕانەوەیان هەیە لە سەر ئەمەریکا خۆی. وردەوردە، خاوەنداریەتي چکۆلە و ناونجي خاوەن مەرزاکان کە پایە و بناغەی هەموو بنیادە سیاسییەکەیە، بەرانبەر بە ململانێی مەزرا گەورەکان تێکدەڕووخێ. هاوکات، زۆرتربوونی پرۆلێتاریای پیشەسازي و کۆمابوونی ئەفسانەیی سەرمایەکان لە هەرێمە پیشەسازییەکان، بۆ یەکەمجار گەشەدەکا.

بێینەسەر باسی رووسیا: بەدرێژایي شورشی ١٨٤٨-٤٩ نەک هەر شازادەکانی ئەورووپا، بەڵکوو بۆرژواکانی ئەورووپاش، تاقەڕێگای نەجاتیان لە دەست پرۆلێتاریای تازەوەخەبەرهاتوو، بە دەستێوەردانی رووسیا دەزانی. تزار، بە سەرکردەی کۆنەپەرستي ئەورووپا ناسرابوو. ئێستا ئەو لە گاتچیا[1] ئەسیری جەنگي شۆڕشە و ڕووسیا، پێشەنگی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەورووپا پەروەردە دەکا.

مانیفستی کۆمۆنیست دەبوایە، بە ئەرکی خۆی زانیبایە ڕایگەیەنێ کە فەوتانی چارهەڵنەگری خاوەنداریەتي نوێی بورژوایی بەڕێوەیە. بەڵام لە رووسیا، لە پاڵ هەڵدانی بەپەلەی تالآنی سەرمایەداري و خاوەنداریەتي بورژوایی تازەسەرهەڵداودا، زیاتر لە نیوەی زەوییەکان لە خاوەنداریەتي هاوبەشی جووتیاراندا بوون.

ئێستا، پرسیارئەمەیە کە ئایا "ئۆبشینا"ی رووسي، ئەم شێوازە سەرەتاییەی خاوەنداریەتي هاوبەشي زەوی کە شپرز و ژێرکەنیش بووە، دەتوانێ ڕاستەوخۆ، هەنگاو بنێتە شێوەی بەرزتری خاوەنداریەتي هاوبەشي کۆمۆنیستییەوە؟ یان، بەپێچەوانە، ئەبێ لەپێشدا هەر ئەو پرۆسەی لێکهەڵوەشانە تێپەڕبکا کە ڕەوتی ئاڵوگۆڕی مێژووی ڕۆژاوایە؟

تاقە وەڵامێک کە بکرێ ئێستا بدرێتەوە ئەمەیە: ئەگەر شۆڕشی ڕووسیا، ببێتە بانگەواز بۆ شۆڕشی کرێکاري لە ڕۆژاوا، بەجۆرێک کە هەردووکیان تەواوکەری یەکتر بن، ئەم خاوەنداریەتییە هاوبەشەی زەوی ئێستای رووسیاش، دەتوانێ وەک دەسپێکردنی گەشەیەکی کۆمۆنیستي دەوری هەبێ.

کارل مارکس-فریدریک ئێنگلس

لەندەن، ٢١-١-١٨٨٢

[1] ئەلیکساندری سێهەم، تزاری ئەوکاتەی رووسیا، کە دوای ترۆرکرانی ئەلیکساندری دووهەم، ساڵی ١٨٨١، بوو بە تزار، لە مەترسي ترۆردا، لە کۆشکێک لە دەرەوەی "پێترۆگراد" بە ناوی کۆشکی "گاتچیا"، خۆی حەشاردابوو.

**پێشەکي بۆ چاپی ئەڵماني ساڵی ١٨٨٣**

بەداخەوە، ناچارم پێشەکي ئەم چاپە بە تەنیا ئیمزا بکەم. مارکس، ئەو کەسەی هەموو چینی کرێکاری ئەورووپا و ئەمەریکا زیاتر لە هەرکەسێکی تر قەرزدارباریەتی، ئەوا لە گۆڕستانی هایگەیت بۆهەمیشە، چاوی لێک ناوەو یەکەم گیاش لە سەر گۆڕەکەی ڕواوە. پاش نەمانی ئەو (١٣ی مارسی١٨٨٣) ئیتر، لێ زیادکردن یان چاوگێڕانەوە بە سەر مانیفستدا، ڕێی تێناچێ. بەم بۆنەشەوە، دیسان زیاتر بەپێویستی دەزانم کە لێرەدا رابگەیەنم: ئەو بیرە بنچینەییەی سەراسەری مانیفست لێکهەڵدەپێکێ؛ ئەوەی کە: لەهەر قۆناغێکی مێژوییدا، بەرهەمهێنانی ئابووري و بنیادە کۆمەڵایەتییەکەی کە بێگومان لەو بەرهەمهێنانە دەوەشێتەوە، بنچینەی مێژوویي و سیاسي و فکري ئەم دەورەیە پێکدێنێ؛ ئەوەش کە: بەوبۆنەوە هەموو مێژوو (لەو کاتەوە خاوەنداریەتي ئیشتیراکي سەرەتایي زەویوزار هەڵوەشاوەتەوە) بوەتە مێژووی کێشەی چینایەتي؛ مێژووی بەربەرەکانێی نێوان دوو چینی چەوساوە و چەوسێنەر؛ نێوان دووچینی ژێردەست و باندەست لە پلەی جۆراوجۆری هەڵدانی کۆمەڵایەتیدا؛ ئەوەش کە ئێستا، ئەم کێشەیە گەیشتوەتە پلەیەک کە چینی چەوساوە و زۆرلێکراوی ئەمڕۆ (پرۆلێتاریا) ئیتر ناتوانێ خۆی لەو چینەی دەیچەوسێنێتەوە و زوڵموزۆری لێدەکا (لە بورژوازی) ڕزگاربکا بێ ئەوەی لەهەمان حاڵدا، بە یەکجاري، هەموو کۆمەڵ لە چەوسانەوە و زوڵموزۆر و لە کێشەی چینایەتي ئازادبکا. بەڵێ؛ ئەم فکرە ئەساسییە، سەرتاخوار هی مارکسە.[2]

من ئەم قسەیەم گەلێکجارکردووە بەڵام ئێستا، بە تایبەت بە پێویستی دەزانم کە لە سەرەتای خودی مانیفستیشدا دووبارەی بکەمەوە.

ف ئینگلس

لەندەن- ٢٨ی حوزەیرانی ١٨٨٣

---

[2]من لە سەرەتای وەرگێڕاوی ئینگلیزیدا نووسیوومە: "ئێمە، هەردووکمان، لە چەند ساڵ پێش ١٨٤٥ەوە، وردەوردە لەم فکرە کە بە بڕوای من دەبێ هەرئەو دەورەی بۆ زانستی مێژوو هەبێ کە تیئوری داروین بۆ بیولوژي بوویەتی، نزیک دەبووینەوە. ئەوەی کە من خۆم، چەندە سەربەخۆ، لەم ڕەوتەدا چووبوومە پێش، لە کتێبەکەمدا: "بارودۆخی چینی کرێکار لە ئینگلیز" بە باشي دەردەکەوێ. بەڵام کاتێک، بەهاری ١٨٤٥ دیسان مارکسم لە "برووکسل" دی، ئەو، ئەم فکرەی پوخت و پەروەردە کردبوو؛ تەقریبەن، هەر بەو دەستەواژە ڕۆشنانەی کە لە سەرەوە هێناومە، بۆی باس کردم.

(ڕوونکردنەوەی ئینگلس، لە سەر چاپی ئەڵماني ساڵی ١٨٩٠)

**پێشەکي بۆ چاپی ئینگلیزي ساڵی ١٨٨٨**

مانیفست، وەکوو بەرنامەی "یەکیەتي کۆمۆنیستەکان" بڵاوکرایەوە. ئەو کۆمەڵە کرێکارییە کە سەرەتا هەرتەنیا ئەڵمانیایي بوو، پاشان بووە کۆمەڵەیەکی نێونەتەوەیي و لە بارودۆخی سیاسي ئەورووپای پێش ساڵی ١٨٤٧دا بەناچار، نهێني بوو.

لە کۆنگرەیەکی ئەو یەکیەتیەدا کە مانگی تشرینی دوەمی ١٨٤٧ لە لەندەن بەرپابوو، بە مارکس و ئێنگڵس سپێردرا کە بەرنامەیەکی تەواوی تیۆریک و پراتیکي حیزب ئامادە بکەن. دەستنووسە ئەڵمانییەکەی تا کانوونی دوەمی ١٨٤٨، تەواوکرا و چەند حەوتوویەک پێش شۆڕشی ٢٤ی شوباتی فەرەنسا، بۆ چاپ ڕەوانەی لەندەن کرا. وەرگێڕاوێکی فەرەنسی لە پاریس، ماوەیەک پێس ڕاپەڕینی مانگی حوزەیرانی ١٨٤٨ دەرهات. یەکەمین وەرگێڕاوی ئینگلیزي، کچێک کردی بە ناوی "هێلێن مەک فارلین" و لە ڕۆژنامەی Red Republican کە هی "جورج جولیان هارتی" بوو، سالی ١٨٥٠، لە لەندەن بڵاوبووەوە. پێشتر بە دانمارکی و بە پۆڵەندي (لەهستاني) چاپ ببوو.

تێکشکانی ڕاپەڕینی مانگی حوزەیرانی پاریس —ئەم یەکەمین شەڕە گەورەی نێوان پرۆلێتاریا و بۆرژوازي— دیسانیش بۆ ماوەیەک داخوازە کۆمەڵایەتي و سیاسییەکانی چینی کرێکاري ئەورووپای دواخست. لەودەمەوە، سەرلەنوێ، وەکوو پێش شۆڕشی شوبات، شەڕ و کێشە لە سەر دەسەڵات و سەرکردەیی، کەوتبوە نێوان تاقمە جۆراوجۆرەکانی چینی دارا. چینی کرێکار ناچاربببوو بۆ ئازادي هەڵسووڕانی سیاسي خەبات بکا و وەک بەشی توندڕەوی چینی ناونجي هەڵوێست بگرێ.

لە هەرکوێ نیشانەیەکی خەباتی بزووتنەوەی سەربەخۆی کرێکاري دەرکەوتایە، بێبەزەییانە، سەرکوت دەکرا. بۆ نموونە؛ پۆلیسی "پرووس" لە شاری "کۆڵن" شوینی کۆمیتەی ناوەندي "یەکیەتي کۆمۆنیستەکان"ی هەڵگرت و دۆزییەوە و ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە گیران و پاش هەژدە مانگ زیندان، لە ئۆکتۆبری ١٨٥٢دا، دران بە دادگا. ئەم "دادگایي کۆمۆنیستەکانی کۆڵن"ە کە مەشهوورە، لە ٤ی تشرینی یەکەمەوە تا ١٢ی تشرینی دووەمی کێشاو حەوت کەس لە گیراوەکان لەماوەی لە سێ سالەوە تا شەش ساڵ، بە زیندان لە قەڵادا، سزادران. دەس بەجێ پاش دەرچوونی ئەو حوکمە، یەکیەتیەکە لە لایەن باقی ئەندامەکانەوە بە ڕواڵەت هەڵوەشێنرایەوە؛ وەک مانیفستیش، وادیارە، لەوکاتەوە مەحکووم بووبێ بە لەبیرچوونەوە.

کاتێک، چینی کرێکاری ئەورووپا سەرلەنوێ توانای شیاوی گرتەوە کە هێرشێکی تازە بەرێتەوە سەر چینە دەسەڵاتدارەکان، کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکاران[3] بەرپابوو. بەڵام ئەم کۆمەڵەیە کە بۆ مەبەستێکی سادە و ڕاشکاو، یانی بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی هەموو هێزە خەباتکارەکانی پرۆلێتاریای ئەورووپا و ئەمەریکا پێکهاتبوو، نەیدەتوانی دەستبەجێ هەموو ئەو ئوسووڵەی لە مانیفستدا باسکرابوو، رابگەیەنێ. ئەنترناسیۆناڵ، دەبوایە بەرنامەیەکی هێند بەرین بێ کە جێی متمانەی، هەم سەندیکاکانی ئینگلیز بێ، هەم لایەنگرانی "پرۆدۆن" لە فەرەنسا و بەلجیکا و ئیتالیا و ئیسپانیا و، هەم لایەنگرانی لاساڵ[4] لە ئەڵمانیا.

مارکس کە ئەو بەرنامەیە لە ئاستی داخوازی هەموو ئەو حیزبانەدا نووسیوە، متمانەی تەواوی بە گەشە و هەڵدانی فکري چینی کرێکار کرد کە بەرهەمی بێگومانی هاوخەباتییان و بیروڕاگۆڕینەوەیان دەبوو. ئەو هەموو ڕووداوانە، ئەوهەموو هەڵچۆ و داچۆیە کە لە ڕەوتی خەباتی دژی سەرمایەدا دێتە ڕێ، تەنانەت شکستەکان زیاتر لە سەرکەوتنەکان، بە ناچار کرێکارانی لە بێسەمەربوونی ئەو ریسیپتە جۆراجۆرانەی کە وەک دەرمانی هەموو دەردێک دڵیان پێ خۆش کرد بوو، تێدەگەیاند و ڕێگای خۆش دەکرد بۆ حاڵي بوونیان لە هەلومەرجی ڕاستەقینەی ڕزگاري خۆیان.

مارکس باشی بۆچووبوو. کاتێک "ئەنترناسیوناڵ" ساڵی ١٨٧٤ تێکچوو، کرێکاران لە چاو سەرەتای پێکهاتنەکەی واتە لەچاو ساڵی ١٨٦٤، بەتەواوي گوڕدرابوون. پرۆدۆنیزم لە فەرەنسا و لاسالیانیزم لە ئەڵمانیا، خەریکبوون دەتوانەوە؛ تەنانەت سەندیکا کۆنسەرڤەتیڤەکانی[5] ئینگلیز، کە زۆربەیان دەمێک بوو پێوەندیان لە "ئەنترناسیۆنال" پساندبوو، وردەوردە، تا ئەو ڕادەیە هاتنە

---

[3]مەبەست، ئەنیرناسیۆناڵی یەکەمە (و.ک.)

[4]لاساڵ خۆی، سەبارەت بە ئێمە دەیگوت شاگردی مارکسەو بەم بۆنەوە، مانیفست بە ئەساسی بیروڕای خۆی دادەنێ؛ بەڵام، لە ڕاگەیاندنی گشتي خویدا –ساڵەکانی ٦٤-١٨٦٣- هەنگاوێک لە داخوازی کۆمەڵە کۆپراتیڤی بەرهەمهێنەری پشت بە دەوڵەت بەستوو، واوەتر نەچوو (یادداشتی ئێنگڵس).

[5]محافظەکار، پارێزکار (و.ک.).

پێش کە ساڵی پار لە "سوان سي" سەرۆکەکەیان لەلایەن ئەوانەوە بڵێ: "سوسیالیسمی قارە[6] چیدی نامانتترسێنێ". لە ڕاستیدا ئوسووڵی مانیفست جیگایەکی بەرچاوی لە نێو کرێکارانی هەموو وڵاتاندا بۆ خۆی کردبووەوە.

بەوجۆرە، مانیفست خۆیشی، هەمدیسان هاتەوەڕوو. دەقی ئەڵماني لە ساڵی ١٨٥٠ بەملاوە، چەندین جار، لە سویس و ئینگلیزو ئەمەریکا، لە چاپدراوەتەوە. ساڵی ١٨٧٢، لە نیۆیۆرک کرایە ئینگلیزي و لە ڕۆژنامەی Woodhull ans Claflin´s Weekly دا، بڵاوکرایەوە.

لە ڕوووی ئەم وەرگێڕاوە ئینگلیزییەوە کرا بە فەرەنسیش و لە ڕۆژنامەی Le Socialiste چاپی نیۆیۆرکدا بڵاوکرایەوە. لەو کاتەوە، لانی کەم، دوو وەرگێڕاوی تری ئینگلیزي —بە کەم تازۆر لادانەوە- لە ئەمەریکا بڵاوکراوەتەوە. یەکێک لەوانە، لە ئینگلیزیش چاپ کراوەتەوە. یەکەمین وەرگێڕاوی ڕووسي کە "باکوونین" کردی، دەوروبەری ساڵی ١٨٦٣ لە چاپخانەی "کۆلۆکۆڵ"ی "هێرتسن" لە جنیڤا چاپکراوە. وەرگێڕاوێکی دووهەمیش کە هی "ڤێرا زاسولیچ" ی قارەمان بوو. هەرلە جنیڤا، ساڵی ١٨٨٢ بڵاوکرایەوە.

چاپێکی تازەی بە زمانی دانمارکي لە ڕۆژنامەی Socialdemokratisk Bibliothek چاپی کۆپنهاگ ساڵی ١٨٨٥ بڵاوبووەوە؛ وەرگێڕاوێکی تازەی فەرەنسي لە Le Socialisteی پاریس، ساڵی ١٨٨٦ چاپکرا. لە ڕووی ئەمەشەوە، کرایە ئیسپاني و ساڵی ١٨٨٦ لە مەدرید بڵاو کرایەوە. چاپکرانەوەی بە ئەڵماني لە ژمارە نایەن؛ سەرجەم هیچ نەبێ، دوازدە جار بە ئەڵماني چاپکراوە. وەرگێڕاوێکی ئەرمەني کە دەبوا چەند مانگێک لەمەوپێش، لە ئیستامبول، بڵاو بێتەوە، وەک بە منیان وت، ڕووی ڕووناکي نەدی چونکوو بڵاووکەرەوەکە نەیوێراوە کتێبێک چاپ بکا کە نێوی مارکس بە سەریەوە بێ! وەرگێڕیش ملی بەوە نەداوە کە بە بەرهەمی خۆی دابنێ.

سەبارەت بە وەرگێڕاوی تریش بە زمانەکانی تر هەندێک شتم بیستوون بەڵام نەمدیون. بەمجۆرە، بەسەرهاتی مانیفست، بەڕادەیەکی زۆر مێژوولکەی چینی کرێکاری مۆدێرن لە خۆیدا دەنوێنێتەوە. حاڵی حازر، ئەم کتێبە لە نێو هەموو نووسراوەکانی ئەدەبیاتی سۆسیالیستي دا، بێگومان باوترین و نێونەتەوەییترینیانە. بەرنامەیەکی هاوبەشە کە بەملیون کرێکار، لە سیبریاوە هەتا کالیفۆرنیا قبووڵیان کردووە.

**سەرەڕای ئەمە، کاتێک دەنووسرا، نەماندەتوانی نێوی بنێین مانیفستی سوسیالیستي. سۆسیالیست، لە ساڵی ١٨٤٧دا مانای ئەوکەسانە بوو کە لە لایەکەوە لایەنگری سیستمە جۆراوجۆرە خەیاڵییەکان بوون** (لایەنگرانی "ئۆئێن" لە ئینگلستان، لایەنگرانی "فوریە" لە فەرەنسا کە هەردوولا ببوونە تاقمی بچکۆلە و وردەوردە لە توانەوە بوون) **لە لایەکیتریشەوە، سۆسیالیست، بە چاوبەسکەرانی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتي دەوێژرا کە وادەیان دەدا کە هەموو جۆرە مەینەت و کوێرەوەرییەکی کۆمەڵایەتي بە پینەوپەڕۆ و لەحیمکاري چارەسەرکەن، بێئەوەی هیچ مەترسییەک بۆ سەرمایەو سوود بێتە پێش! لە هەردووحاڵیشدا، کەسانێک بوون لە دەرەوەی چینی کرێکاردا کە زیاتر، چاوەڕواني یارمەتییان لە چین و توێژە خوێندەوارەکان بوو. ئەو بەشە لە چینی کرێکار کە دڵنیا ببوو ئاڵوگۆڕی سیاسي بە تەنیا، ڕەسایي ناکا و باسی پێویست بوونی ئاڵوگۆڕی سەرتاپای کۆمەڵگای دەکرد بەخۆی دەوت کۆمۆنیست.**

ئەوە کومونیزمێکی کاڵ و خاو، خەشیم، ناکۆلۆکارو یەکسەرە غەریزي بوو. بەو حاڵەش، خەریک بوو دەستی بە خاڵە ئەساسییەکان بگا و هێندە لە نێو چینی کرێکار بەهێزببوو کە "کومونیزمی خەیاڵي" "کابە" لە فەرەنسا و "ویتلینگ" لە ئەڵمانیا، بەرهەم بێنێ. بەمجۆرە، "سۆسیالیسم" لە ساڵی ١٨٤٧دا بزووتنەوەیەکی چینی ناونجي بوو و کومونیزم بزووتنەوەیەکی چینی کرێکار. سۆسیالیزم، هیچ نەبێ لە قارەدا، "موحتەرەم" بوو؛ بەڵام کومونیزم، تەواو بە پێچەوانە! لە بەرئەوەش کە بۆ چوونی ئێمە، هەر لە سەرەتای کارەوە، ئەوەبوو کە "ڕزگاري چینی کرێکار تەنیا بە کردەوەی خۆی دێتەدی"، هیچ جێگای گومان نەدەمایەوە کە لەو دوو نێوە دەبێ کامەیان هەڵبژێرین. پاش ئەوەش، هەرگیز بە خەیاڵماندا نەهات کە لەم نێوە پاشگەز بینەوە.

مانیفست، بەرهەمی کاری هاوبەشمانە؛ بەڵام، من خۆم بە پێویستی دەزانم بڵێم: ئەو ئەسڵە بنەڕەتییە کە کاکڵی کتێبەکە پێکدێنێ، هی مارکسە. (بڕوانە پێشەکي پێشوو: "ئەو بیرە بنچینەییە کە سەراسەری مانیفست لێکهەڵدەپێکێ... " )

لە پێش-وتاری هاوبەشمان کە بۆ چاپێ ئەڵماني ساڵی ١٨٧٢ نووسیومانە، ئەمەی خوارەوە دێنمەوە:

---

[6] مەبەست لە قارە، وڵاتانی ئەورووپایە جگە لە دوورگەی ئینگلستان. (و.ک.)

(بڕوانە پێش-وتاری چاپی ئەڵماني ١٨٧٢: "هەرچەند لەم بیست و پێنج ساڵەی دواییدا...")

ئەم وەرگێڕاوە حازرییە، ئاغای "سامۆیل مۆر" کردوویەتی کە خۆی وەرگێڕی بەشی زۆری "کاپیتاڵ"ی مارکس بووە. من و ئەو پیکەوە، پێیدا چووینەوە و من چەند ڕوونکردنەوەیەکم لێ زیاد کردوە کە باری مێژوویی هەیە.

فریدریک ئینگلس

لەندەن؛ ٣٠/١/ ١٨٨٨

**پێشەکی بۆ چاپی ئەڵمانی ساڵی ١٨٩٠**

پاش چاپی ئەڵماني ١٨٨٣ جارێکيتر پێويستي چاپکردنەوەی مانيفست بە زمانی ئەڵماني هاتوەتەوە پێش؛ گەلێک بەسەرهاتيش بەسەر مانيفستدا هاتووە کە جێگای خۆيەتی لێرەدا باسبکرێ.

دووهەمين وەرگێڕاوی ڕووسی (هی ڤێرا زاسوولیچ) ساڵی ١٨٨٢ لە جنيڤا بڵاوبووەوە. پێشگوتاری ئەو چاپە، خۆم و مارکس نووسيبوومان. بەداخەوە، دەستنووسە ئەڵمانيەکەی نەماوە هەربۆيەش من دەبێ ديسان لە رووسييەوە، وەريگێڕمەوە کە ديارە وەک ئەسڵەکەی نايەتەوە. ئەو پيشگوتارە دەڵی: (بڕوانە پێشەکي بۆ چاپی رووسي ساڵی ١٨٨٢ " بێينەسەر باسی رووسيا: بەدرێژايي شورشی...").

هەر لەو سەردەمەدا، وەرگێڕاوێکی تازەی پۆڵەندي (لەهستاني)، لە جنيڤا "Manifest Kommunistyczny".
پاش ئەوەش، وەرگێڕاوێکی تازەی دانمارکي بڵاوبوەوە: “ Socialdemokratisk Bibliothek; Kjobenhavn 1885”. بە داخەوە، ئەم وەرگێڕاوە، ناتەواوەو هەندێک لە بەشە ئەساسييەکانی واديارە لەبەر وەرگێڕ گران بووە و بوێردراوە! لە چاپيش لێرەولەوێ نيشانەی کەمتەرخەمي پێوە ديارە. ئەمە، لەوبابەتەوە زياتر جێگای جەخارە کە بەوکارەدا کە بۆی کراوە، بە ئاساني ديارە کە ئەگەر وەرگێڕ هەندێک زياتر وردبوايەتەوە، دەيتوانی بەرهەمێکی سەرکەوتوو بدا بەدەستەوە.

وەرگێڕاوێکی تازەی فەرەنسي، ساڵی ١٨٨٥ لە ڕۆژنامەی LeSocialisteی پاريس، بڵاوکرايەوە کە تا ئێستا، لە هەموو وەرگێڕاوە فەرەنسيەکان باشترە.

لەڕووی ئەمەوە، دواتر هەر ئەو ساڵە، بە زمانی ئيسپاني، وەرگێڕاوێک بڵاوکرايەوە کە سەرەتا لە ڕۆژنامەی El Socialista چاپی مەدريد و پاشان وەکوو ناميلکەيەکی جياواز: Manufesto del Partido Comunista, por Carlos Marz y F Engels. Madrid. Adminstracion de El Socialista. Hernan Cortes 8. چاپکرا.

ئەم قسەيەش بۆ گێڕانەوە خۆشە کە لە ساڵی ١٨٨٧دا دەستنووسی وەرگێڕاوێکی ئەرمەني مانيفست، درا بە بڵاوکەرەوەيەک لە ئيستانبول بۆ چاپ؛ بەڵام ئەو بەستەزمانە نەيوێرابوو کتێبێک چاپ بکا کە ناوی مارکسی بە سەرەوە بوو؛ بۆيە پێشنياريکردبوو کە وەرگێڕ نێوی خۆی، وەک نووسەر، بهێنێ بەڵام وەرگێڕ ملی بەوە نەدابوو.

لە ئينگليز، پاش ئەوەی چەندجار وەرگێڕاوی ئەمەريکي، کەم تازۆر باوەڕپێنەکراو چاپکرانەوە، ئاخری، لە ساڵی ١٨٨٨دا وەرگێڕاوێکی باوەڕپێکراو بڵاوکرايەوە. ئەم وەرگێڕاوە، کردەی دۆستی من "سامۆئێل مۆر" بوو کە هەردووکمان، پێش ناردنی بۆ چاپ، چاومان پێداگێڕايەوە. نێونيشانەکەی ئاوايە:

Manifesto of the Communist Party, by Karl Marx and Fredrik Engels. Authorized English Translation edited annotated by Fredrik Engels. 1888 London, William Reeves. 185 Fleet st E.C. هەندێک لەو تێبينيانە کە لەو چاپەم نووسيووە، لەم چاپەشدا هێناومە.

مانيفست خۆی، مێژوويەکی هەيە. کاتێک بڵاوکرايەوە، لەلايەن پێشەنگانی سۆسياليزمی زانستييەوە کە ئەوکات ژمارەيان يەکجار کەم بوو، پێشوازييەکی گەرموگوڕی لێکرا (لەو هەموو وەرگێڕانەش کە لە پێشگوتاری يەکەمدا نێوبراون، ئەمە دەردەکەوێ). بەڵام زۆر زوو، بە کۆنەپەرستييەک کە پاش شکستی کرێکارانی پاريس، حوزەيرانی ١٨٤٨ سەريهەڵدا، پاشەکشەی پێکرا. سەرەنجاميش، بە شوێن مەحکوومبوونی کۆمۆنيستە کۆڵنييەکاندا، تشرينی دووەمی ١٨٥٢ نەم کتێبەش "بەگوێرەی قانوون" قەدەغەکرا. کاتێک بزووتنەوە کرێکارييەکە کە بە شوڕشی شوبات دەستی پێکردبوو، لە مەيدانی کۆمەڵايەتي ون بوو، مانيفستيش کەوتە تاقی فەرامۆشييەوە.

کاتێکيش چينی کرێکاری ئەورووپا، هەمديسان ئەوەندە بووژايەوە کە بتوانێ هێرشێکی تازەتر بەرێتە سەر دەسەڵاتی چينی باندەست، کۆمەڵەی نێونەتەوەيي کرێکاران (ئەنترناسيۆناڵ) پێکهات. ئامانجی ئەنترناسيۆناڵ ئەوەبوو کە بە لێکهەڵپێکانی هەموو چينی کرێکاری خەباتکاری ئەورووپا و ئەمەريکا، لەشکرێکی گەورەو گران پێکبێنێ. هەر بۆيەش، ئەوکات، نەيدەتوانی ڕاستەوخۆ لەو ئەسڵانەوە دەستپێبکا کە لە مانيفستدا باسکرابوون.

پێویست بوو بەرنامەیەکی هەبێ کە دەرگا لە ڕووی سەندیکا ئینگلیزییەکان و پرۆدۆنیستەکانی فەرەنسا و بەلجیکا و ئیتالیا و ئیسپانیاو لاساڵیەکانی[7] ئەڵمانیا، پێوەنەدا. مارکس، ئەم بەرنامەیە (سەرەتای ئەساسنامەی ئەنترناسیۆنال) هێندە کارزانانە نووسی کە تەنانەت باکونین و ئانارشیستەکانیش دانیان پیانا.

بۆ مسۆگەرکردنی ئەوپەڕی سەرکەوتن بۆ ئەو بیروبۆچوونانەی لە مانیفستدا هاتبوو، مارکس هەرپشتی بە هەڵدانی ڕۆشنبیري چینی کرێکار بەستبوو؛ ئەو هەڵدانەی کە سەرەنجامی بێگومانی خەبات و ئاخاڤتنی هاوبەشیان دەبوو.

ڕووداوەکان و هەڵچۆ و داچۆکانی خەبات دژی سەرمایە، شکستەکان، تەنانەت زیاتر لە سەرکەوتنەکان، بێگومان لە خەباتکارانی ڕوون دەکردەوە کە ئەو ریسیپتە جۆربەجۆرانەی بە دەرمانی هەموو دەردێکیان دەزانین، چەندە بێ بایەخ بوون؛ مێشکیشیانی ئامادەتر دەکرد بۆ تێگەیشتن لە هەلومەرجی ڕاستەقینەی ڕزگاري چینی کرێکار.

مارکس باشی بۆچووبوو. چینی کرێکاری ساڵی ١٨٧٤، کاتی تێکچوونی ئەنترناسیۆناڵ، تەواو جیاواز بوو لەچاو ساڵی ١٨٦٤؛ کاتی پێکهاتنەکەی. پرۆدۆنیزمی وڵاتانی لاتین و لاساڵیانیزمی تایبەت بە ئەڵمانیا لە سەرەمەرگدا بوون. تەنانەت ترەیدیونیونە ئینگلیزییە هەرە کۆنسەرڤەتیڤەکان، وردەوردە، لەوە نزیک بوونەوە کە ساڵی ١٨٨٧ سەرۆکی کۆنگرەکەیان لە "سوان سي"، لە لایەن ئەوانەوە وتی: "سۆسیالیزمی قارە، چیدی، ترس و خۆفێکی بۆ ئێمە نەماوە".

لە کاتێکا، ساڵی ١٨٨٧ "سۆسیالیزمی قارە" کەم تا زۆر، هەر ئەو تیۆرییە بووکە لە مانیفستدا هاتبوو. بەمجۆرە، مێژووی مانیفست بەشێک لە مێژووی بزووتنەوەی چینی کرێکاری مۆدێرن، لە ساڵی ١٨٤٨ بەملاوە، لە خۆیدا دەنوێنێ. ئێستاش، بێگومان، باوترین و نێونەتەوەییترین نووسراوەیە لە نێو ئەدەبیاتی سۆسیالیستیدا و بەرنامەی هاوبەشی بەملیون کرێکاری هەموو وڵاتانە، لە سیبێریاوە هەتا کالیفۆرنیا.

سەرەڕای ئەمە، (بڕوانە پێشەکي چاپی ١٨٨٨ کە ئەم برگەیە لەوێشدا هاتووە: سەرەڕای ئەمە، کاتێک دەنووسرا، نەماندەتوانی ناوی بنێین مانیفستی سوسیالیستي... )

"کرێکارانی هەموو وڵاتان، یەکگرن!" کاتێک ئێمە چل و دوو ساڵ لەمەوبەر، لە بەرەبەیانی شۆڕشی پاریسدا، یەکەمین شۆڕشێک کە پرۆلێتەرەکان، بە داخوازي تایبەت-بە-خۆوە هاتنە مەیدان، ئەم بانگەوازەمان بە جیهان دا، تەنیا چەند دەنگێک بە دەنگمانەوە هاتن. بەڵام ٢٨ی ئەیلوولی ١٨٦٤ کرێکارانی زۆربەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژاوا لە "کۆمەڵەی نێونەتەوەیي کرێکاران" (ئەنترناسیۆناڵی یەکەم)دا کە بیرەوەرییەکەی بەردەوام پرشانازییە، یەکیان گرت.

ڕاستە ئەنترناسیۆناڵ خۆی، تەنیا ٩ ساڵ ژیا بەڵام یەکگرتوویی هەتاهەتایی پرۆلێتێاریای هەموو وڵاتان کە ئەنترناسیۆناڵ دایڕشتووە، لە هەمیشە زیندووترە. بارودۆخی ئێستا، خۆی باشترین بەڵگەی ئەم ڕاستییەیە. چونکوو ئەمڕۆ کە من ئەم دێڕانە ئەنووسم، پرۆلێتێاریای ئەورووپا و ئەمەریکا، چاو بە هێزە جەنگاوەرەکانی خۆیدا دەگێڕێتەوە کە بۆ یەکەمجار، وەکوو یەک لەشکر ڕیزیان پێکاوە و لە ژێر یەک ئاڵا و بۆ یەک ئامانجی نزیک خەبات دەکەن: بۆ ئامانجی جێ خستن و بە یاسایي کردنی ڕۆژکاری هەشت سەعاتە؛ وەک لە کونگرەی ئەنترناسیۆناڵ، ساڵی ١٨٦٦ لە جنیڤا و هەمدیسان لە کۆنگرەی کرێکارانی پاریسدا، ساڵی ١٨٨٩ ڕاگەیەندرا.

دیمەنی ئەمڕۆ، ئەو ڕاستییە بە سەرمایەداران و مالیکانی هەموو وڵاتان دەسەلمێنێ کە ئەمڕۆ پرۆلێتاریای هەموو وڵاتان، بە ڕاستي یەکیان گرتووە.

بریا، ئێستا مارکس لای من بوایەو ئەم دیمەنەی بە چاوی خۆی دیبایە.

ف ئێنگلس

لەندەن؛ یەکی ئەیاری ١٨٩٠

---

[7] لاساڵ خۆی، سەبارەت بە ئێمە هەمیشە خۆی بە شاگردی مارکس دادەناو بەو پێیە، دیارە، لایەنگری مانیفست بوو؛ بەڵام، لەگەل ئەو لایەنگرانەی لاساڵ کە داخوازیان، لە پێکهێنانی کۆمەڵە کۆپراتیڤە پشت بە دەوڵەت بەستووەکان، هەنگاوێک واوەتر نەدەچوو، مەسەلەکە جۆرێکی تر بو: دابەشکردنی چینی کرێکار بە لایەنگرانی پشت بەستن بە دەوڵەت و لایەنگرانی پشت بەستن بەخۆ.
(تێبینی ئێنگلس)

**پێشەکي بۆ چاپی پۆڵەندي (لەهستاني) ساڵی ١٨٩٢**

هەرئەم ڕاستییە کە پێویستي چاپێکی نوێ لە مانیفستی کۆمۆنیست بە زمانی پۆڵەندي هاتوەتە پێش، خۆی ڕێگا دەکاتەوە کە چەند دەرەنجامێک بەر چاو بخرێ:

پێش هەموو شتێک شایانی باسە کە مانیفست، لەم دواییانەدا، لە هەر شوێنێکی ئەورووپا بووبێ، نیشاندەرێکی هەڵدانی پیشەسازي گەورە بووە. هەرچەندە، لە وڵاتێکی دیاریکراودا، پیشەسازي گەورە پەرەی گرتبێ، لە نێوکرێکارانی ئەو وڵاتەدا، مەیلی ئاگاداربوون لە بارودۆخی خۆیان، وەکوو چینی کرێکار بەرانبەر بە چینە داراکان، بەهێزتر دەبێ؛ بزووتنەوەی سۆسیالیستي لە نێویاندا پەرە دەگرێ و داخوازي بۆ مانیفستیش زیاد دەکا.

بۆیە، لەڕووی ئەوەوە کە چەند کۆپی لە مانیفست بە زمانی وڵاتێک بڵاو بووەتەوە، دەکرێ بە شێوەیەکی تاڕادەیەک دروست، نەک هەر بزووتنەوەی کرێکاري، بەڵکوو پلەی هەڵدانی پیشەسازي گەورەش لەو وڵاتە دیاری بکەی.

بەم پێیە، چاپی تازەی مانیفست بە زمانی پۆڵەندی، نیشانەی پێشکەوتنی بەرچاوی پیشەسازیشە لەو وڵاتە. ئاشکراشە کە ئەم هەڵدانە، لە بڵاوبوونەوەی چاپی دە ساڵ لەوە پێشی ئەم کتێبەوە سەقامگیر بووە. پۆڵەندی ڕووسیا، پۆڵەندی کۆنگرەیی، بوەتە مەڵبەندێکی گەورەوگرینگی پێشەسازي ئیمپراتۆري رووسیا.

لە کاتێکا پیشەسازییە گەورەکانی ڕووسیا، لەم لاولا پەرشوبڵاون - بەشێک لە کەنداوی فینلەندە، بەشێکیتری لە ناوەوە (مۆسکۆ، ڤلادیمیر) بەشی سێهەم لە کەنارەکانی دەریای ڕەش و دەریای ئازۆفە و باقیش لە شوێنەکانیترن- سەنعەتی پۆڵەند، لە مەڵبەندێکی هەندێک بەرتەسکدا کۆ بووەتەوە و لە سوود و زیانی ئەم کۆمابوونە بەهرەمەندە.

کارخانەدارانی نەیاری ڕووسي، فایدەکانی ئەم کۆمابوونەیان زانی، بۆیە سەرەڕای شەوق و تامەزرۆییان بۆ بەڕووسیکردنی پۆڵەند، داوایان کرد، باج و خەراجی گۆمرکي، دژی پۆلەند دابنرێ. زیانەکانی ئەم کۆمابوونە، بۆ خاوەن پیشەسازییەکانی پۆڵەند و دەسەڵاتی ڕووسیا، بریتییە لەوەی کە بیروباوەڕی سۆسیالیستي لە نێو کرێکارانی پۆڵەنددا بە خێرایی گەشەدەکا و داخوازي بۆ مانیفست ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر دەبێ.

بەڵام هەڵدانی بەخێرای پیشەسازي پۆڵەند کە لە پیشەسازي ڕووسیاش کەوتووەتە پێش، بەش بە حاڵی خۆی، نیشانەیەکی نوێیە لە تەوژمی گەشەی بێبڕانەوەی خەڵکی پۆڵەند و خۆی، زامنێکی تازەشە بۆ بووژانەوەی نەتەوەیي سبەی ڕۆژی پۆڵەند.

ژیاندنەوەی پۆڵەندێکی بەهێزو سەربەخۆش مەبەستێکە کە پێوندي، نەک هەر بە پۆڵەندییەکانەوە بەڵکوو بە هەموومانەوە هەیە. هاوکاري پڕبەدڵی نەتەوەکانی ئەورووپا، لە مەیدانی جیهانیدا، تەنیا کاتێک دەست دەدا کە هەرکامە لەم نەتەوانە، لەماڵی خۆیاندا، بە تەواوي خۆ-بەڕێوەبەر بن.

شوڕشی ١٨٤٨ لە ژێر ئاڵای پرۆلێتاریادا، پاش ئەو هەموو خەباتە، هەر ئەوەندە ڕیگای بە جەنگاوەرانی پرۆلێتاریا دا کە کاری ناتەواوی بۆرژوازي تەواو بکەن. هەروەها، سەربەخۆیی ئیتالیا و ئەڵمانیا و مەجار (هەنگاریا)یان جێبەجێ کرد وەک بڵێی بەڕێوەبەرانی وەسیەتەکانی لووئی بۆناپارت و بیسمارک بن! بەڵام سەبارەت بە پۆڵەند کە لە ساڵی ١٧٩٢ بەملاوە زیاترلە سەرجەمی ئەو سێ وڵاتە، کاری بۆ شۆڕش کردبوو، کاتێک ١٨٦٣ لەبەر هێرشی هێزە دە-هێندە زیاترەکانی ڕووسیادا زەلیل ببوو، بەتاق کەوتەوە!

نەجیبزادەکان نەیانتوانی، نە سەربەخۆیی پۆڵەند بپارێزن نە دواییش بەدەستي بێننەوە. ئەمڕۆ، لای بۆرژوازي ئەم سەربەخۆییە بایەخێکی وای نیە هەرچەند ئەمە بۆ هاوکاري و هاوئاهەنگي نەتەوەکانی ئەورووپا پێویستە. ئەم کارەش، تەنیا بە دەستی پرولێتاریای تازەپێگەیشتووی پۆڵەند بەدی دێ و لە دەستی ئەودا پارێزراو دەبێ؛ چونکوو کرێکارانی باقی ئەورووپا، ڕێک بە قەد کرێکارانی پۆڵەند خۆیان، پێویستییان بە سەربەخۆیي پۆڵەندە.

ف- ئێگڵس

لەندەن- ١٠ی شوباتی ١٨٩٢

**پێشەکي بۆ چاپی ئیتالي ساڵی ١٨٩٣**

**بۆ خوێنەری ئیتالي**

مانیفستی کۆمۆنیست، ١٨ی ئازاری ١٨٤٨، با بڵێین هاوکات لەگەڵ شۆڕشەکانی میلان و بەرلین، بڵاو بووەوە کە ڕاپەڕینی چەکدارانەی دوو نەتەوەی ناوەندي بوون؛ یەکیان لە ناوەندی ئەورووپادا و ئەویان لە ناوەندی وڵاتانی دەریای ناوەڕاستدا؛ دوو نەتەوە، کە تا ئەودەم، بە هۆی تەفرەقە و کێشەی نێوخۆییەوە، کز ببوون و هەر بۆیەش کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی بێگانە.

کاتێک ئیتالیا کەوتبووە ژێردەستی ئیمپراتووري نەمسا (ئوتریش) ئەڵمانیاش ببوو بە ژێر کۆت وبەندێکەوە هەرچەند ناڕاستەوخۆتر، بەڵام لەو سووکتر نەبوو: کۆت وبەندی دەسەڵاتی تزاري ڕووسیا. دوامانی ڕووداوەکانی ١٨ی ئازاری ١٨٤٨، ئیتالیا و ئەڵمانیای لەم شەرمەزارییە ڕزگار کرد. ئەگەر لە ساڵەکانی ١٨٤٨ تا ١٨٧١دا، ئەم دوو نەتەوەیە لە سەر پێی خۆ ڕاوەستابوون و سەربەخۆیی هەرکامەیان، بەجۆرێک، دامەزرابوو، بۆیەبوو کە کارل مارکس وتەنی: ئەوانەی شۆڕشی ١٨٤٨یان سەرکوت کرد، بە پێچەوانەی ویستی خۆیان، بوونە بەڕێوەبەرانی وەسیەتەکانی ئەو شۆڕشە.

لە هەموو لایەک، ئەو شۆڕشە، چینی کرێکار کردی کە سەنگەرەکانی، هەتا ئاخربەردەوام بوون و گیانبازي بۆکردن. لەم نێوەدا، هەر تەنیا کرێکارانی پاریس بوون کە مەبەستیان لە ڕووخاندنی دەسەڵات، بەڕوون و ڕاشکاوي، ڕووخاندنی ڕژیمی سەرمایەداري بوو. سەرەڕای ئاگاداري ئەوانیش لەوەی کە ناتەبایي نێوان چینی خویان و بۆرژوازي چارهەڵنەگرە، هێشتا، نە هەڵدانی ئابووري وڵات و نە هەڵدانی ڕۆشنبیري جەماوەری کرێکارانی فەرەنسا، هیچکام نەگەیشتبوە ئەو ڕادەیە کە نوێکردنەوەی نیزامی کۆمەڵایەتي مسۆگەر بکا.

دوایین لێکۆڵینەوەش دەریدەخا کە هەربەم بۆنەشەوە چینی سەرمایەدار، ئاخری، میوەکانی شۆڕشی چنیەوە. لە وڵاتانی دی وەکوو ئیتالیا، ئەڵمانیا و نەمسا، کرێکاران هەر لە بنەڕەتەوە، جگە لە بەرزکردنەوەی بۆرژوازي بۆ دەسەڵات، هیچیان نەکرد. بەڵام لە هیچ وڵاتێک، دەسەڵاتی بۆرژوازي، بە بێ سەربەخۆیي نەتەوەیي دەست نادا. بۆیە، شۆرشی ١٨٤٨ دەبوا یەکیەتي و سەربەخۆیي ئەو نەتەوانەی لەگەڵ خۆ هێنابا کە تا ئەودەم ئەوانەیان نەبوو: نەتەوەکانی ئیتالیا، ئەڵمانیا، مەجار، ئێستاش نۆرەی پۆڵەندە.

بەمجۆرە، شۆرشی ١٨٤٨، ئەگەر شۆڕشێکی سۆسیالیستیش نەبوو، ڕێگای بۆ ئەو شۆڕشە خۆش کرد و زەمینەی بۆ ئامادە کرد. بە گەشەدان بە پیشەسازي گەورە لە هەموو وڵاتاندا، نیزامی بۆرژوازي، لە ماوەی ئەم چل و پێنج ساڵەی دواییدا، لە گشت لا چینی کرێکارێکی پڕ ئەژمارو کۆوەبووی بەهێزی پێکهێناوە. بەم جۆرە، با لە زمانی مانیفستەوە بڵێین: گۆڕ-هەڵکەنانی خۆی، هێناوەتە بوون.

بێ دابین کردنی سەربەخۆیي و یەکیەتي بۆ هەر نەتەوەیەک، نە یەکیەتي نێونەتەوەیي چینی کرێکار دەست دەداو نە هاوکاریکردنی هێمنانەو وشیارانەی ئەم نەتەوانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانیان دێتەدی؛ هەر سەیری هاوکاري هاوبەش و نێونەتەوەیي کرێکارانی ئیتالیا و مەجار و ئەڵمانیا و پۆڵەند و ڕووسیا، لە بارودۆخی پێش ١٨٤٨دا بکەن.

کەوایە، نە شەڕەکانی ١٨٤٨ بە فیرۆ چوون، نە ئەم چل و پێنج ساڵەش کە لەو دەورانە شۆڕشگێڕانەیە تێپەڕ بووە، بێ سەمەر بووە. میوەکانی خەریکن دەگەن و من بەهیوام بڵاو بوونەوەی ئەم وەرگێڕاوە ئیتالیاییە، مژدەبەخشی پێوقەدەمخێري سەرکەوتنی پرۆلێتاریای ئیتالیا بێ؛ وەک چۆن بڵاو بوونەوەی ئەسڵی کتێبەکە، مژدەبەخشی شۆڕشی ئەنترناسیۆنالیستي بوو.

مانیفست، بەو پەڕی ئینسافەوە، باسی دەوری شۆڕشگێڕانەی سەرمایەداري لە ڕابوردوودا، کردووە. یەکەمین نەتەوەی کاپیتالیست، ئیتالیا بوو. کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستی فێئۆداڵي و دەسپێکردنی سەردەمی نوێی سەرمایەداري، لە لایەن ڕوخسارێکی شکۆدارەوە ڕاگەیەندرا: ئیتالییەک بە ناوی "دانتە" کە ئاخرین شاعیری سەدەکانی ناوەڕاستە و یەکەمین شاعیری دەورانی نوێشە. ئێستاش، هەر وەک سەدەی ١٣٠٠، خەریکە قۆناغێکی مێژویي نوێ دەسپێدەکا. ئاخۆ ئیتالیا "دانتە"یەکی دیکەمان پێ دەبەخشێ کە کات و ساتی هاتنە بوونی ئەم سەردەمە مۆدێرنەی پرۆلێتاریا، ڕابگەیەنێ؟

فریدریک ئینگڵس

لەندەن- یەکی شوباتی ١٨٩٣

(وینەی بەرگی مانیفست، لێرەدا دێ)

(لە ژێر وێنەکەدا دەنووسرێ:)

**وێنەی بەرگی مانیفستی کۆمۆنیست، چاپی ١٨٤٨**

**مانیفستی حزبی کۆمۆنیست**

**سەرەتا**

تارمایییەک لە ئەورووپادا دێت و دەچێ؛ تارمایي کۆمۆنیزم! هەموو هێزەکانی ئەورووپای کۆن لە پەیمانێکی پیرۆزدا پێکهاتوون کە ئەم تارمایییە دوورخەنەوە: پاپ و تزار، میترنیخ و گیزۆ، ڕادیکاڵە فەرەنسییەکان و پۆلیسی نهێني ئەڵمانیا.

لە کوێ حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆن هەیە کە موخالیفە لەسەرحوکمەکانی، لاتاوی کۆمۆنیستیان لێنەدابێ؟ لە کوێ حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆن هەیە کە تۆمەتی کۆمۆنیزمی نەکوتابێتەوە بە نێوچاوانی حیزبی ئۆپۆزیسیۆنی لە خۆی پێشرەوتر، یان نەیارانی کۆنەپەرستی خۆیدا؟

لەم ڕاستییە دوو دەرەنجام دێتە دەست:

1- کۆمۆنیزم، حاڵی حازر، لە لایەن هەموو هێزە ئەورووپاییەکانەوە، وەک هێز ناسراوە.

2- ئێستا ئیتر وەختیەتی کە کۆمۆنیستەکان، بە ڕاشکاوي و لە ڕووی هەموو جیهاندا، بیروڕاکانیان، مەبەستەکانیان و بۆچوونەکانیان، ڕابگەیەنن و بە مانیفستێکی حیزبەکە خۆی، بەگژ ئەم ئەفسانەیەدا بچنەوە کە سەبارەت بە تارمایي کۆمۆنیزم هەیە.

بۆ ئەم مەبەستە، کۆمۆنیستەکان، لە نەتەوەی جۆربەجۆر، لە لەندەن کۆ بوونەوە و گەڵاڵەی ئەم بەیاننامی خوارەوەیان داڕشت کە بە زمانی ئینگلیزي، فەرەنسي، ئەڵماني، ئیتالي، فلاماندي و دانمارکي بڵاو بکرێتەوە.

**I**

## بۆرژواكان و پرۆلێتەرەكان[8]

**مێژووی هەرچی كۆمەڵی تا ئێستا[9] بووە ، بریتییە لە مێژووی كێشە چینایەتییەكان.**

ئازاد و كۆیلە، پاتریسیەن[10] و پلەبیەن، ئاغاو ڕەعیەت، وەستا [11]و شاگرد؛ بەكورتي بڵێین زۆردار و زۆرلێكراو، هەمیشەودایم، دژی یەكتر لە ناكۆكیدا بوون؛ بەربەرەكانێیەكی بێبڕانەوەی دەمێك بە ئاشكرا و دەمێك بە نهێني؛ شەڕێك كە هەرجارە، یان كێشاویەتە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی سەرتاپای كۆمەڵ، یان كێشاویەتە فەوتانی هەردوو چینی دژ بەیەكتر.

لە چەرخەكانی سەرەتای مێژوودا، كەم تا زۆر لە هەموو شوێنێك، دابەشبوونی كۆمەڵ بە دەستە و تاقمی جۆراوجۆر و پلەی جۆراوجۆری ڕیزی كۆمەڵایەتي دەبینین. لە ڕۆمی كۆندا، پاتریسیەن هەبوون، سوارچاك هەبوون، پلەبیەن و كۆیلەش هەبوون. لە سەدەكانی ناوەڕاستدا، خاوەن موڵكی فیئۆداڵ، خاوەن موڵكی ورد (واسال)، وەستاكار، شاگرد و ڕەعیەت هەبوون؛ ئەڵبەت لە نێو هەموو ئەمانەشدا، دیسان پلەوپایەی خواروژوور هەبوون.

كۆمەڵگای مۆدێرنی بۆرژوایی كە لە جەرگەی فەوتانی كۆمەڵگای فیئۆداڵییەوە سەری هەڵداوە ، ناكۆكي چینایەتي لەناونەبردوە بەڵكوو چەند چینی تازەی كۆمەڵایەتي و هەلومەرجي نوێی چەوساندنەوە و زەخت و زۆر و شێوەی نوێی خەباتی ناوەتە جێی ئەوانی كۆن.

**بەڵام سەردەمی ئێمە — سەردەمی بۆرژوازي — تایبەتمەندییەكی هەیە: ناتەبابیە چینایەتیەكانی سادە و ڕۆشن كردوەتەوە. سەرتاپای كۆمەڵ، هەتادێ زیاترو زیاتر دابەشدەبێ بە دوو بەرەی گەورەی دژ بەیەك؛ بە دوو چینی گەورە كە ڕاستەوخۆ بەرانبەر یەكتر ڕاوەستاون: بۆرژوازي و پرۆلێتاریا.**

لە ڕەعیەتەكانی سەدەكانی ناوەڕاست، خەڵكی ئازادی شارە قەدیمییەكان پەیدا بوون. لە نێو ئەم شارنشینانەوە یەكەمین بنەماكانی بۆرژوازي سەریان هەڵداو باڵایان كرد.

ڕێبردنەسەر ئەمەریكا و ڕێگای دەریایي دەوری ئافریقا، دەرەتانێكی نوێی كردەوە بۆ سەرمایەداري ڕوو لە هەڵدان. بازاڕەكانی هیندی ڕۆژهەڵات و چین، بە كۆڵۆني كردنی ئەمەریكا، بازرگاني لە گەڵ كۆڵۆنییەكان، زیاتر بوونی ئامرازی بازرگاني و گۆڕینەوە و بەگشتي، زۆربوونی كووتاڵ تەكانێكی وای بە بازرگاني و سەفەری دەریایي و پیشەسازي دا كە تا ئەوكات بێوێنە بوو. بەم پێیەش، بووە هۆی هەڵدانی خێراتری بنچینە شۆڕشگێڕ و ئاڵوگۆڕپەبەخشەكانی كۆمەڵی ڕوو لە فەوتانی فیئۆداڵي.

سیستێمی فیئۆداڵي پیشەسازي، كە تێیدا بەرهەمهێنانی پیشەسازي هەر لە دەستی بەستێن[12]ە دەرگاداخراوەكاندا بوو، ئێستا ئیتر ڕەسایي داخوازي هەردەمپەرەگری بازاڕە تازەكانی نەدەكرد. سیستێمی مانوفاكتوري هات و جێگای گرتەوە. وەستاكارەكان، لە

---

[8] مەبەست لە بۆرژوازي، چینی سەرمایەداری مۆدێرنە؛ خاوەندانی كەرەسەی بەرهەمهێنانی كۆمەڵایەتي و بەكرێگیرانی كاری كرێگرتە؛ مەبەست لە پرۆلێتاریاش، چینی مۆدێرنی كرێگرتەیە كە خاوەنی هیچ كەرەسەیەكی بەرهەمهێنان نین و ناچارن هێزی كاری خۆیان بفرۆشن بۆ ئەوەی بژین.

[9] مەبەست، بە واتایەكی ڕوونتر، هەموو مێژووی نووسراوە. ساڵی ١٨٤٧، پێش-مێژووی كۆمەڵ (ئەو پێكهاتە كۆمەڵایەتییانەێ پێشتر لە مێژووی نووسراو هەبووە) هێشتا، دەكرێ بڵێین هیچ نەناسرابوو. لەو كاتەوە هەتا ئیستا، "هاكست هاوزن" خاوەنداریەتي ئیشتراكي زەوی لە ڕووسیا دۆزییەوە. "مەورێر"یش، ئەوەی ساغ كردەوە كە ئەم شێوە خاوەنداریەتیە، ئەو بنچینە كۆمەڵایەتیەیە كە هەموو نەتەوەكانی ژرمەن هەڵدانی مێژوویی خۆیان، لێوە دەسپێكردوە. وردەوردە، خاوەنداریەتي ئیشتراكي لادێ سەری هەڵدا، كە لە هەموو وڵاتێك، لە هیندەوە بیگرە هەتا ئیرلەند، شێوەی سەرەتایي كۆمەڵ بووە. مۆرگان، ڕیكخراوەی نێوخۆیي ئەم كۆمەڵگا كۆمۆنیستییە سەرەتاییەی، لە شێوەی تیپیكی خۆیدا، ڕوونكردەوە و بە دۆزینەوەی ناوەرۆكی ڕاستەقینەی خێزانی سەرەتایي و جیگای ئەو لە نێو عەشیرەتدا، مەسەلەكەی گەیاندە ئەنجام. وێڕای تێداچوون و هەڵوەشانەوەی ئەم سیستێمە سەرەتاییە ئیشیراكییانە، كۆمەڵگا، دەستیكرد بە دابەشبوون بە چینە دژبەیەكەكان. من تێكۆشاوم لە كتێبی "سەرچاوەی خیزان، خاوەنداریەتي تایبەتي و دەوڵەت"دا، ڕەوتی ئەم داوەشان و دابەشبوونە ڕوون بكەمەوە.
(ڕوونكردنەوەی ئینگڵس لە سەر چاپی ئینگلیزي ساڵی ١٨٨٨)

[10] كەسانی چینی دەسەڵاتدار لە كۆمەڵگای رۆمی كۆندا بە پاتریسیەن دەناسرێن و ئەوانەی كۆیلە نەبوون و لە دەسەڵاتیشدا نەبوون، بە پلەبیەن دەناسرێن. (و.ك.)

[11] وەستا، ئەندامێكی بەستێن بووە كە مافی تەواوی هەبووە. مەبەست وەستای ناو بەستێنە، نەك لە سەرۆكایەتي بەستێندا.
(ڕوونكردنەوەی ئینگڵس لە سەر چاپی ئینگلیزي ساڵی ١٨٨٨)

[12] بەستێن؛ گیڵد، guild، صنف، نەقابە، دەستەوتاقمی نێو كەسب و كارێك بە شێوەی قەدیم. بەستێنی ئاسنگەر، جۆڵا، تەونكەر و لەم بابەنە كە هەر دەبڕا بە كەس و كار وئاشنای وەستاكاران. ئیتر دەرگایان، لە سەر كەسانیتر داخراوبوو. (و.ك.)

لایەن چینی ناونجي پیشەسازەوە، خرانە لاوە. دابەشبوونی کار لە نێوان پێکهاتە بەستێنیەکاندا، جێگای خۆیدا بە دابەشبوونی کار لە نێو هەرکام لە کارگاکاندا.

لە هەمانحاڵدا، بازاڕەکان لە پەسا گەورە دەبوون و داخواز، هەر پەرەی دەستاند. تەنانەت مانۆفاکتۆرەکانیش، ئیتر رەساییان نەدەکرد. بە شوێن ئەوەدا، هێزی هەڵم و مەکینە (ماشین) ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتي دا بە بەرهەمهێنانی پیشەسازي. لە جیاتی مانۆفاکتۆر، پیشەسازي مۆدێڕنی مەزن پەیدا بوو؛ لە جیاتي چینی ناونجي پیشەساز، ملیۆنەرە پیشەسازەکان، سەرکردەکانی گشت لەشکری پیشەسازي، سەرمایەدارانی مۆدێڕن هاتنە کایەوە.

پیشەسازي مۆدێڕن، بازاڕی جیهاني پێکهێنا کە ڕێبردنەسەر ئەمەریکا ڕێگای بۆ خۆش کردبوو. ئەم بازاڕەش، پەرەیەکی بێ ئەندازەی دا بە بازرگاني و بە دەریاگەردي و بە هاتوچوو لە ڕێگای وشکیشەوە. ئەم گەشە سەندنانە، بەشبەحاڵیخۆ، پیشەسازي گەورەترو پەرەدارتر کرد و هەروا کە پیشەسازي و بازرگاني و کەشتیڕاني و ڕیگائاسن پەرەی دەستاند، هەربەو پێیەش، بۆرژوازي گەشەی دەکرد و سەرمایەی خۆی زیاد دەکرد و هەموو چینە پاشماوەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی دەدایە دواوە.

**بەمجۆرە، دەبینین چلۆن بۆرژوازی مۆدێڕن خۆی، بەرهەمی ڕەوتێکی دووردرێژی هەڵدانە و بەرهەمی زنجیرەیەک ئاڵوگۆڕە لە شێوەی بەرهەمهێنان و شێوەی بازرگاني و گۆڕینەوەدا.**

هەر پلەیەک لەم ئاڵوگۆڕانەی بۆرژوازي، هەڵدانێکی سیاسي گونجاوی (بۆ ئەم چینە)، بە شوێنەوە بووە. ئەو کە چینێکی ستەمکێش بوو لە ژێر دەسەڵاتی نەجیبزادە فێئۆداڵەکاندا، بووبە کۆمەڵێکی چەکداری حوکمی خۆ-بەدەست، لە کۆمۆنەکانی[13] سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە شوێنێک جمهوورییەکی شاري سەربەخۆ بوو(وەک لە ئیتالیا و ئەڵمانیا)، لە شوێنی تر "دەستەی سێهەمێک" بوو کە باجدەری شا بوو (وەک لە فەرەنسا)؛ یاخود لە دەورەی مانوفاکتۆردا، بە گوێرەی پێویست، یان لە خزمەت نیمچە فێئۆداڵەکاندا بوو، یان بۆ پاشایەتي ملهوڕ ببوە پارسەنگی هێزەکان لە دژی ئەشرافییەت؛ لەڕاستیشدا، ببوە بەردی بناغەی پاشایەتییە گەورەکان بەگشتي. بۆرژوازي، ئاخری، بە دوای دامەزرانی پیشەسازي مۆدێڕن و بازاڕی جیهانیدا، دەسەڵاتی سیاسي تاقانەی لە دەوڵەتی هەڵبژێردراوی مۆدێڕندا، بەدەستهێنا. دەسەڵاتی دەوڵەتي مۆدێڕن، هیچ نیە جگە لە کۆمیتەیەک بۆ بەڕیوەبردنی کاروباری هاوبەشی گشت چینی بۆرژوازي.

بۆرژوازي، لە باری مێژووییەوە، دەورێکی یەکجار شۆڕشگێڕانەی گێڕاوە. لە هەرکوێ دەستی باڵای هەبووە، کۆتایی هێناوە بە چی پێوەندي فێئۆداڵي و بابسالاري و لادێیانەیە. بێبەزەییانەش، چی پێوندي جۆراوجۆری کۆمەڵگای فێئۆداڵییە کە ئینسان، بە سەروەرە ئاساییەکانیەوە دەبەستێ، پچڕاندووە و لە نێوان ئینسانەکاندا، هیچ پێوەندییەکی جگە لە قازانج و مەنفەعەتی خۆ، جگە لە پارە و ئەسکەناسی بێ هەست، نەهێشتووەتەوە. بەهەشتیترین کەفوکوڵی مەزهەبي و جۆشوخرۆشی سوارچاکانەو دڵناسکي بەرچاوتەنگانەی لە سەهۆڵاوی حیسابگەري خۆپەرستانەدا نوقم کردووە. کەرامەتی شەخسي ئینسانی کردوە بە بابەتێکی کڕین و فرۆشتن. لە جیاتی گەلێک ئازادی و مافی دەستەبەرکراوی حاشاهەڵنەگر، تەنیا ئەو ئازادییە دوور لە وێژدانە، واتە ئازادي بازرگاني داناوە و بەس! بە کورتي: لە جیاتی چەوساندنەوەیەک کە لە پەردەی خۆرافاتی مەزهەبي و سیاسییەوە پێچرابوو، چەوساندنەوەی ڕووت و بێشەرمانە و ڕاستەوخۆ و دڵڕەقانەی داناوە.

سەرمایەداري، خەرمانەی ڕێزی لەو کار و پیشانەی کە تائێستا ڕێزیان لێدەگیرا و بە چاوی ترس و شکۆ و ڕێزەوە تەماشا دەکران، داماڵیوە. دوکتۆر و قازي و قەشە و شاعیر و زانای کردوەتە کرێکاری کرێگرتەی خۆی.

سەرمایەداري، پەچەی سۆز و هەستی ناسکی لە سەر خێزان داماڵیوە و ئەم پێوەندییەی تا پێوەندییەکی پووڵوپارەیي ڕووت، دابەزاندوە.

سەرمایەداري دەریخستوە کە چلۆن، ئەو خۆڕانانە دڕندانەی سەدەکانی نێوەڕاست کە کۆنەپەرستان هێندەی پێدا هەڵدەڵێن، جووتی لێکهەڵپێکراوی تەمبەڵي و تەوەزەلي بوو. ئەو، بۆ یەکەمجار دەریخستوە کە کار و هەڵسووڕانی بەشەري، چیها بەرهەم دەتوانێ بەدیبێنێ؛ شتی وا سەرسووڕهێنەری خولقاندوە کە گەلێک شکۆدارترە لە ئەهرامی میسر و لە لوولەئاوەکانی رۆم و لە

---

[13] کۆمۆن، ناوێک بوو لە فەرانسا، بە شارە تازە-دروستکراوەکانیان دەگوت، تەنانەت پێش ئەوەش مافی حوکمداري سەربەخۆ لە هەرێمەکەدا و مافە سیاسییەکانیان وەکوو "دەستەی سێهەم" لە ئاغاکان و خاوەن موڵکانی فێئۆداڵ وەرگرتبێ. دەکرێ بڵێین لە باری هەڵدانی ئابووری بۆرژوازییەوە، ئینگلیز وڵاتێکی نموونە بوو؛ بۆ هەڵدانی سیاسیش فەرەنسا.
(ڕوونکردنەوەی ئینگڵس لە سەر چاپی ئینگلیزي ساڵی ١٨٨٨)

کەنیسەکانی گۆتیێ. لەشکرکێشي وای ڕێبەري کردووە کە هەرچی کۆچی نەتەوەکان و شەڕە سەلیبییەکانە، بەلایەوە بچووک دەنوێنێ.

سەرمایەداري، بێ ئاڵوگۆڕدانی شۆڕشگێڕانە و بەردەوام، بە ئامڕازی بەرهەمهێنان و لەوێشەوە بە پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان و وێڕای ئەوانیش، بە سەرتاپای پەیوەندییەکانی کۆمەڵ، ناتوانێ بژی. لەحاڵێکدا، بە پێچەوانە، بێ ئاڵوگۆڕ هێشتنەوەی شێوەی کۆنی بەرهەمهێنان، یەکەمین شەرتی مانەوەی هەموو چینە پیشەسازییەکانی پێشوو بوو.

**ئاڵوگۆڕی بنەڕەتي و بەردەوامی بەرهەمهێنان، شێوانشێوي بێبڕانەوەی هەموو بارودۆخی کۆمەڵایەتي، پەرۆشي، دڵ‌ـلەدوایی و تەکان وشەکانی هەمیشەیي، دەورانی بۆرژوازي لە هەموو دەورانەکانی پێشوو جیادەکاتەوە.** هەموو پەیوەندییە وشک وڕەق‌ـهەڵاتووەکانی کۆن، وێڕای چی بیروڕای موقەددەس و پەرپووتە کە لەگەلیان بوون ڕاماڵ دەدرێن. چی شتی تازەبابەتیشە، پێش ئەوەی بگرسێن، کۆن دەبن. چی شتی ڕەق و پتەوە دەتوێتەوەو وەک دووکەڵ بە حەوادا دەچێ. چی شتی پیرۆزە مەلعوون دەبێ و سەرەنجام ئینسان ناچاردەبێ بە چاوی کراوەوە بڕوانێتە هەلومەرجی ڕاستەقینەی ژیانی و پێوندەکانی لەگەل هاونەوعی خۆی.

**پێویستي بۆرژوازی بە بازاڕێکی هەردەمپەرەگر بۆ بەرهەمەکانی، هەڵیدەبڕێ بە هەموو پانایي کورەی ئەرزدا. دەبێ سەربکێشێتە هەموو جێیەک؛ لە هەموو شوێنێک مەنزڵ بگرێ و لە گەل هەموو لایەک پێوندي دامەرزێنێ.**

بۆرژوازي، بەهۆی بەهرەکێشییەوە لە بازاڕی جیهاني، ڕوخسارێکی جیهان‌ـنیشتماني داوە بە بەرهەمهێنان و بەکارهێنان لە هەموو وڵاتێک. بۆ جەخاری گەورەی کۆنە پەرستان، بنەمای نەتەوەیي پیشەسازییەکانی لە ژێر پێیان دەرکێشاوە. چی پیشەسازي قەدیم‌ـدامەزراو و نەتەوەییە، یان نەماون یان ڕۆژ لەگەل ڕۆژ بەرەونەمان دەچن.

جێگای ئەمانە، بە پیشەسازي مۆدێرن کە ڕەواجدانی بۆ هەموو نەتەوەکانی بەشارستانیەت، مەسەلەی مان و نەمانە، پڕ دەبێتەوە؛ پیشەسازي وا کە چیدی بە کەرەسەی خاوی خۆماڵییەوە بەند نیە بەڵکوو کەرەسەی خاو لە دوورترین شوێنەکانی دنیاوە ڕادەکێشێ؛ پیشەسازي وا کە بەرهەمەکانیان، نەک هەر لە نێو وڵات، بەڵکوو لە سەراسەری گێتي دا، بەکاردەهێندرێن.

لە جیاتي پێداویستییەکانی پێشوو کە بە بەرهەمەکانی وڵات دابین دەکران، پێداویستي نوێ دەبینین کە بۆ وەڵامدانەوەیان، بەرهەمی وڵاتانی دوورەدەست و هەندەران پێویستە. لە جیاتي گۆشەگیري ناوچەیي و نەتەوەیي جاران و لە جیاتي ساچاندن بە بەرهەمی ناوخۆوە، پێوەندي و تێکەڵاوي هەمە بارە و پێکەوەبەسترانی هەمەلایەنەی جیهاني نەتەوەکان دەبینین. ئەم ڕاستییە، لە بەرهەمە ڕۆشنبیرییەکانیشدا هەروەک بەرهەمە مادديیەکان وایە.

خولقاوە ڕۆشنبیرییەکانی نەتەوە جیاوازەکان دەبێتە دارایي هاوبەش و گشتي. شێوەی یەکلایەنە و بەرچاوتەنگانەی نەتەوەیي، هەتادێ، نەگونجاوتر دەبێ و لەم هەموو ئەدەبە جۆراوجۆرە نەتەوەیي و ناوچەییانە، ئەدەبێکی جیهاني سەر هەڵدەدا.

بۆرژوازي، بەم چاکسازییە خێرا و گورجەی هەموو ئامڕازی بەرهەمهێنان؛ بەم یەکجار ئاسانکاریەی ئامڕازی هاتوچۆ، هەموانی، تەنانەت بێشارستانیەتترین نەتەوەکانیشی، بەرەو شارستانیەت ڕاکێشاوە. نرخی هەرزانی کالاکانی بۆرژوازي ئەو تۆپخانە قورسەیە کە توندترین لاساري و ڕق‌ـلێبوونەوەی بێشارستانیەتەکان بەرانبەر بە بیگانە، ناچار بە چۆکدادان دەکا. **هەموو نەتەوەکان، لەژێر زەختی مانونەماندا، ناچار دەکا کە مل بدەن بە شێوەی بەرهەمهێنانی بۆرژوازي؛ ناچاریاندەکا ئەوەی ئەم پێیدەڵێ شارستانیەت، ببەنە نێو خۆیانەوە؛ بەو مەعنایە، ئەوانیش ببنە بۆرژوا. بەکورتي بڵێین، جیهانێک دەخۆلقێنێ هاوشکڵ وشێوەی خۆی!**

بۆرژوازي دێی خستە ژێر دەسەڵاتی شارەوە؛ شاری یەکجار گەورەی خولقاند. دانیشتوانی شارەکانی لەچاو دێهات بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر، زیاترکرد. بەوجۆرەش، بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی، لە گەمژەیي ژیانی لادێ ڕزگارکرد. وەک دێی کردە ملکەچی شار، وڵاتانی بێشارستانیەت و کەم‌ـشارستانیەتیشی کردە ملکەچی وڵاتانی بەشارستانیەت و نەتەوە جووتیارەکانی ملکەچی نەتەوە بۆرژواکان کرد و ڕۆژهەڵاتی کردە ملکەچی ڕۆژاوا.

بۆرژوازي، ڕۆژلەڕۆژ زیاتر، پەرشوبڵاوي دانیشتوان، هی کەرەسەی بەرهەمهێنان و هی خاوەنداریەتي دەسڕێتەوە. خەڵکی گردوکۆ کردوەتەوە؛ کەرەسەی بەرهەمهێنانی یەکجێ کردوەتەوە و خاوەندارەتی لە دەستی کەمایەتییەکدا، کۆ کردوەتەوە. دەرەنجامی ناچاری ئەوەش، کۆمابوونی دەسەڵاتی سیاسییە. ناوچە سەربەخۆکان، یان ئەوانەی پەیوەندەییان شل بوو؛ کە قانوون و حکوومەت و بەرژەوەند و سیستێمی باجی جیاوازیان هەبوو هەموو، لە یەک نەتەوەدا لێک گرێدران؛ بە یەک حکوومەت و یەک قانوون و یەک بەرژەوەندي چینایەتي‌ـنەتەوەیي و یەک سنوور و یەک یاسای گومرکییەوە.

بۆرژوازي، له ماوەی کەمتر له سەدەيەک دەسەڵاتی خۆيدا، هێزی بەرهەمهێنانی يەکجار گەورەترو گەلێک مەزنتر له سەرجەم نەوەکانی پێشووی خولقاندوە. دەستەمۆ کردنی هێزەکانی سروشت بۆ ئينسان، بەرهەمهێنانی مەکينەيي، بەکارهێنانی شيميا له پيشەسازيدا و له کشتوکاڵدا، دەرياواني و کەشتيڕاني به هێزی هەڵم، ڕێگای ئاسن، تەلگرافی کارەبا، بەکێڵگە کردنی قاڕە بايەرەکانی جيهان، کاناڵيزە کردنی چۆمەکان، ئەم هەموو جەماوەرەی خەڵک که دەڵێی له ئەرز هەڵقوڵيون؛ له کامە چەرخ و سەردەمی ڕابوردوودا دەيانتوانی به خەياڵيشياندا بێ که هێزی بەرهەمهێنانی ئاوا-گەورە، له دەروونی کاری کۆمەڵايەتيدا خەوتووە؟!

بەمجۆرە دەبينين: ئەو کەرەسەی بەرهەمهێنانە و ئەو ئامڕازی گۆڕينەوە و گواستنەوە که بۆرژوازي کرديە لانکی گەشە سەندنی خۆی، له کۆمەڵگای فێئۆداڵيدا خولقا بوون. له پلەيەکی دياريکراو له پەرەگرتنی ئەم کەرەسەی بەرهەمهێنان و ئامرازی گۆڕينەوەدا، ئەو بارودۆخەی کۆمەڵگای فێئۆداڵي بەرهەمهێنان و گۆڕێنەوەی تێدا بەڕێوە دەبرد، پێکهاتی فێئۆداڵي کشتوکاڵ و پيشەسازي مانوفاکتۆري، يان بڵێين پێوەنديیە فێئۆداڵييەکانی خاوەنداريەتي، چيدی له گەل ئەو هێزە بەرهەمهێنەرە پەرەگرتووە حازرييە نەدەهاتنەوە. ئەم پئوەنديیانە، ببوونە کۆمەڵێک کۆت وبەند بۆی. دەبوا تێکبشکايەن؛ تێکيششکان!

له جياتي ئەوانە، ململانێی ئازادانە دامەزرا که ياسای بنچينەيي کۆمەڵايەتي و سياسي گونجاو لەگەل دەسەڵاتی ئابووري و سياسي چينی سەرمايەداری، بەشوێن خۆيدا هێنا.

ئاڵوگۆڕێکی هەر لەو چەشنە خەريکە له پێشچاوماندا ڕوودەدا. کۆمەڵگای مۆدێڕنی سەرمايەداري، به پێوەنديیەکانی بەرهەمهێنانيەوە، به گۆڕينەوە و خاوەنداريەتييەوە، کۆمەڵگايەک که جادووگەرئاسايي، ئەم کەرەسە مەزنەی بەرهەمهێنان و گۆڕينەوەی هێناوەتە بوون، ئێستا، هەروەک ئەو سيحربازەی لێهاتووە که چيدی ناتوانێ ئەو هێزانەی به ويرد و تەليسمی خۆی له ژێرئەرزەوە دەريکێشاون، کۆنترۆڵ بکا. ئەوا، ئيتر دەيان ساڵە که مێژووی پيشەسازي و بازرگاني، هەر بريتييە له مێژووی هەڵچوونی هێزە بەرهەمهێنەرە مۆدێڕنەکان دژی پێوندي مۆدێڕنی بەرهەمهێنان؛ دژی ئەو پێوندييە خاوەنداريەتييە که هەلومەرجی هەبوونی سەرمايەداري و دەسەڵاتی سەرمايەدارين. هەر ئەوەندە بەسە که ئاماژە بەو قەيرانە بازرگانييانە بکەين که به سەرهەڵدانی ناوبەناو، يان بەردەوام، هەتادێ پڕمەترسيتر، هەڕەشە له مانی سەرتاپای کۆمەڵگای سەرمايەداري دەکەن. لەم قەيرانانەدا، هەرجارە، نەک هەر بەشێکی زۆر و زەبەند له بەرهەمی حازری بەڵکوو بەشێکی گەورە لەو هێزە بەرهەمهێنەرانەی لەمەوبەريش له نێو دەچن. لەم قەيرانانەدا، پەتايەک دادەکەوێ که هەرگيز له هيچ سەردەمێکی پێشوودا گونجاوی عەقڵی کەس نەبوو؛ ئەويش پەتای زيادەبەرهەمە!

**کۆمەڵ، ناکاو، خۆی دەبينێ که ، هەتا بارودۆخێکی کاتي بەربەرييەت، بەرەوپاش ڕاکێشراوە. چما، قاتوقڕييەک داکەوتووە، چما شەڕێکی گشتي ماڵوێرانکەر کۆمەڵگای له گشت سەرچاوەيەکی بژيو بێبەش کردووە! دەڵێی پيشەسازي و بازرگاني هەر نەماون. ئاخر بۆچی؟ چونکوو يەکجار زۆر شارستانييەت، يەکجار زۆر پێداويستي گوزەران، يەکجار زۆر پيشەسازي، يەکجار زۆر بازرگاني له ئارادايە!**

ئەو هێزە بەرهەمهێنەرانەی له بەردەستی کۆمەڵدان، چيدی، به کاری پەرەسەندنی بارودۆخی خاوەنداريەتي بۆرژوايی نايەن؛ به پێچەوانە، زياد له ئەندازەی ئەم بارودۆخە بەهێز بوون؛ به جۆرێک که بارودۆخەکەيان لێ بووەتە کۆت وبەند. هەر ئەوەندەش بەسەر ئەم کۆتوبەندەدا زاڵ بوون، پەرێشاني دەخەنە سەرتاپای کۆمەڵگای سەرمايەداري و مان و هەبوونی خاوەنداريەتي سەرمايەداري دەخەنە مەترسييەوە. بارودۆخی کۆمەڵگای سەرمايەداري، يەکجار تەنگەبەرترە لەوەی که ئەو سامانەی دەيخولقێنێ، تێيدا بگونجێ.

باشە، بۆرژوازي چۆن به سەر ئەو قەيرانانەدا زاڵ دەبێ؟ له لايەکەوە، به فەوتاندنی زۆرەملي کۆمەڵ-کۆمەڵ له هێزە بەرهەمهێنەرەکان؛ له لايەکيترەوە، به داگيرکردنی بازاڕی تازە و بەهرەکێشانەوەی زياتر له بازاڕی کۆن. يان بڵێين: به ڕێگا کردنەوە بو قەيرانی گەورەتر و به کەم کردنەوەی ئەو کەرەسانەی بۆ پێشگرتن له قەيران به کاردێن!

ئەو چەکانەی بۆرژوازی، فێئۆداڵيزمی پێڕووخاند، ئەوێستا، وەرگەڕاوەتەوە له دژی خۆی.

**بۆرژوازی، نەک هەر ئەو چەکانەی دەمەزەرد کردووەتەوە که سەرەنجامی نەمان دەکاتە چارەنووسی بەڵکوو ئەو کەسانەش که ڕووی ئەو چەکانەی تێدەکەن واتە چينی مۆدێڕنی کرێکار، پرۆلێتاريای هێنايەبوون.**

پێ به پێی گەشەکردنی بۆرژوازي، يان بڵێين سەرمايە، پرۆلێتارياش، واتە چينی کرێکاری نوێش گەشەدەکا؛ چينێک له کرێکاران که تەنيا کاتێک دەتوانن بژين که کار پەيدا بکەن؛ کاتێکيش دەتوانن کار پەيدا بکەن که به کارکردنەکەيان، سەرمايە

زیادبکا. ئەم کرێکارانە کە ناچارن ڕێزە-ڕێزە، خۆیان بفرۆشن، کووتاڵن؛ وەک هەر کەلوپەلێکی بازرگانی. هەر بەم بۆنەشەوە، دەکەونە بەر هەموو پێشبڕکێ و هەموو هەڵچۆ و داچۆیەکی بازاڕ.

بەبۆنەی بەکارهێنانی ڕۆژلەڕۆژ زیاتری مەکینە و بەبۆنەی دابەشبوونی کارەوە، کاری کرێکار، هەرچەشنە لایەنێکی کەسایەتي لێ داڕووتاوە. بۆیەش هیچ خۆشییەکی بۆ کرێکار تێدا نەماوە. کرێکار دەبێتە پاشکۆیەکی مەکینە و ساکارترین و یەکهەواترین و ئاسان-فێربووترین کاری لێ چاوەڕوان دەکرێ. بۆیە، بەهای بەرهەمهێنانی کرێکارێک، کەم تا زۆر، لە بەهای کەرەسەی گوزەران بۆ مانەوەی خۆی و بۆ زێوزووی نەوەی، ناترازێ. بەڵام، نرخی هەر کووتاڵێک، هەر بەو پێیەش نرخی کار[14]، بەقەد بەهای بەرهەمهێنانەکەیەتی. بۆیە، هەرچەندە کارەکە ناخۆشتر دەبێ، کرێ کەمتردەکا. لەوەش واوەتر، هەرچەندە بەکارهێنانی مەکینە و دابەشبوونی کار زیاددەکا، قورسايي کاریش بەوپێیە دەچێتە سەر؛ ئیتر، چ بە درێژەدانی سەعاتی کار بووبێ یان بە زیاترکردنی بڕی کار لە کاتی دیاریکراودا، یان بە هۆی خێراترکردنی گەڕانی مەکینەکان، یان هۆی دیکە.

پیشەسازی مۆدێڕن، کارگەی بچووکی وەستای باب-سالاری گۆڕیوە بە کارخانەی گەورەی سەرمایەداري پیشەسازي. کۆمەڵانی کرێکار کە لە کارخانەکان کۆکراونەوە، وەکوو سەرباز، ڕێکخراون. وەکوو کەسانی لەشکری پیشەسازي، خراونەتە ژێر فەرمانی هیرارکییەکی تەواو لە ئەفسەران و چاوەشان.

ئەوان، نەک هەر کۆیلەی چینی سەرمایەداران و دەوڵەتی سەرمایەدارانن، بەڵکوو ڕۆژانەو سەعات بە سەعات، دەبنە کۆیلە بۆ ماشین و بۆ چاودێر و لە سەرووی هەموانەوە، بۆ هەمان کەسی بۆرژوای خاوەن کارخانە. ئەم ملهوڕییە، هەرچەندە بە ئاشکراتر ڕاییگەیەنێ کە سەرنجام و ئامانجی قازانج بردنە، هەر بەو ڕادەیەش سپڵەتر و قیزەونترە و زیاتر جێی بێزارییە.

هەرچەندە کارامەیی و زۆری بازوو لە کاری دەستیدا، کەمتر پێویست بێ، بە واتەیەکی تر، هەرچەندە پیشەسازي مۆدێڕن زیاتر گەشە بکا، زیاتر، کاری ژن و کاری منداڵ جێگای کاری پیاو دەگرێتەوە. تەفاوەتی تەمەن و جنس، چیدی، هیچ جیاوازییەکی کۆمەڵایەتي بۆ چینی کرێکار تێدانیە. گەورە تا بچووک، سەرجەم کەرەسە و ئامێری کارکردنن؛ گرانتر یا هەرزانتر، بە گوێرەی تەمەن و جنس بەکاردەهێنرێن.

هەر ئەوەندەش، چەوساندنەوەی کارگەر، لە لایەن خاوەنکارەوە گەیشتە ئەنجامێک کە کرێی خۆی بە پارە وەرگرت، ئەمجار دەکەوێتە بەر هێرشی بەشەکانی تری بۆرژوازي وەک خاوەنماڵ، دووکاندار، بارمتەگیرو ئەوانی تر.

توێژە خوارووەکانی چینی ناونجي، خاوەن کارگای بچووک، وردەبازرگان و دووکاندار و پیشەوەری بەرشکستە، بەگشتي پیشەسازە دەستیەکان و جووتیاران، هەموو ئەمانە، وردەوردە، دادەبەزنە نێو پرۆلیتاریاوە. هەندێکیان لەبەر ئەوەی سەرمایە لاوازەکانیان ڕەسايي بەرپاکردنی پیشەسازي مۆدێڕن، لەو قەوارەیەدا ناکا و لە پێشبڕکێ لە گەل سەرمایەدارە گەورەکاندا لێکەوتوون؛ هەندێکیشیان لەبەر ئەوەی کە شارەزاییە تایبەتییەکانیان، بەهۆی شێوازە تازەکانی بەرهەمهێنانەوە، کەڵکی نامێنێ. بەمجۆرە، پرۆلێتاریا، هێز لە هەموو چینەکانی کۆمەڵ دەگرێ.

پرۆلێتاریا بە قۆناغی جۆراوجۆری گەشە و هەڵدانی تێدەپەڕێ. هەر لە سەرەتای بوونیەوە خەباتی دژی بۆرژوازي دەستپێدەکا.

سەرەتا ناڕەزایي دەربڕینە لە لایەن تاکەکەسی کرێکارەوە. پاشان لە لایەن کرێکارانی کارخانەیەکەوە؛ ئەمجار کرێکارانی ڕستەیەکی پێشەسازي لە ناوچەیەکدا دژی فڵانە تاکەکەسی بۆرژوا کە ڕاستەوخۆ دەیان چەوسێنێتەوە خەبات دەکەن. ئەوان ڕووی هێرشی خۆیان ناکەنە بارودۆخی بۆرژوایي بەرهەمهێنان بەڵکوو ڕووی دەکەنە خودی کەرەسەی بەرهەمهێنان و ئەو کوتاڵانە لەناودەبەن کە هاوردەی دوورن و پێشبڕکێ دەکەن دژی بەرهەمی کاریان؛ مەکینەکان وردوخاش دەکەن؛ ئاگر بە کارخانەکانەوە دەنێن؛ دەیانەوێ بەزۆر، جێگای لەدەستچووی کرێکاری سەدەکانی ناوەڕاست بەدەستبێننەوە.

لەم قۆناغەدا، کرێکاران هێشتا جەماوەرێکی ناتەبان کە لە سەراسەری وڵاتدا پەرشو بڵاون؛ لەبەر پێشبڕکێی دژی یەکتریش دابەش-دابەش بوون. لە هەر شوێنێکیش یەکیانگرتووە کە وەک کۆمەڵێکی یەکپارچەیان لێبێ، هێشتا دەرەنجامی هەڵسووڕانی یەکگرتووی خۆیان نەبووە بەڵکوو هی یەکگرتوويي بۆرژوازي بووە؛ ئەو چینەی کە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی خۆی، ناچاربووە هەموو پرۆلێتاریا بجووڵێنێ و هێشتاش توانای ئەوکارەی هەیە.

---

[14] دواتر، مارکس، ئەوەی ڕوونکردەوە کە کرێکار، کاری خۆی نافرۆشێ بەڵکوو هێزی کاری دەفرۆشێ. سەبارەت بەمە، بڕوانە سەرەتای ئێنگڵس لە سەر "کرێ، بەها، سوود" نووسراوی مارکس.

کەوایە، لەم قۆناغەدا، پرۆلێتەرەکان دژی دوژمنانیان خەبات ناکەن، بەڵکوو دژی دوژمنانی دوژمنانیان، دژی پاشماوەی پاشایەتي ملهوڕ، خاوەن موڵکەکان، بۆرژوازي غەیرەپیشەسازي و دژی وردەبۆرژوازي، خەباتدکەن. بەمجۆرە، سەرتاپای بزووتنەوە مێژووییەکە لە دەستی بۆرژوازیدا کۆ دەبێتەوە. هەر سەرکەوتنێک لەم حاڵەدا، سەرکەوتنێکە بۆ بۆرژوازي.

**بەڵام لەگەل هەڵدانی پیشەسازي، پرۆلێتاریا، نەک هەر بەژمارە زیاددەکا، بەڵکوو، لە کۆمەڵانی گەورەتردا کۆدەبێتەوە؛ بەهێزتردەبێ و زیاتر لە جارانیش هەست بەو بەهێزبوونە دەکا.** قازانج و بەرژەوەند و هەلومەرجی جۆراوجۆری ژیان، لە نێو بەشەکانی چینی کرێکاردا، ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر یەکسان دەبێتەوە؛ هەرچەندی مەکینە، ڕۆژلەڕۆژ زیاتر فەرقی کارەکان دەسڕێتەوەو، کەم تا زۆر لەهەموو شوێنێکش، کرێی کاری هەموان، تا ئاستێکی نەوي دادەشکێنێ. ململانێی پەرەگر لەنێو بۆرژواکاندا و قەیرانی بازرگاني کە بە شوێنیدا دێ، کرێی کرێکاران لەجاران زیاتر بێهێزوپێز دەکا.

هەڵدانی خێرا و چاکسازي بێ وچانی مەکینە، گوزەرانیانی زیاتر و زیاتر پڕمەترسي کردووە. تێکهەڵچوون لە نێوان تاکەکەسانی کرێکار و بۆرژوادا ڕۆژلەڕۆژ زیاتر، کاراکتەری تێکهەڵچوونی نێوان دووچین پەیدا دەکا. بۆیەش، کرێکاران دەستدەکەن بە یەکگرتن دژی بۆرژوازي (سەندیکا، نەقابە). یەک دەگرن تا ئاستی کرێ لە سەروە ڕاگرن؛ تەنانەت کۆمەڵەی دایمي، بۆ ئامادەکاري پێشاوپێشی ئەم تێکهەڵچوونە ناو-بە-ناوانە، پێکدێنن. لێرەولەوێ، خەبات دەتەقێتەوە و دەبێ بە شۆڕش.

**جار-جارە، کرێکاران سەردەکەون بەڵام هەر ماوەیەکە. بەرهەمی راستەقینەی خەباتەکەیان نەک لە دەسکەوتە فەورییەکاندا بەڵکوو لە یەکیەتي بەردەوام-پەرەئەستێنی کرێکاراندایە.** ڕێگای ئەم یەکیەتییە، بە کەرەسەی پێوەندي پێشکەوتوو خۆش بووە کە خۆی خولقاوی پیشەسازي مۆدێرنە و کرێکارانی هەرێمە جۆراجۆرەکان لێک گرێدەدا. ئەمە، هەر ئەو پیوەندییە بوو کە پێویست بوو بۆ ئەوەی  کۆمەڵێک خەباتی جۆراوجۆر بەڵام گشت لە یەک کاراکتەر، لە ئاستی نەتەوەییدا و لە نێوان چینەکاندا، یەکانگیر بکا. بەڵام هەر خەباتێکی چینایەتي، خەباتێکی سیاسییە. ئەو یەکیەتیەش کە شارنشینەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، بە هەورازی مەینەتبار و دواکەوتووی ئەوکاتدا، بە سەدان ساڵ پێی گەیشتن، پرۆلێتاریای مۆدێرن، لە سای ڕێگا ئاسنەکانیەوە، بە چەند ساڵێک پێی دەگا.

**ئەم قەوارە-گرتنەی پرۆلێتاریا وەکوو چینێک و دواییش وەکوو حیزبێکی سیاسي، بەردەوام، بەهۆی ململانێی نێوان کرێکاران خۆیانەوە، تووشی گیروگرفت دەبێ. بەڵام هەمیشەش، سەرلەنوێ، بەهێزترو پتەوترو گەورەتر سەرهەڵدەداتەوە. بە کەڵک-وەرگرتن لە کێشەو ناکۆکي نێوان بۆرژوازي، ناچاری دەکا هەندێک لە داخوازەکانی کرێکاران بە یاسا، بەڕسمي بناسێ؛ وەک چۆن قانوونی ڕۆژکاری ١٠ سەعاتە لە ئینگلیزداسەپێندرا.**

تێکهەڵچوونی نێوان چینەکانی کۆمەڵگای کۆن، بە شیوەی جۆراوجۆر، ڕەوتی بەرەوپێشچوونی پرۆلێتاریا خێراتر دەکاتەوە. بۆرژوازي، خۆی لە شەڕێکی بێبڕانەوەدا دەبینێ؛ یەکەم دژی ئەریستۆکراسي، پاشانیش دژی ئەو بەشانە لە بۆرژوازي خۆی کە قازانجیان لەگەل ڕەوتی پیشەسازي ناتەبایە و بەردەوامیش، دژی بۆرژوازي وڵاتانی بێگانە. لە هەموو ئەم شەڕانەشدا خۆی بە ناچار دەبینێ پەنا بەرێتە بەر پرۆلێتاریاو داوای یارمەتي لێبکا و بەوجۆرەش بیکێشێتە مەیدانی سیاسەتەوە. بۆیە، بۆرژوازي خۆی، پرۆلێتاریا هەربەو بنچینە پەروەردەییە سیاسي و گشتییانەی خۆی تەیاردەکا. بە واتایەکیتر؛ پرۆلێتاریا، بەو چەکانە تەیاردەکا کە بۆ خەبات لە دژی بۆرژوازي پێویستن.

سەرەڕای ئەوەش، هەروەک تائێستا دیومانە، بەهۆی پێشکەوتنی پیشەسازییەوە، کۆمەڵ-کۆمەڵ لە چینی دەسەڵاتدار، بەرەو ناوپرۆلێتاریا ڕاماڵ دەنرێن، یان هیچ نەبێ، بارودۆخی ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە. ئەمانەش، دیارە، بنچینەی نوێی ڕۆشنبیري و پێشکەوتن دەبەنە نێو پرۆلێتاریاوە.

سەرەنجام، کاتێک خەباتی چینایەتي لە هەلی یەکجاري نزیک دەبێتەوە، ڕەوتی هەڵوشانی نێو چینی دەسەڵاتدار و هەموو کۆمەڵگای کۆن وەها توند و پڕخرۆش دەبێ کە بەشێکی بچووک لە چینی دەسەڵاتدار، خۆی لێ جیا دەکاتەوەو پەیوەست دەبێ بە چینی شۆڕشگێڕ؛ چینێک کە دواڕۆژ لە دەستی ئەودایە. وەک چۆن لە دەورەیەکی ڕابوردوودا، بەشێک لە ئەشراف چوونە ناو بۆرژوازییەوە، ئەمجارەش بەشێک لە بۆرژوازي دەچنە ناو پرۆلێتاریاوە؛ بەتایبەت ئەو بەشە لە تێگەیشتوانی بۆرژوازي کە خۆیان تا ئەو ڕادەیە هەڵهێناوە کە لە باری تیئۆریکەوە، لە سەرجەمی بزووتنەوەی مێژوو تێبگەن.

**له نێو هەموو ئەو چینانەدا کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی بۆرژوازي ڕاوەستاون، تەنیا پرۆلێتاریا چینێکی بەڕاستي شۆرشگێڕە. چینەکانی تر، لەبەرانبەر پیشەسازي مۆدێڕندا، دادەمرنەوە و سەرەنجام دەفەوتێن؛ بەڵام پرۆلێتاریا، بەرهەمی تایبەت و ڕۆڵەی ڕەسەنی پیشەسازي مۆدێڕنە.**

توێژە خواروەکانی چینی ناونجي، خاوەن-کارگا چکۆلەکان، دووکانداران، پیشەوەران، جووتیاران، هەموو لە دژی بۆرژوازي خەباتدەکەن بۆئەوەی لەناو نەچن و خۆیان وەک بەشێک لە چینی ناونجي بپارێزن. هەربۆیەش ئەوانە شۆڕگێڕ نین بەڵکوو پارێزکار (کۆنسرڤەتیڤ)ن؛ لەوەش واوەتر، کۆنەپەرستن؛ چونکوو دەیانەوێ چەرخی مێژوو بەرەوپاش بسووڕێنن! ئەگەر بێت و ئەوانە بە شۆڕشگێڕ دابنێین، تەنیا بەو بۆنەوەیە کە دواڕۆژیان گرێبەستی پرۆلیتاریایە. لەوحاڵەشدا، نەک بەرژەوەندي ئێستایان بەڵکوو بەرژەوەندي دواڕۆژیان دەپارێزن. ئەوان واز لە ڕوانگەی خۆیان دێنن تا خۆیان بخەنە ڕوانگەی پرۆلێتاریاوە.

لۆمپەن پرۆلێتاریا، خڵتەی کۆمەڵ، ئەو جەماوەرە سست و داڕزیوەی فرێدراوەتە خواروترین توێژی کۆمەڵگای کۆن، ڕەنگە لێرە و لەوێ، بە شۆڕشێکی پرۆلێتەري بەرەو بزووتنەوە ڕابکێشرێ. بەڵام بارودۆخی ژیانی بەرەو ئەوەی دەبا کە داردەستێکی پیلانی کۆنەپەرستانە بێ.

کاتێک پرۆلێتاریا لە ئارادایە، ئیتر بارودۆخی گشتي کۆمەڵگای کۆن لە نێو چووە. پرۆلێتاریا خاوەنی هیچ نیە. پێوەندي لەگەل هاوسەر و منداڵانی، ئیتر، هیچی لە پێوەندي خێزاني بۆرژوایي ناچێ. کاری پیشەسازي مۆدێڕن، دەستەنەخواربوونی مۆدێڕنی سەرمایە -لە ئێنگلیز بێ یان لە فەرەنسا، لە ئەمەریکا بێ یان لە ئەڵمانیا- هەمووچەشنە نیشانەیەکی کاراکتەری نەتەوایەتي، لە پرۆلێتاریا داڕووتاندووە. قانوون، ئەخلاق، مەزهەب، لەچاو ئەوەوە کۆمەڵێک پێشداوەري بۆرژوایین کە کۆڵێک قازانج و مەسڵەحەتی بۆرژوازي لە پشتیانەوە حەشاردراوە.

هەموو چینەکانی پێشوو کە بوونەتە باڵادەست، تێکۆشاون کە بە دەستەنەخوار کردنی هەموو کۆمەڵ، بەرانبەر بە شێوەو ڕەوشتی خاوەنداریەتی، ئەو جێگاو حاڵەی دەستیانکەوتووە سەقامگیری بکەن. پرۆلێتەرەکان ناتوانن ببنە جڵەوداری هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کۆمەڵ مەگەر بە لەناوبردنی شێوەی خاوەنداریەتي خۆیان و پێش خۆیان و دیارە، هەموو شێوەکانی پێشووتری خاوەندیەتیش. ئەوان، هیچ داراییەکی تایبەت بە خۆیان نیە کە بیپارێزن یان هۆشیان پێوەبێ. ئەرکی سەرشانیان ئەوەیە هەرچی تائێستا خاوەنداریەتي تایبەتي پاراستووە و زەمانەتی کردووە، لە ناوی بەرن.

**چی بزووتنەوەی مێژوویی هەتا ئێستابووە، بزووتنەوەی کەمایەتییەکان بوون یان لە بەرژوەندي ئەواندا بوون. بزووتنەوەی پرۆلێتاریا، بەڵام، بزووتنەوەی لەخۆوشیار و سەربەخۆی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵەو لە بەرژەوەندي ئەواندایە. پرۆلێتاریا کە بناغەی هەرەژێرووی کۆمەڵگای ئەمڕۆیە، ناتوانێ ببزوێ، ناتوانێ خۆی هەستێنێتەوە، بێ ئەوەی تەواوی ئەو چین-لەسەرچینانەی ژووروو کە سواری یەکتر بوون و کۆمەڵگای ڕەسمي پێکدێنن، بە حەوادا ببا.**

هەرچەند لە ناوەرۆکدا نە، بەڵام لە ڕواڵەتدا، جارێ، خەباتی پرۆلیتاریا دژی بۆرژوازي، خەباتێکی نەتەوەییە. پرۆلیتاریای هەر-وڵاتە، دیارە دەبێ، پێش هەموو شتێک، حیساب لەگەل بۆرژوازي خۆی ڕاست بکاتەوە.

ئێمە، وێڕای ڕوونکردنەوەی گشتیترین قۆناغەکانی ڕەوتی گەشە کردنی پرۆلێتاریا، ئەو شەڕە ناوخۆییە کەم-تا-زۆر شاراوەی ناو کۆمەڵی ئێستامان خستە بەرچاو. هەتا ئەو جێگایەش شوێنمان هەڵگرت کە ئەو شەڕە، بە شۆڕشێکی ئاشکرا دەتەقێتەوە و بەزۆرتێکڕووخاندنی بۆرژوازي، بناغەی دەسەڵاتدارەتي پرۆلێتاریا دادەڕێژێ.

وەک باسمانکرد، تائێستا بنەمای هەرچی جۆرە کۆمەڵگا بووبێ، لەسەر دژایەتي نێوان چینە زۆردارەکان و چینە زۆرلێکراوەکان بووە. بەڵام بو ئەوەی چینێک زۆری لێبکرێ، دەبێ بارودۆخێکی وا پێک بهێندرێ کە ئەو چینە بتوانێ، هیچ نەبێ وەک کۆیلە، تێیدا گوزەران بکا. ڕەعیەت لە دەورەی دەرەبەگیدا تەقەللایدا و بووبە ئەندامی کۆمۆن. هەروەک وردەبۆرژوا، لە ژێر نیری ملهوڕي فێئۆداڵیدا توانی تا ڕادەی بۆرژوایەک هەڵبدا.

**کرێکاری مۆدێرن، بە پێچەوانە، لەجیاتي هەڵدان لەگەل ڕەوتی پیشەسازي، ڕۆژلەڕۆژ بەرەو ئاستێکی نەویتر لە گوزەرانی چینی خۆی دادەخزێ. ئەو، ڕووت و ڕەجاڵ دەبێ و هەژاریش زۆر خێراتر لە ژمارەی نفووس و لە سەروەت و سامان، پەرەدەستێنێ. لێرەشەوە دیارە کە بۆرژوازي چیدی ناتوانی چینی دەسەڵاتداری کۆمەڵ بێ و هەلومەرجی مانەوەی خۆی وەکوو یاسای زاڵ بەسەرکۆمەڵدا، داسەپێنێ.**

بۆرژوازي، ناتوانێ حکوومەت بکا؛ چونکوو ناتوانێ، بۆ کۆیلەکەی، ژیانێکی وەک کۆیلەش دابین بکا؛ چونکوو ناتوانێ نەهێڵێ کۆیلەکەی بکەوێتە حاڵێکەوە کە لەجیاتی ئەوەی ئەم نانی خۆی لە کۆیلەکەی دابین بکا، ناچاربێ خۆی نانی کۆیلەکەی بدا. کۆمەڵ چیدی ناتوانێ لە ژێر دەسەڵاتی ئەم بۆرژوازییەدا بژی؛ بە واتایەکیتر: چیدی هەبوونی (بۆرژوازي) لەگەل کۆمەڵ نایەتەوە.

مەرجی پێویست بۆ هەبوون و دەسەڵاتدارەتي چینی بۆرژوا، پێکهاتن و کۆمابوونی سەرمایەیە. مەرجی هەبوونی سەرمایەش کاری کرێگرتەیە. کاری کرێگرتەش بەستراوە، تەنیا، بە ململانێی نێوان کرێکارانەوە. پێشکەوتنی پیشەسازي کە بۆرژوازي بەبێ ویستی خۆی بەڕێوەی دەبا، یەکیەتي شۆڕشگێڕانەی کرێکاران کە بەرهەمی لێک کۆوەبوونیانە، دەنێتە جێی بەربەرەکانێیان و جێی پەرشوبڵاوییان.

بۆیە، گەشەی پیشەسازي نوێ، لە ڕیشەی بۆرژوازي دەدا و بەردی ئەو بناغەیە دەردێنێ کە بۆرژوازي، بەرهەمهێنان و تاقەتکردنی بەرهەم و سەروەتەکەی لەسەر دامەزراندووە. بەمجۆرە، **ئەوەی بۆرژوازي، پێش هەمووشتێک، بەرهەمی دێنێ، گۆڕهەڵکەنانی خۆیەتی؛ ڕووخانی بۆرژوازي و سەرکەوتنی پرۆلێتاریا، وەکوو یەک مسۆگەرە.**

II

کرێکاران و کۆمۆنیستەکان

هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان، بەرانبەر بە کرێکاران بەگشتي، دەبێ چی بێ؟ کۆمۆنیستەکان، حیزبێکی جیاواز بەرانبەر باقي حیزبەکانی چینی کرێکار پێک ناهێنن.

ئەوان، هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتي و جیاواز لە بەرژوەندي کارگەرانیان نیە.

ئەوان، لە خۆوە هیچ چەشنە شێوازێکی گرووپي ناهێننە کایەوە کە بزووتنەوەی کارگەري پێ بخەنە قاڵبەوە.

جیاوازي کۆمۆنیستەکان، لە باقی حیزبەکانی چینی کرێکار تەنیا لەوەدایە کە:

١- لە خەباتی نەتەوەیي پرۆلێتاریای وڵاتانی جۆراوجۆردا، ئەوان، لە هەر نەتەوەیەک بن، بەرژەوەندي هاوبەشی هەموو چینی کرێکار دەبینن و دەیخەنە پێش چاو.

٢- لەو پلە جۆراوجۆرانەی پێشرەوي و هەڵداندا کە خەباتی چینی کرێکار دژی بۆرژوازي دەبێ لێی تێپەرێ، ئەوان، هەمیشە و لە هەرشوێن، قازانج و مەسڵەحەتی سەرتاپای بزووتنەوەکە بە تێکرا، دەخەنە بەرچاو.

بەمجۆرە، کۆمۆنیستەکان، لە لایەکەوە بەکردەوە، پێشرەوترین و لێبڕاوترین بەشی حیزبەکانی چینی کرێکاری هەرولاتێکن- ئەوبەشەی کە هەموو بەشەکانیتر، بەرەوپێش، پاڵپێوەدەنێ؛ لە لایەکیترەوە، بە تیئۆری، سەر باقی جەماوەری گەورەی پرۆلێتاریا، لە رێگا و رەوت و بارودۆخ و دەسکەوتە گشتي و مەزنەکانی بزووتنەوەی کارگەري، بە رۆشني تێدەگەن.

نزیکترین ئامانجی کۆمۆنیستەکان، هەروەک باقی حیزبە کرێکارییەکان وایە: رێکخستنی پرۆلێتاریا لە شێوەی چینێکدا کە سەرکردایەتي بۆرژوازي برووخێنێ و دەسەڵاتی سیاسي بەدەستەوە بگرێ.

دەرەنجامە تیئۆریکەکانی کۆمۆنیستەکان بە هیچ جۆرێک لەسەر بیروڕا و ئوسوولێک دانەنراوە کە ئەم یا ئەو چاکخوازی جیهان دایهێنابێ یان دۆزیبێتیەوە.

ئەو تیئۆرییانە، تەنیا، روونکردنەوەی گشتي ئەو پێوەندییە راستەقینانەن کە لە خەباتێکی چینایەتي حازر؛ لە بزووتنەوەیەکی مێژوویی کە لەپێش چاوماندا دەگۆزەرێ، دەوەشێتەوە. هەڵوەشاندنی پەیوەندییەکانی خاوەنداریەتي سەردەم، تەنیا تایبەتمەندي پێناسەی کۆمۆنیزم نیە.

هەموو پەیوەندییەکانی خاوەنداریەتي لە رابوردوودا، بێوچان دەسکایەی ئەو ئاڵو گۆڕە مێژووییە بوون کە خۆی دەرەنجامی گۆڕانی بارۆدۆخی مێژوویی بووە. بۆ نموونە، شۆرشی فەرەنسا، کۆتایي هێنا بە خاوەنداریەتي فێئۆداڵي لە بەرژەوەندي خاوەنداریەتي بۆرژواییدا.

ئەو تایبەتمەندییەی کۆمۆنیزم دەناسێنێ، کۆتایي هێنان بە خاوەنداریەتي بە گشتي نیە؛ کۆتایي هێنانە بە خاوەنداریەتي بۆرژوایي. بەڵام خاوەنداریەتي تایبەتي بۆرژوایي مۆدێرن ئاخرین و تەواوترین نموونەی بەرهەمهێنان و خاوەندارەتي بەرهەمە کە لەسەرئەساسی دژایەتي چینایەتي، لە سەر چەوساندنەوەی زۆربە لە لایەن کەمایەتییەوە، دامەزراوە.

بەم بۆچوونە، دەکرێ تیئۆری کۆمۆنیستەکان لەم دەستە واژەیەدا کورت بکەینەوە: کۆتایي هێنان بە خاوەنداریەتي تایبەتي!

ئێمەی کۆمۆنیست لۆمە دەکەن کە گوایە دەمانەوێ ئەو حەقی خاوەنداریەتي شەخسییە، ئەوەی بەرهەمی کاری کەسەکە خۆیەتي لە ناو دەبەین؛ ئەوەی دەڵێن بنچینەی هەموو ئازادییەکی شەخسي، هەموو هەڵسووڕانێک و سەربەستییەکە: خاوەنداریەتي بەرهەمی رەنجی شان و تێکوشانی شەخسي و لێهاتوویي شەخسي.

ئایا قسە لە خاوەنداریەتي پیشەوەرانی بچووک و خاوەنداریەتي جووتیارانی فەقیرە؟ ئەو شێوە لە خاوەنداریەتي کە پێش خاوەنداریەتي بۆرژوایي هەبووە؟ ئەوە خۆ پێویست ناکا لە ناو برێ؛ هەڵدانی پیشەسازي، هەرئێستا، بەشێکی زۆری لە ناوبردووەو خەریکیشە رۆژ لە رۆژ زیاتر لە ناوی دەبا.

یان قسە لە خاوەنداریەتي تایبەتي بۆرژوایي مۆدێرن دەکەن؟

بەڵام ئایا کاری کرێگرتە هیچ چەشنە خاوەندارەتییەک بۆ کرێکار پێکدێنێ؟ بایی پووشێکیش! کاری کرێگرتە، سەرمایە پێکدێنێ؛ واتە ئەوچەشنە لە خاوەندارییەتي کە کاری کرێگرتە دەچەوسێنێتەوە؛ کە ناشتوانێ زیاد بکا مەگەر لە هەلومەرجێکدا کە دیسان کاری کرێگرتە پێکبێنێ بۆ چەوساندنەوەی سەرلەنوێ. خاوەنداریەتي لەم شێوەی حازري دا، لەسەر دژایەتي نێوان سەرمایە و کاری کرێگرتە ڕاوەستاوە. با سەرنجێک بدەینە هەردووباری ئەم ناتەباییە:

سەرمایەداربوون، تەنیا پلەوپایەیەکی شەخسي نیە؛ بەڵکوو، پلەوپایەیەکی کۆمەڵایەتیشە لە بەرهەمهێناندا. سەرمایە، بەرهەمێکی کاری کۆمەڵایەتییە و تەنیا بە کاری هاوبەشی گەلێک لە ئەندامانی کۆمەڵ، باشیش سەرنجی بدەین، لەوەش واوەتر، تەنیا بەکاری هاوبەشی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ دەتوانێ بکەوێتە گەڕ.

بۆیە، سەرمایە، نەک هێزێکی شەخسي، بەڵکوو، هێزێکی کۆمەڵایەتییە. بەمجۆرە، کاتێک سەرمایە، دەکەوێتە خاوەندارییەتي ئیشتراکییەوە –خاوەندارییەتي هەموو ئەفرادی کۆمەڵەوە- لەوحاڵەدا، خاوەندارییەتي شەخسي نەگۆڕاوە بە خاوەندارییەتي کۆمەڵایەتي. هەرتەنیا کاراکتەری کۆمەڵایەتي خاوەندارەتییەکە گۆڕاوە؛ کاراکتەرە چینایەتییەکەی لەدەستداوە.

ئێستا، بچینە سەرباسی کاری کرێگرتە:

نرخی ناونجي کاری کرێگرتە، بریتییە لە لانی کەمی کرێ؛ واتا ئەو ئەندازەیە لە کەرەسەی گوزەران کە تەنیا بژیوی ڕووتی ئەو، وەکوو کرێکارێک، دابین بکا. کەوایە، ئەوەی کاری کرێگرتە بە بەرهەمی کارەکەی دەتوانێ بەدەستی بێنێ، تەنیا بەشی گوزەرانە ڕووتییەکەی دەکا و درێژەدان بەو گوزەرانە. ئێمە، بە هیچ شێوەیەک نامانەوێ ئەم خاوەنداریەتییە شەخسییە کە بەرهەمی کارە؛ کە بۆ گوزەران و درێژەدان بە ژیانی بەشەر پێویستە؛ کە زیادییەکی لێ نامێنێتەوە تا کاری کەسانیتری پێ داگیربکرێ، هەڵوەشێنینەوە. هەموو ئەو شتەی کە ئێمە دەمانەوێ نەمێنێ کاراکتەری مەینەتبارو بێزاریهێنەری ئەمجۆرە خاوەنداریەتییەیە کە لە سایەیدا، کرێکار، هەرتەنیا بۆیە دەژی کە سەرمایە زیادبکا و تەنیا ئەوەندەش زیندووە کە قازانجی چینی دەسەڵاتدار پێویستي پێبێ.

لە کۆمەڵگای بۆرژوازیدا، کاری زیندوو، هەرتەنیا ئامڕازێکە بۆ زیاتربوونی کاری کۆمابوو. لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا، کاری کۆمابوو، تەنیا ئامڕازێکە بۆ ئاسوودەیي و بەهرەمەندي و تێروتەسەلي گوزەرانی کرێکار.

کەوایە، لە کۆمەڵگای بۆرژواییدا، ڕابوردوو حوکم بە سەر ئیستاکەدا دەکا؛ لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا، ئێستا حوکم بەسەر ڕابوردوودا دەکا. لە کۆمەڵگای بۆرژواییدا، سەرمایە سەربەخۆیە و خاوەنی کەسایەتییە، لەحاڵێکدا، ئینسانی زیندوو دەستەنەخوارە و بێ کەسایەتییە.

لەناوبردنی ئەم بارودۆخەیە کە بۆرژوازي پێیدەڵێ لەناوبردنی کەسایەتي و ئازادی! ڕاستیش دەکا؛ بێگومان، قسە لە سەر لەناوبردنی کەسایەتي بۆرژوایي، سەربەخۆیي بۆرژوایي و ئازادي بۆرژواییە!

مەبەست لە ئازادي، لە پێوەندي بەرهەمهێنانی سەرمایەداري ئێستادا، ئازادي بازرگاني، ئازادي کڕین و فرۆشتنە.

بەڵام ئەگەر کڕین و فرۆشتن لە ناو چوو، دیارە کڕین و فرۆشتنی ئازادانەش لە ناو دەچێ. قسەوباس سەبارەت بە ئازادي کڕین و فرۆشتن و قسەی زلی لەم چەشنەی بۆرژوازییەکەمان سەبارەت بە ئازادي بەگشتي، ئەگەر مانایەکی هەبێ، تەنیا بەرانبەر بە کڕین و فرۆشتنی بەرتەسک و سەبارەت بە بازرگانانی بێدەرەتانی سەدەکانی ناوەڕاست مانای هەیە. بەڵام کاتێک ڕووبەڕووی ئەم مەبەستە کۆمۆنیستییەی لە ناو بردنی کڕین و فرۆشتن دەبێتەوە، کاتێک ڕووبەڕووی لە ناو بردنی بارودۆخی بۆرژوایي بەرهەمهێنان و لە ناو بردنی خودی بۆرژوازي دەبێتەوە، هیچ مانای نامێنێ.

**ئێوە، لەوە دەترسن کە ئێمە دەمانەوێ خاوەنداریەتي تایبەتي لە ناو بەرین؛ بەڵام لە کۆمەڵگای حازري ئێوەدا، خاوەنداریەتي تایبەتي، هەرئێستا، بۆ نۆ لەسەر دەی خەڵک، لە ناو چووە. هەبوونیشی، بۆ ئەو جەماعەتە کەمە، هەر بەستراوە بە نەمانی خاوەنداریەتییەوە بۆ ئەو نۆ لە سەر دەیە.**

کەوابێ، ئێوە، لۆمەی ئێمە دەکەن کە دەمانەوێ ئەو خاوەنداریەتییە لە ناو بەرین کە شەرتی پێویست بۆ هەبوونی، بریتییە لە نەبوونی هیچ خاوەنداریەتییەک بۆ زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵ.

**بەکۆرتي، ئێوە لۆمەی ئێمە دەکەن کە دەمانەوێ خاوەنداریەتي ئێوە لەناوبەرین؛ ئەرێ، ڕاست وایە! ئەمە هەر ئەو کارەیە کە ئێمە دەمانەوێ بیکەین.**

هەرئەوەندەی، کار چیدی نەبێتە سەرمایە، پووڵ یان بەهرەی زەوی؛ نەکرێ ببێتە هێزێکی کۆمەڵایەتي کە دەست-بەسەرداگرتن هەڵبگرێ؛ یانی لەو کاتەوە کە خاوەنداریەتي شەخسي نەکرێ ببێتە خاوەنداریەتي بۆرژوایي، نەکرێتە سەرمایە، دەستبەجێ ئێوە دەڵێن کەسایەتي تاکەکەس لە ناو چووە!

کەوایە، ئێوە، دەبێ پێ بێن کە مەبەستتان لە تاکە کەس، جگە لە بۆرژوا، جگە لە مالیکانی چینی سەرمایەدار کەسی تر نیە. ئەم کەسایەتییە، هەر بەڕاستیش دەبێ فڕێدرێ و ئاسەواری نەمێنێ.

**کۆمۆنیزم، ئیمکانی خاوەنداریەتي بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکان لەهیچکەس نابڕێ. ئەوەی دەیکا، پێشگرتنە لە بۆرژوازي کە کاری کەسانی تر بەهۆی خاوەنداریەتییەوە داگیر نەکا.**

باسی ئەوە کراوە کە بەشوێن لەناو بردنی خاوەنداریەتي تایبەتیدا، چی کار و چی هەڵسووڕانە دادەمرێ و تەمبەڵییەکی گشتي داماندەگرێ. ئەگەر وابوایە کۆمەڵگای بۆرژوایي دەبوا لەمێژە، بەهۆی تەوەزەلي و کارنەکەري یەکجارییەوە هەر ئاسەواری نەمایە. چونکوو ئەو ئەندامانەی کۆمەڵ کە کاردەکەن هێچیان پێ نابڕێ؛ ئەوانەش کە هەمووشتێکیان هەیە، خۆ، کار ناکەن. هەموو ئەم ئینکارکردنانە، هیچ نیە، جگە لە بەیانێکی تر لە دووپاتکردنەوەی ئەوڕاستییە کە: کاتێک سەرمایە نەما، کاری کرێگرتەش نامێنێ!

هەموو ئەو ڕەخنانەی کە لە شێوە بەرهەمهێنانی کۆمونیستي و شێوەی کومۆنیستي خاوەنداریەتي بەرهەمە مادد‌ییەکان گیراوە، هەر بەوشێوەیە، ئاڕاستەی شێوەی بەرهەمهێنان و خاوەنداریەتي بەرهەمە فکرییەکانیش کراوە. چلۆن لەناو چوونی خاوەنداریەتي چینایەتی بۆ بۆرژوازي بەمانای لەناوچوونی بەرهەمهێنان خۆیەتی، هەر بەو جۆرەش لە ناو چوونی فەرهەنگی چینایەتي، لەچاو ئەوانەوە، هەرهەمان لەناوچوونی فەرهەنگە بە گشتي.

ئەو فەرهەنگەی کە ئەو، بۆ نەمانی، فرمیسک هەڵدەوەرێنێ، بۆ زۆربەی زۆری ئەفرادی کۆمەڵ تەنیا فێربوونی ئەوەی تێدا بووە کە وەک مەکینە هەڵسووڕێن!

بەڵام، چیدی دەنگ هەڵمەبڕن و مەبەستی ئێمە بو هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریەتي بۆرژوایي بە پێوانەی بۆرژوایانەی خۆتان لەمەڕ ئازادي و فەرهەنگ و قانوون و شتی وا، هەڵمەسەنگێنن. گەلێک لە بیروڕاکانی ئێوە، هەر لە بارودۆخی بەرهەمهێنانی بۆرژواییتانەوە و لە خاوەنداریەتي بۆرژواییتانەوە سەری هەڵداوە؛ هەروەک سیستمی یاساییتان هەر ویست و وەسیەتی چینی خۆتانە و کراوە بە قانوون بۆ هەموان؛ ویست و وەسیەتێک کە کاراکتەر و ڕێگاوڕەوتی ئەسڵي، بە هەلومەرجی ئابووري هەبوونی چینەکەتان دیاریکراوە.

خەیاڵی خۆپەرستانەیە کە هەڵتاندەنێ کە شێوە ی کۆمەڵایەتي وەشاوە لە شێوەی ئێستای بەرهەمهێنان و شێوەی خاوەنداریەتي خۆتان، کە خۆی پێوەندییەکی مێژووییە و بە هەڵدانی بەرهەمهێنان دێت و دەشڕوا، وەکوو یاسای هەمیشەیي سروشت و عەقڵ بنوێنن. ئەمە هەرئێوە نەتانکردووە؛ هەموو چینە دەسەڵاتدارەکانی پێش ئێوەش کردوویانە. ئەوەی بەڕووني سەبارەت بە خاوەنداریەتي کۆن ئەیبینن، ئەوەی سەبارەت بە خاوەنداریەتي فێئۆداڵي دەیسەلمێنن، دیارە سەبارەت بە شێوەی خاوەنداریەتي بۆرژوایي خۆتان، ناتوانن بیسەلمێنن.

با بێینە سەر باسی هەڵوەشاندنەوەی خێزان؛ تەنانەت هەرەڕادیکاڵەکانیش، لەم نیازە ناحەزەی کۆمۆنیستەکان تووڕەن!

خێزانی ئێستا، خێزانی بۆرژوازي، لە سەر چ ئەساسێک دامەزراوە؟ لەسەر ئەساسی سەرمایە؛ لە سەر داهاتی شەخسي. ئەمە، لە شێوەی پڕوپەیمانی خۆیدا، تەنیا لە نێو بۆرژوازیدا هەیە. بەڵام ئەم بارودۆخە، جووتی خۆی لە نەبوونی پراکتیکي خێزان لە نێو پرۆلێتەرەکاندا دەبینێتەوە و لە لەشفرۆشي گشتیدا.

کاتێک ئەم جووتەی خێزانی بۆرژوازي نەمێنێ دیارە، ئەویش نامێنێ؛ هەردووکیشیان بە فەوتانی سەرمایە لە ناو دەچن.

ئایا تاوانبارمان دەکەن کە دەمانەوێ کۆتایي بێنین بە چەوساندنەوەی منداڵان لە لایەن باوک ودایکیانەوە؟ ئێمە پێی لێدەنێین لەم تاوانە!

بەڵام ئێوە دەڵێن، ئێمە کاتێک پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتي دەکەینە جێ نشینی پەروەردەکردنی نێوماڵ، پێوەندییە هەرە پیرۆزە کان لە ناو دەبەین. ئەی پەروەردە کردنی خۆتان چی؟ ئایا ئەویش کۆمەڵایەتي نیە؟ لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە نەوەشاوەتەوە کە خۆتان تێیدا ژیاون؟ بە دەستێوەردانی، ڕاستەوخو یا ناڕاستەوخۆی، کۆمەڵ نەبووە؟ بەهۆی مەکتەب و شتی واوە نەبووە؟ کۆمۆنیستەکان، دەستێوەردانی کۆمەڵ لە پەروەردە و بارهێنانیان دانەهێناوە؛ ئەوەی دەیکەن، هەر ئەوەندەیە هەوڵ دەدەن کاراکتەری ئەو دەستێوەردانە بگۆڕن و پەروەردە و بارهێنان لە دەستێوەردانی چینی دەسەڵاتدار رزگار بکەن.

مفتەوێژي بۆرژوازي سەبارەت بە خێزان و پەروردە و بارهێنان؛ سەبارەت بە پێوندي پیرۆزی نێوان دایک باوک و منداڵ؛ کاتێک یەکجاري جێگای بێزاري هەرە زیاترە کە لە سایەی هەڵدانی پیشەسازي مۆدێرندا، چی پێوەندي خێزاني نێو پرۆلێتەرەکانە، ڕۆژلەڕۆژ زیاتر لە بەر یەک دەترازێن و منداڵانیان، ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر دەبنە کەرەسەی ئاسایي سات وسەودا و دەبنە ئامێری کارکردن.

ئاخر ئێوەی کۆمۆنیست دەتانەوێ ئیشتراکیەتی ژنان دابێنن! هەموو بۆرژوازي، هاودەنگ، ئەمە هاواریانە.

بۆرژوازي ژنی خۆی وەک ئامێرێکی بەرهەمهێنان دەبینێ و بەس. بیستوویەتی کە ئامێری بەرهەمهێنان دەبێ هەمووان بەهرەی لێ بەرن؛ دەی دیارە ناتوانی بە ئاکامێکی تر بگا جگە لەوەی کە هەر ئەو ئیشتراکییەتەی هەموو ئامێرێک، ژنانیش دەگرێتەوە.

ناتوانێ تەنانەت بیر لەوەش بکاتەوە کە مەبەستی سەرەکي ئەوەیە ئەو بارودۆخەی سەیرکردنی ژنان، بەس وەک ئامێرێکی بەرهەمهێنان، نەمێنێ.

جگە لەوە، هیچ لە هەراسان بوونی نەجیبانەی بۆرژواکانمان سەبارەت بە ئیشتراکي بوونی ژنان سەیرتر نیە کە دەڵێن گوایە کۆمۆنیستەکان بە ئاشکراو بە ڕسمي دایدەمەزرێنن. کۆمۆنیستەکان پێویستییان بەوەنیە ئیشتراکي بوونی ژنان بکەنە باو؛ ئەمە، کەم تا زۆر، لەکۆنەوە هەربووە.

بۆرژواکانمان ئەوەیان بەس نیە کە هاوسەران و کچانی پرۆلێتەرەکانیان لە بەردەستدایە، باسی لەشفرۆشە گشتییەکانیشمان با نەکردبێ، زیاترین لەزەت لەوە دەبەن کە دەست لەگەل هاوسەرانی یەکتر تێکەڵ کەن.

ژن و مێردایەتي بۆرژوایي، لە ڕاستیدا، خۆی سیستێمێکی ئێشتراکیەتی هاوسەرانە و هەربۆیەش، ئەوپەڕی لۆمەیەک بتوانن دەرحەق بە کۆمۆنیستەکان بیکەن ئەوە دەبێ کە ئیشتراکیەتی شاراوە لە ژێر لۆمەی توند و ڕیاکارانەدا، بەئاشکراو بەڕسمي ڕادەگەیەنن. ئاشکرایشە کە لە ناو چوونی سیستمی ئێستای بەرهەمهێنان، خۆی، لە ناو چوونی ئیشتراکییەتی وەشاوە لەم سیستێمە؛ یانی لە ناو چوونی لەشفرۆشي گشتي و تایبەتي بە شوێنخۆیدا دێنێ.

دیسان کۆمۆنیستەکان لۆمە دەکەن کە دەیانەوێ نیشتمان و نەتەوایەتي هەڵوەشێننەوە.

کرێکاران نیشتمانیان نیە. ئێمە ناتوانین شتێکیان لێ بستێنین کە هەر نەیانبووە. ئاخر پرۆلێتاریا، پێش هەمووشتێک، پێویستە بە سەرکردەیي سیاسي بگا، دەبێ خۆی بگەیەنێتە جێگای چینی ڕێبەری نەتەوە؛ دەبێ خۆی بکاتە داشتیاری نەتەوە؛ ئەو خۆی هێشتا نەتەوەییە، هەرچەند نە بە مانای بۆرژوایي ئەم وشەیە.

جیاوازي نەتەوایەتي و دژایەتي نێوان خەڵکەکان، بەهۆی پەرەسەندنی بۆرژوازي و ئازادي بازرگاني و بازاڕی جیهاني و وێکچوونی شێوەی بەرهەمهێنان و بەهۆی تەبا بوونی بارودۆخی ژیانی گشتییەوە، ڕۆژ لەگەل ڕۆژ دەسڕدرێتەوە.

سەرکردەیي پرۆلیتاریا دەبێتەهۆی هەرچی-خێراتربوونەوەی ئەم ڕەوتە. هاوخەباتي، لانیکەم لە وڵاتانی جڵەوداری شارسانیەت، یەکێک لە مەرجە سەرەتاییەکانی ڕزگاري پرۆلێتاریایە.

هەرچەندە چەوساندنەوەی کەس لە لایەن کەسی دیکەوە کۆتایي پێبێ، چەوسانەوەی نەتەوەیەک لە لایەن نەتەوەیەکی دیکەشەوە کۆتایي پێدێ. هەرچەندە دژایەتي نێوان چینەکان لە ناو نەتەوەدا لە ناو چووبێ دوژمنایەتی نەتەوەیەک دژی نەتەوەیەکی دیکەش دەگاتە کۆتایي.

تۆمەتباري دژی کۆمۆنیزم کە لە ڕوانگەی ئاییني، فەلسەفي یان بە گشتي، ئیدیۆلۆژیکەوە دەکرێن، شیاوی لێکۆڵینەوەیەکی ڕاستەقینە نین.

ئایا تێگەیشتن لەم ڕاستییە کە بیروباوڕی ئینسان، روانگەو بۆچوونەکانی، بەکورتي بڵێین: شوعووری ئینساني، بەگوێرەی هەر گۆڕانکارییەک لە بارودۆخی ژیانی ماددیدا، لە پەیوەندە کۆمەڵایەتیەکانیدا و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەگۆڕدرێ، زەینێکی تیژی دەوێ؟

مێژووی بیروڕا چی نیشاندەدا، جگە لەوەی کاراکتەری بەرهەمهێنانی فکري، بەگوێرەی ئاڵوگۆڕی بەرهەمهێنانی ماددی دەگۆڕدرێ؟ بیروڕای زاڵ لە هەر سەردەمێکدا، هەمیشە بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدار بووە.

کاتێک خەڵک باسی ئەو بیروڕایانە دەکەن کە کاری شۆڕشگێڕانە دەکەنە سەر کۆمەڵ، تەنیا ئەو ڕاستییە دەخەنە ڕوو کە لە نێو جەرگەی کۆمەڵگای کۆندا، بنچینە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگایەکی نوێ پێکهاتوون؛ کە هەڵوەشانی بیروڕای کۆن، شانبەشانی هەڵوەشانی هەلومەرجی کۆنی ژیان و گوزەران دەچێتە پێش.

کاتێک جیهانی قەدیم لە سەرەمەرگدا بووە، ئایینی مەسیح بەسەر دینە قەدیمییەکاندا زاڵبوو. کاتێک بیروڕای مەسیحي، لەسەدەی ١٨دا کەوتە بەر هێرشی بیروڕای ڕاسیۆنالیستي، کۆمەڵگای فیئۆدالي لەگەل بۆرژوازي ئەوکات-شۆڕشگێڕدا شەڕی

سەرەمەرگی دەکرد. بیروڕای ئازادي مەزهەبي و سەربەستي ویجدان، ئەنیا نیشانەی زاڵبوونی ململانێی ئازاد بوو لە مەیدانی شوعوور و زانستدا.

ڕەنگە بڵێن، "بێگومان، بیروڕای ئاییني، ڕەوشتي، فەلسەفي و یاسایي، بە گەشە و هەڵدانی مێژوویي ڕوونتر بوونەتەوە. بەڵام ئایین، ئەخلاق، فەلسەفە، زانستی سیاسەت و یاسا، هەمیشە ئەم ئاڵوگۆڕانەیان تێپەڕکردووە و ماونەتەوە".

جگەلەوە، "ڕاستییە هەمیشەیي و نەمرەکان وەک ئازادي و دادوەري و شتی وا، لە هەموو قۆناغ و حاڵێکی کۆمەڵدا، وەکوویەکە. بەڵام کۆمۆنیزم، لەجیاتي ئەوەی ئەم ڕاستییە نەمرانە لەسەر ئەساسێکی نوێ، دا مەزرێنێتەوە؛ لە ناویان دەبا. هەموو ئایینەکان و هەموو ئەخلاق لەنێودەبا. بەمجۆرە، بەپێچەوانە و دژ بە هەموو تەجرەبەیەکی مێژوویي رابوردوو دەجووڵێتەوە".

ئاماژەی ئەم تۆمەتبارکردنە بەرەو کوێیە؟ مێژووی هەموو کۆمەڵگاکانی ڕابوردوو، لەسەرتەشەنە کردنی ناتەبایي چینایەتي ساغ بووەتەوە؛ ناتەباییەک کە لە سەردەمی جۆراوجۆردا شکڵ و شێوەی جیاوازی بووە.

بەڵام لەهەر شکڵێک و شێوەیەکدا بووبن، ڕاستییەک لە هەموویاندا هاوبەشە، ئەویش چەوسانەوەی بەشێکی کۆمەل بووە لە لایەن بەشێکیتریەوە. بۆیە، سەیرنیە کە شوعووری کۆمەڵایەتي چەرخەکانی پێشوو، سەرەڕای هەر جیاوازییەک، لە شکڵ و شێوەدا و لە بیروڕا گشتییەکانیاندا وەکوویەک بووبن؛ ئەو شکڵ و شێوانەی کە قەت بەتەواوي لە ناوناچن، بە لەناوچوونی یەکسەرەی دژایەتي چینایەتي نەبێ.

شۆڕشی کۆمۆنیستي، ڕیشەییترین پچڕانە لە پێوەندي نەریتي خاوەنداریەتي؛ سەیریش نیە کە لە گەشەی خۆیدا، دەکێشێتە ڕیشەییترین پچڕان لە بیروڕا نەریتییەکان.

بەڵام با واز لە ڕەخنەکانی بۆرژوازي لە کۆمۆنیزم بێنین.

پێشتر، ڕوونمان کردەوە کە یەکەم هەنگاوی شۆڕشی چینی کرێکار ئەوەیە کە پرۆلێتاریا، هەتا جێگای چینی دەسەڵاتدار بەرێتەسەر و کێشەی دیمۆکراسي بباتەوە.

پرۆلێتاریا، دەسەڵاتي سیاسي خۆی، بۆ دەرکێشانی هەنگاوبەهەنگاوی هەموو سەرمایە لە چنگی بۆرژوازي، بەکاردینێ؛ بۆ یەکجێکردنەوەی هەموو کەرەسەی بەرهەمهێنان لە دەستی دەوڵەت یانی پرۆلێتاریای وەک چینی دەسەڵاتدارڕێکخراودا و بۆ گەشەپێدانی هەرچەندی بکرێ خێراتری گشت هێزە بەرهەمهێنەرەکان.

ئەڵبەت لەسەرەتادا، ئەمە، تەنیا بە هێرشکردنە سەر مافەکانی خاوەنداریەتي و هەل و مەرجي بەرهەمهێنانی بۆرژوایي دەست دەدا؛ شێوەی وەها کە لە باری ئابوورییەوە ناڕەسا و لەرزۆک دێتە پێش چاو. بەڵام لە ڕەوتي بزووتنەوەکەدا، ئەم شێوەکارانە دەخەملێن و هێرشی یەک لە دواییەک بۆ سەرکۆمەڵگای کۆن، بەشوێن خۆیاندا دێنن کە بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی شێوەبەرهەمهێنانی کۆن پێویستن.

دیارە، ئەم ڕێگا چارانە لە وڵاتانی جۆراوجۆر فەرق دەکەن بەڵام لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، ئەمانەی خوارەوە، دەکرێ تاڕادەیەکی زۆر بەگشتي جێبەجێ بکرێ:

١- هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریەتي زەوی و تەرخانکردنی هەموو داهاتی زەویوزار بۆ پێویستییە گشتیەکان؛

٢- باجێکی قورسی ڕوو لە زیادبوون، یان پلە بە پلە لە سەر داهات؛

٣- هەڵوەشاندنەوەی هەرچەشنە مافێکی میرات بردن؛

٤- دەستگرتن بەسەر دارایي هەموو هەڵاتووان و یاخییەکاندا؛

٥- یەکجێکردنەوەی متمانەی بانکي (ئیعتیبارات) لە دەستی دەوڵەتدا، بەهۆی بانکێکی نەتەوەییەوە بە سەرمایەی دەوڵەتي و بە مافی قۆرخکردنی تایبەتییەوە؛

٦- کۆکردنەوەی تەواوی کەرەسەی گواستنەوە و پێوەندي هاتوچوو لە دەستی دەوڵەتدا؛

٧- پەرەدان بە کارخانە و کەرەسەی بەرهەمهێنان کە دەوڵەت خاوەنی بێ؛ دایەر کردنی زەوییە بایەرەکان و بووژاندنەوەی کێڵگەکان بەگشتي، بە گوێرەی پلانێکی هاوبەش؛

٨- پابەند کردنی هەموان، بە یەکسان، بۆ کارکردن؛ دامەزراندنی لەشکری پیشەسازي بەتایبەت بۆ کشتوکاڵ؛

٩- لێکگرێدانی کشتوکاڵ لەگەل پیشەسازي مانۆفاکتۆري؛ سڕینەوەی وردەوردەی جیاوازي نێوان شار و دێ؛

١٠- بەخۆڕايي كردنی پەروەردە بۆ هەموو منداڵان لە مەكتەبە گشتييەكاندا؛ نەهيشتنی كاركردنی مناڵان لە كارخانەكان بەم شێوەی ئێستا؛ لێكگرێدانی فێركردن و بارهێنان لەگەل بەرهەمهێنانی پيشەسازي و شتی وا.

كاتێک لە ڕەوتی گەشە و هەڵداندا، جياوازي چينايەتي لەناو چووبێ و هەموو بەرهەمهێنان لە دەستی كۆمەڵانی بەرينی هەموو نەتەوەدا كۆبووبێتەوە، دەسەڵاتی جەماوەر كاراكتەرە سياسييەكەی لەدەست دەدا. دەسەڵاتی سياسي، بەمانای پڕبەپڕی خۆی، تەنيا بريتييە لە هێزی ڕێكخراوی چينێک، بۆ سەركوت كردنی چينێكيتر. ئەگەر بارودۆخ، پرۆلێتاريا ناچاردەكا وێڕای خەباتی خۆی دژی بۆرژوازي، خۆی وەكوو چينێک ڕێک بخا، ئەگەر لە ڕێگای شۆڕشەوە خۆی دەكاتە چينی دەسەڵاتدار و بە پێی ئەوەش بارودۆخی كۆنی بەرهەمهێنان ڕاماڵ دەدا؛ لەگەل ڕاماڵينی ئەو بارودۆخە، هەلومەرجی بوون و مانی ناتەبايي چينايەتي و بەگشتي، هەلومەرجی هەبوونی چينی كۆمەڵايەتي دەسڕێتەوە و هەربەوەش، دەسەڵات و سەركردەيي خوی وەكوو چينێک، ژێركەن دەكا.

لەجياتی كۆمەڵگای كۆنی بۆرژوازي بە چينەكانييەوە و بە ناتەبايي چينايەتيەوە، كۆمەڵێكمان دەبێ كە تێيدا هەڵدانی ئازادانەی تاكەكەس خۆی مەرجی هەڵدانی ئازادانەی هەموانە.

## III

## ئەدەبياتی سۆسياليستي و كۆمۆنيستي

### ١- سۆسياليزمی كۆنەپەرستانە

### ئەلف- سۆسياليزمی فێئۆداڵي

ئەريستۆكراسييەكانی فەرەنسا و ئينگليز، بە بۆنەی جێگاوشوێنی مێژووييانەوە، نووسينی تەوسنامە لە دژی كۆمەڵگای مۆدێرنی بۆرژوايي كەوتبوە ئەستۆيان. لە شۆڕشی حوزەيرانی ١٨٣٠ فەرەنسادا [15] و لە بزووتنەوەی ڕێفۆرمدا لە ئينگليز، ئەم ئەريستۆكراسييانە سەريان بۆ ئەم تازەپێداكەوتووە قيزەونە شۆڕكرد. پاش ئەوەش قەت نەيانتوانی باسی خەباتێكی سياسي ڕاستەقينە بكەن. ڕێگايەک كە بۆيان مابووەوە، تەنيا خەباتێكی ئەدەبي بوو. بەڵام لە ئەدەبياتيشدا، هاتوهاواری كۆنی دەورانی ژياندنەوەی پاشايەتی[16] ڕێگای نەمابوو.

ئەريستوكراسي، بۆ هەڵگيرساندنی هاوسۆزي و سيمپاتي بۆ خۆيان، ناچار بوون بەڕواڵەت لايەنی بەرژەوەندي خۆيان بەردەن و دادنامەكەيان دژی بۆرژوازي هەر تەنيا لە بەرژەوەندي چينی چەوساوەی كرێكار فورمووله بكەن. بەمجۆرە، ئەريستۆكراسي بەوە حەقی سەندەوە كە لۆترەواني بە ئاغای تازەياندا هەڵبڵێ و بە سرتەش پێشبيني وەيشوومەی نەهات، بەگوێيدا بسريوێنێ.

ئاوا، سۆسياليزمی فێئۆداڵي، نيوەی شين و نيوەی تەوس، نيوەی نەزيلەی كۆن و نيوەی هەڕەشەی دواڕۆژ، سەريهەڵدا كە جارجارەش ڕەخنە تفت و تاڵ و پڕهەڵيت و پەڵيتە زەهراوييەكانی، ڕاستەوخۆ كاری لە جەرگی بۆرژوازي دەكرد. بەڵام هەميشەش بەكردەوە دەبووە گاڵتەجاڕ؛ ئاخر لە ئاستی تێگەيشتن لە ڕەوتی نوێی مێژوودا يەكجار خەرەفاو بوو.

ئەريستۆكراسي، بۆ ڕاكێشانی خەڵک بۆلای خۆ، توورەكەی سواڵي پرۆلێتاريای وەک ئاڵايەک بەرز دەكردەوە بەڵام خەڵكی شوێنكەوتوو، هەرئەوەندەی نيشانی قەديمي فێئۆداڵييان بە نێوشانەوە دەدين بەقاقای گاڵتەو سووكايەتييەوە، لە دەوريان دەڕەوينەوە.

بەشێک لە لۆژيتيميستەكان[17]ی فەرەنسا و "ئێنگليزی لاو"[18] ڕوون و ئاشكرا، خەريكی ئەم بەزمەن.

---

[15] لە تەمووزی ١٨٣٠دا خەڵكی پاريس، دژی شارلی دەهوم شۆڕشيان كرد. بەشی كۆنتری خانەدانی بۆربۆن وەدەرنران و لووئی فيليپ، لە بەشی جەوانتری ئەو خانەدانە، بوو بە شای فەرانسا.

[16] مەبەست ژياندنەوەی پاشايەتي ئينگليز، لە نێوان ساڵەكانی ١٦٦٠تا ١٦٨٩ نيە، بەڵكوو ژياندنەوەی پاشايەتي فەرەنسايە لە ساڵی ١٨١٤ەوە تا ١٨٣٠.

(تێبيني ئێنگڵس بۆ چاپی ئينگليزي ١٨٨٨)

[17] لۆژيتيميستەكان، حيزبيک بوون لە نەجيبزادە خاوەن موڵكەكان كە داوای گەڕانەوەی دەسەڵاتی پاشايەتي بۆربۆنيان دەكرد.

فێئۆدالەکان کە دەڵێن شێوەی چەوسانەوەی ئەوان فەرقی هەبوو لە گەڵ هی بۆرژوازي، ئەوە لەبیردەبەنەوە کە ئەوان لە ڕۆژگار و لە بارودۆخێکی تەواو جیاوازدا خەڵکیان دەچەوساندەوە؛ بار و دۆخێک کە ئێستا کۆن بووە و کاتی بەسەرچووە. کە دەڵێن لە کاتی دەسەڵاتی ئەواندا، پرۆلێتاریای مۆدێرن هەرنەبووە، لە بیری دەبەنەوە کە بۆرژوازي مۆدێرن هەر لە نیزامە کۆمەڵایەتیەکەی خۆیان کەوتووەتەوە.

لەمانەش بەدەر، ئەوان هێندە کەم کاراکتەری کۆنەپەرستانەی ڕەخنەکەیان دەشارنەوە کە سەرەکیترین تاوانێک کە دەیخەنە لای بۆرژوازي، بریتییە لە وەی کە لە سایەی ڕژیمی بۆرژواییدا، چینێک خەریکە سەرهەڵدەدا کە سبەینێ ڕیشە و ڕەتەوەی نیزامی کۆمەڵایەتي کۆن دەردێنێ.

ئەوەی ئەوان زیاتر بۆرژوازي لەسەر لۆمەدەکەن، ئەوەنیە کە پرۆلێتاریای دروستکردوە بەڵکوو ئەوەیە کە پرۆلێتاریای شۆڕشگێڕی پێکهێناوە.

هەربۆیەش، لە کردەوەی سیاسیدا، لە هەموو زەبر و زەنگێکدا دژی پرۆلێتاریا، بەشداریدەکەن و لە ژیانی ئاساییشدا، بەپێچەوانەی هەموو قسەزلەکانیان، بۆ هەڵگرتنەوەوەی سێوە زێڕینەکان کە لە درەختی پیشەسازي هەڵدەوەرێن، دادێنەوەو ئامادەن ڕاستي و ئەڤین و شەرەف لەگەڵ خوری و چەوەندەر و عەرەقی پەتاتە سەودابکەن[19].

چلۆن کەشیش، بەردەوام، شانبەشانی فێئۆداڵ ڕۆیشتوە، سۆسیالیزمی ئایینیش شانبەشانی سۆسیالیزمی فێئۆداڵي دەڕوا.

هیچ لەوە ئاسانترنیە کە ڕەنگی سۆسیالیستي لە ڕیازەتکێشي مەسیحي بدرێ. مەگەر ئائینی مەسیح لە دژی خاوەنداریەتي تایبەتي و مارەبڕین و دەوڵەت، نەدواوە؟ ئایا لە جیاتي ئەمانە، چاکەکردن، فەقیري، ژیان بەسەڵتي، کوشتنی نەفس، تەرکی دنیا و کلیساداري مەوعیزە ناکا؟ سۆسیالیزمی مەسیحي هیچ نیە، جگە لە ئاوێکی تەبەڕوک کە کەشیشان، کوڵی دڵی ئەریستۆکراسي پێ فێنک دەکەنەوە.

## ب: سۆسیالیزمی وردە-بۆرژوایي

ئەوە هەرچینی ئەریستۆکراسي فێئۆداڵ نیە کە بۆرژوازي رووخاندوویە. تەنیا ئەو نیە کە هەلومەرجی بوون و مانی لە حاڵ وهەوای کۆمەڵگای بۆرژوایي مۆدێرندا لەناوچووە. شارنشینەکانی سەدەکانی ناوەڕاست؛ جووتیارە خاوەن زەوییە چکۆلەکان، پێشینانی بۆرژوازي مۆدێرن بوون. لەو وڵاتانەی کە جارێ لەباری پیشەسازي و بازرگانییەوە کەم گەشەیان کردوە، ئەم دووچینە هێشتا لە تەنیشت بۆرژوازي پەرەئەستێندا نیوەگیانێکیان هەیە.

لەو وڵاتانەی شارستانیەتی مۆدێرن تەواو پەرەی سەندوە، چینێکی نوێ لە وردەبۆرژوازي پێکهاتووە کە لە نێوان بۆرژوازي و پرۆلێتاریادا سەروخوار دەکا و وەک بەشێکی پاشکۆی کۆمەڵگای بۆرژوایي بەردەوام خۆی دەژیەنێتەوە. بەڵام کەسانی ئەم چینە کە بەردەوام، بە هۆی ململانێ وە بەرەونێو پرۆلێتاریا فڕێدەدرێن. هەرچەندی پیشەسازي مۆدێرن پەرەدەستێنێ، نزیکبوونەوەی ئەو دواڕۆژەش ڕۆشنتر دەبینن کە خۆیان وەکوو بەشێکی سەربەخۆی کۆمەڵگای مۆدێرن هەڵ ناکەن و لە کارخانە و لە کشتوکاڵ و لە بازرگانیدا، سەرکارگەر و گزیر و دووکاندار، جێگایان دەگرنەوە.

لە وڵاتانی وەک فەرەنسا کە جووتیاران، زۆر زیاتر لە نیوەی دانیشتوان پێکدێنن، ئاسایي بوو کە نووسەرانێک کە لە ڕەخنەگري خۆیان دژی ڕژیمی بۆرژوازیدا، لایەنی پرۆلێتاریا بەرانبەر بۆرژوازي دەگرن، بۆچوونی جووتیار و وردەبۆرژوا بگرن بە دەستەوە و لە ڕوانگەی ئەم چینە ناونجییانەوە، بە لایەنگري چینی کرێکار، دەست بکەنەوە. بەم چەشنە، سۆسیالیزمی وردەبۆرژوایي سەریهەڵدا. "سیسمۆندي"، نەک هەر لە فەرەنسا، بەڵکوو لە ئێنگلیزیش، سەرکردەی ئەم مەکتەبەیە.

---

[18] دەستەیەکبوون لە ئەریستۆکراتە کۆنسرڤاتیڤەکان و سیاسەتگێڕان و ئەدیبان کە دەوروبەری ساڵی ١٨٤٢ پێکهات. کەسانی سەربەدەرەوەبوویان دیسرایلي و کارلایل و...بوون.

[19] ئەمە، زیاتر، سەبارەت بە ئەڵمان ڕاستە کە نەجیبزادەی زەویدار وکەسانی لەو چەشنە خۆیان، بەشی هەرەزۆری مڵک و ماشی خۆیان، بەهۆی گزیرو موباشیرەکانیانەو ە چاودێري دەکەن و سەرەڕای ئەوەش کارخانەی گەورەی چەوەندەری قەندو عەرەقی پەتاتەیان هەیە. خانەدانی دەوڵەمەندتری ئینگلیز، جارێ، وایان لێنەهاتوە. بەڵام ئەوانیش دەزانن چلۆن ناوبانگی خۆیان بخەنە بەردەستی دامەرزێنەرانی کۆمپانیا هاوپشکە کەم تا زۆر گۆمانلێکراوەکان و پێش بە هاتنەخوارەوەی داهاتی ئیجارەی زەوی بگرن.

(تێبینی ئێنگڵس لەسەر چاپی ئینگلیزي ساڵی ١٨٨٨)

ئەم مەکتەبە لە سۆسیالیزم، توانیویەتی، زۆر بە وردي و بلیمەتانە، لە ناتەباییەکانی نێو بارودۆخی بەرهەمهێنانی مۆدێرن تێ بگا. ئەمە، پەردەپۆشي ڕیاکارانەی ئابووري-زانەکانی هەڵماڵی؛ بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگر، شوێنەواری ماشینیزم و دابەشکردنی کار و کۆوەبوونی سەرمایە و زەویوزار لە دەستی ژمارەیەکی کەمدا و هەروەها زیادەبەرهەم و قەیرانەکانی، ڕوونکردەوە؛ لەناوچوونی چارهەڵنەگری وردەبۆرژوازي و جووتیارانی لەهەڵلادا و دەستەنگي و بێهەتوانی پرۆلێتاریا و بێ سەرە و بەرەیي بەرهەمهێنان و نابەرابەري ئاشکرا لە دابەشبوونی سەروەت و سامان و شەڕی پیشەسازي ماڵوێرانکەری نێوان نەتەوەکان و فەوتانی سنووری ئەخلاقي کۆن و فەوتانی پەیوەندي خێزاني کۆن و هی نەتەوایەتي کۆنی دەرخست.

بەڵام ئەم شێوەیە لە سۆسیالیزم، لە مەبەستە ئیجابیەکانیدا بەتەمایە، یان کەرەسەی بەرهەمێنان و بازرگاني کۆن بەرپا بکاتەوە و بەوانەوە، پێوەندي خاوەنداریەتي کۆن و کۆمەڵگای کۆن بژیەنێتەوە، یان کەرەسەی بەرهەمهێنان و بازرگاني مۆدێرنیش، بەزۆر، بترنجێنێتە چوارچێوەی پەیوندي خاوەنداریەتي کۆنەوە؛ وەک پێشتریش لەو بازنەیەدابوو بەڵام لەبەریەکی ترازاندبوو. لە هەردوو حاڵدا، ئەم سۆسیالیزمە کۆنەپەرستانەشە و خەیاڵیشە.

قسەی ئاخری ئەم سۆسیالیزمە ئەمەیە: یەکگرتوویي پیشەیي بۆ پیشەسازي و پێوەندي بابسالاري بۆ کشتوکاڵ.

سەرەنجام، کاتێک ڕاستەقینە لاسارە مێژوییەکان هەموو ئاسەوارێکی خوماري و گێژي ئەم خۆفریودانەی سڕییەوە، ئاقیبەتی ئەم سۆسیالیزمە، ژاوەژاوێکی داماوانەی لێکەوتەوە.

## ج: سۆسیالیزمی ئەڵماني یان "ڕاستەقینە"

ئەدەبیاتی سۆسیالیستي و کۆمۆنیستي فەرەنسا کە لەژێر زەخت و زۆری بۆرژوازي حاکمدا پێکهاتووە و نیشانە و نوێنگەی خەبات دژی ئەو هێزەیە، کاتێک هێنرایە ئەڵمانیا کە بۆرژوازي، لەو وڵاتە، تازە خەریک بوو خەباتی خۆی دژی ملهوڕي فیئۆداڵي دەست پێ دەکرد.

فیلسووف و نیمچە فیلسووفە ئەڵمانییەکان و ئەوانەی ئەهلی زەوق و ئەدەب بوون، بە شەوق و زەوقەوە هاشاوڵیان برد بۆ ئەم ئەدەبییاتە؛ بەس لە بیریان چوو کە کاتێک ئەم نووسراوانە لە فەرەنساوە ڕاگوێزرانە ئەڵمانیا، بارودۆخی کۆمەڵایەتي فەرەنسا لە گەلیان ڕانەگوێزرا! کە ئەم ئەدەبییاتە فەرەنسییە هاتە بارودۆخی کۆمەڵایەتي ئەڵمانیاوە، گرنگي ڕاستەوخۆی کرداري لێ داتەکا و ڕووە ئەدەبییە ڕووتەکەی بۆ مایەوە. وەکچۆن لەچاوی فیلسووفە ئەڵمانییەکانی سەدەی هەژدەدا، داخوازەکانی یەکەمین شۆڕشی فەرەنسا، بەس وەک داخوازەکانی "عەقڵی بەکەڵک" بەگشتي، دەینواند؛ ویست و ئیرادەی بۆرژوازي شۆڕشگێڕی فەرەنساش، لە پێش چاوی ئەوان، تەنیا وەک ڕێ وڕەسمی ویست و ئیرادەی ناب؛ ویست، ئەوجۆرەی کە دەبێ ببێ و ویستی ڕاستەقینەی مرۆڤ بەگشتي، دەینواند.

هەمووکاری پسپۆڕانی ئەڵماني هاتوەتە سەر تەنیا ئەوە کە بیروڕا فەرەنسییە نوێکان، لەگەل ویژدانی فەلسەفي دێرینی خۆیان ڕێکبخەن؛ یان باشترە بڵێین شوێنی بیروڕا نوێ فەرەنسییەکان بگرن بێ ئەوەی دەستیان هەڵگرتبێ لە ڕوانگەی فەلسەفي خۆیان.

ئەم شوێن گرتنەش هەر لەو ڕیگایەوە بوو کە لە زمانێکی بێگانە تێدەگەن، واتە بە وەرگێڕان.

هەموان دەزانن چلۆن کە شیشان بەسەرهاتی بێ مانا سەبارەت بە موقەددەساتی کاتوولیکیان لەبەر ئەو دەستنووسانە نووسیوەتەوە کە پێشتر بتپەرستانی قەدیم، بەسەرهاتە کلاسیکەکانی خۆیان لێنووسیوە.

پسپۆڕانی ئەڵماني، پێچەوانەی ئەمەیان بەسەر ئەدەبیاتی فەرەنسەیي دژ بە ئایین هێنا. ئەوان، هاتەران-پاتەرانە فەلسەفییەکانی خۆیان لەژێر ئەسڵە فەرەنسییەکەدا نووسی. بۆ نموونە، لەژێر ڕەخنەگري فەرەنسي، سەبارەت بە کارکردی ئابووري پووڵدا، نووسیان: "بەخۆ نامۆبوونی مرۆڤایەتي"؛ لەژێر رەخنەی فەرەنسي سەبارەت بە دەوڵەتی بۆرژواییشدا نووسیان: "لەدەسەڵات خستنی کاراکتەری گشتي" و شتی لەم چەشنە.

داهێنانی ئەمجۆرە دەستەواژە فەلسەفییانەشیان کە دەیانخستە پشتی ئەو ڕەخنەگرییە مێژوویيە فەرەنسییانەوە، نێودەنا: "فەلسەفەی کردار"، "سۆسیالیزمی ڕاستەقینە"، "زانستی ئەڵمانیایي سۆسیالیسم"، "بناغەی فەلسەفي سۆسیالیسم" و شتی لەم بابەتە.

بەمجۆرە، ئەدەبی سۆسیالیستي و کۆمۆنیستي فەرەنسي بەتەواوي نەزۆک کرا. چونکوو ئەمەش لە دەستی ئەڵمانییەکاندا وەک نیشانەی خەباتی چینێک دژی چینێکی تر نەمابوو، دڵخۆشي خۆیان دەدایەوە کە گوایە کەوتوونە سەرووی "یەکلایەنە بوونی

فەرەنسي"یەوە و باسی پێویستییە ڕاستەقینەکان ناکەن بەڵکوو باسی پێویست بوونی ڕاستەقینە دەکەن. باسی بەرژەوەندي پرۆلێتاریا ناکەن بەڵکوو باسی بەرژەوەندي سروشتي مرۆڤ دەکەن؛ هی مرۆڤ بەگشتي کە پێوەندي بە هیچ چینێکەوە نیە؛ بوونی راستەقینەی نیە و تەنیا لە خەون و خەیاڵی فەلسەفي تەماویدا بوونی هەیە.

ئەم سۆسیالیزمە ئەڵمانییە کە مەشقە مندالآنەکانی ئاوا جیددی و بەئیمانەوە دەنووسییەوە و ئاوا گەرم و گوڕ بازاڕگەرمي دەکرد بۆ وردەواڵە بێقیمەتەکانی خۆی، وردەوردە، ساویلکەیي بەڕواڵەت-زانایانەی خۆی لەدەستدا.

خەباتی بۆرژوازي ئەڵمانیا، بەتایبەت هی پرووس، دژی ئەریستۆکراسي فیئۆداڵي و پاشایەتي ملهوڕ، یان بڵێین بزووتنەوەی لیبراڵ، هەتادەهات، پتەوتر دەبوو.

بەمجۆرە، فرسەتێکی لەمێژچاوەڕوانکراو کەوتە دەستی سۆسیالیزمی "راستەقینە" کە بە داخوازە سۆسیالیستییەکانیەوە بچێتە کەوانی بزووتنەوەی سیاسي و تێروپڕ لەعنەت ببارێنێ بە سەر لیبرالیزمدا؛ بەسەر دەوڵەتی هەڵبژێردراودا؛ بە سەر ململانێی بۆرژواییدا؛ بەسەر ئازادي ڕۆژنامەگەري بۆرژواییدا؛ بەسەر یاسای بۆرژوایي و ئازادي و بەرابەري بۆرژواییدا و هەلیشی دەستکەوت کە مەوعیزە بۆ جەماوەر بکا کە هیچیان لەم بزووتنەوە بۆرژواییە دەستناکەوێ و هەمووشتێکیان لەدەست دەچێ. سۆسیالیزمی ئەڵماني، ڕێک لەو سەردەمەدا، ئەوەی لە بیرچوو کە ڕەخنەگري فەرەنسي کە ئەم خۆی دەنگدانەوەی گەوجانەی ئەو بوو، کۆمەڵگای مۆدێڕنی بۆرژوایی لە بەرچاو بووە بە بارودۆخی گونجاوی ئابووري ژیان و بنیادی سیاسي و گونجاو-لەگەڵ-خۆیەوە و بە گەلێک شتی دیکەوە کە بەدەستهێنانیان لە ئەڵمانیا، جارێ، مەتڵەب و داخوازی خەبات بوو.

ئەم "سۆسیالیزمە" بوو بە داوەڵێک لە خزمەتی دەوڵەتە ملهوڕەکاندا؛ بە دەست و پێوەندەکانیانەوە وەک کەشیشەکان، پرۆفسۆرەکان، موڵکدارەکان و کاربەدەستانی دەوڵەتي، دژبە بۆرژوازي هەڕەشەکەر.

ئەم سۆسیالیزمە، شیریني پاش تاڵي ئەو شەلاخانە و پاش شریخەی ئەو گوللانە بوو کە هەر هەمان دەوڵەتان، هەر لە هەمانکاتدا، ڕاپەڕینی چینی کرێکاری ئەڵمانیایان پێ سەرکوت دەکرد.

ئەم سۆسیالیزمە "ڕاستەقینە"یە کە ئاوا خزمەتی بە دەوڵەتان دەکرد و وەک چەکێک، لە دژی بۆرژوازي ئەڵمانیا بەکاردەبرا، لە هەمانکاتدا، ڕاستەوخۆ، نوێنەرایەتي بەرژوەندییەکی کۆنەپەرستانەی دەکرد: بەرژەوەندي وردەبۆرژوازي بەرچاوتەنگی ئەڵمانیا! لە ئەڵمانیا، چینی وردەبۆرژوازي پاشماوەی سەدەی شانزدە کە لەو کاتەوە هەتا ئێستاش، بە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆر سەرهەڵدەداتەوە، پایەی کۆمەڵایەتي ڕاستەقینەی ڕاوەستانی نیزامەکەیە.

پاراستنی ئەم چینە بە مانای پاراستنی نیزامی دەسەڵاتداری ئەڵمانیایە. سەرکردەیي بۆرژوازي، لە پیشەسازي و لە سیاسەتدا، لە بارێکەوە بە کۆماکردنی سەرمایە و لەو بارەکەشەوە بە گەشەکردنی پرۆلێتاریایەکی شۆڕشگێڕ، هەڕەشەی فەوتانی بێگومان لە وردەبۆرژوازي دەکا. سۆسیالیزمی "ڕاستەقینە" هات کە ئەم دوو چۆلەکەیە بە یەک بەرد بکوژێ. بۆیە وەک پەتایەک بڵاوبووەوە.

ئەم باڵاپۆشەی بە تاڵی خەیاڵي جاڵجاڵۆکە چندراوە و بە گوڵی تەقەڵ-وردی قسەزاني گوڵدۆزي کرابوو و بە ئاونگی هەستی نەرموناسک شۆرابووەوە؛ ئەم عابا عارفانەیە کە سۆسیالیستە ئەڵمانییەکان "ڕاستییە نەمرە" بێقابلەکەی خۆیانیان تێوە پێچابوو، سەر و بەر، خزمەتی بە ڕەواج و ڕەونەقی کالاکانیان، لەنێو ئەم جەماعەتەدا دەکرد. سۆسیالیزمی ئەڵماني، بەشبەحاڵی خۆیشی، ڕۆژلەڕۆژ زیاتر هەستی بە ڕاسپاردەی خۆی کردووە: ڕاسپاردەی نوێنەرایەتي پڕهات وهاواری وردەبۆرژوازي بەرچاوتەنگ.

ئەم سۆسیالیزمە، نەتەوەی ئەڵمانیای بە نەتەوەی نموونە ڕاگەیاند و وردەبەرچاوتەنگی ئەڵماني بە نموونەی مرۆڤ! مەعنایەکی سۆسیالیستي بەرز و نهێنیشی بەخشی بە بەدڕەسەني و پەستي ئەم ئینسانە نموونەیە؛ تەواو بە پێچەوانەی کاراکتەرە ڕاستەقینەکەی. لەم ڕێبازەشدا ملی پێوەنا و هەتا لەجاڕدانی دژایەتي ڕاستەوخۆی لەگەل شێوەی "بێبەزەییانە و تێکدەری" کۆمۆنیزم؛ هەتا لەجاڕدانی سووکایەتي لووت بەرزانە و بێلایەن دەرحەق بە هەموو کێشەیەکی چینایەتي، چووەپێش. مەگەر بە دەگمەن، دەنا، هەموو ئەو بڵاوکراوە بە ناو سۆسیالیسیتي و کۆمۆنیستییانەی ئێستا (١٨٤٨) لە ئەڵمانیا بڵاودەبنەوە لە سای ئەم ئەدەبە چەپەڵ و قیزەونەدایە[20].

[20] تەوژمی شۆڕشگێڕانەی ١٨٤٨، ئەم بۆچوونە سەرتاپا گەنیوەی ڕامالْدا و قارەمانەکانی پەشیمان کردەوە کە لەوەزیاتر سات و سەودا بە سۆسیالیزم نەکەن. نوێنەری سەرەکي و تیپی کلاسیکی ئەم بۆچوونە، ئاغای کارل گرونە.
(تێبیني ئێبگڵس لە سەر چاپی ئەڵماني ١٨٩٠)

## ٢-سۆسیالیزمی کۆنسرڤاتیف یان بۆرژوایي

بەشێک لە بۆرژوازي هەوڵ دەدا مەینەتەکانی کۆمەڵ، بە مەبەستی پاراستنی کۆمەڵگای بۆرژوایي، چارەسەربکا.
ئەم بەشە، ئابووریزانان، خێرخوازان، مرۆڤدۆستان، چاکسازانی بارودۆخی چینی کرێکار، ئەوانەی پێکهاتی خێروسەدەقە بەڕێوە دەبەن، ئەندامانی کۆمەڵەی پاراستنی ئاژەڵ، قەناعەتچیانی کۆنەپەرست و وردەئیسلاحخوازانی ڕەنگاوڕەنگ، دەگرێتەوە. ئەم شێوەیە لە سۆسیالیزم، ئیتر یەکجاري کراوەتە سیستمی تەواوکەماڵ.

دەکرێ کتێبەکەی پرۆدۆن بە ناوی فەلسەفەی فەقر، وەکوو نموونەیەک لەم شێوەیە بێنینەوە.

ئەم سۆسیالیسمە بۆرژواییە هەموو دەسکەوتەکانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە مۆدێڕنەکانیان دەوێ بەبێ ئەو کێشە و مەترسییانەی، بەناچار، لەم پێوەندییانە دەوەشێنەوە. ئەوان خوازیاری مانەوەی وەزعی ئێستای کۆمەڵن بەبێ بنەما شۆڕشگێڕ و تێکدەرەکانی. ئەوان بۆرژوازییەکیان دەوێ بەبێ پرۆلێتاریا. لای بۆرژوازي، دیارە، ئەو دنیایە کە خۆی تێیدا سەروەرە، باشترین دنیایە. سۆسیالیزمی بۆرژواییش ئەم خەیاڵپڵاوە دەکاتە سیستمی جۆراوجۆری کەم تا زۆر تەواو. کاتێکیش داوا لە پرۆلێتاریا دەکا کە سیستمێکی وا بەدیبێنێ و بەوجۆرە، بە شەقامە ڕێدا هەتا بەهەشتی کۆمەڵایەتي بڕوا، لە ڕاستیدا، هەر داوای ئەوەدەکا کە پرۆلێتاریا لە کۆت و بەندی کۆمەڵگای ئێستادا بمێنێتەوە بەڵام هەرچی ڕق و بێزارییەتی سەبارەت بە بۆرژوازي، فڕێی بدا.

نەوعێکی دووهەم و زیاتر کردەوەیي بەڵام کەمتر سیستێماتیک لەم سۆسیالیزمە، تێکۆشاوە هەموو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لەپێشچاوی چینی کرێکار بخا و بڵێ نەک تەنیا ئاڵوگۆڕی سیاسي بەڵکوو تەنیا ئاڵوگۆڕ لە بارودۆخی ماددی ژیاندا، لە بارودۆخی ئابووریدا دەتوانێ کەلەبەرێکی پرۆلێتاریا بگرێ. مەبەستی ئەم جۆرە سۆسیالیزمە لە گۆڕانی بارودۆخی ماددي ژیانیش، قەت لەناوبردنی پێوەندییە بۆرژواییەکانی بەرهەمهێنانی لێناوەشێتەوە. ئەمە تەنیا لە ئاکامی شۆڕشێکدا دێتەدی. ئەو مەبەستی هەندێک ڕێفۆرمی ئیدارییە لە سەرئەساسی مانەوەی ئەم پێوەندییانەی ئێستا؛ ڕێفۆرمی وا کە لە هیچ بارێکەوە کارناکاتە سەر پێوەندي نێوان سەرمایە و کار بەڵکوو لە باشترین حاڵەتیدا، دەبێتە هۆی کەمخەرج بوون و ئاسان بوونەوەی کاروباری ئیداري دەسەڵاتی بۆرژوایي.

سۆسیالیزمی بۆرژوایي، کاتێک و تەنیا ئەوکاتە، بەڕاشکاوي خۆی دەردەخا کە وەک تەوس باسی لێبکرێ:

بازرگاني ئازاد لە بەرژەوەندي چینی کرێکار؛ پاراستنی گومرکي لە بەرژەوەندي چینی کرێکار؛ چاکسازي زیندان لە بەرژەوەندي چینی کرێکار. ئاوایە قسەی ئاخر و تەنیا قسەی دڵی سۆسیالیزمی بۆرژوایي. کۆی بکەیتەوە دەبێتە ئەم کورتەقسەیە: بۆرژوا، بۆرژوایە لە بەرژەوەندي چینی کرێکار.

## ٣- سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی خەیاڵي ڕخنەگر

ئێمە، لێرەدا، قسەمان لەو ئەدەبییاتە نییە کە لە هەموو شۆڕشە مۆدێڕنە گەورەکاندا، دەنگدانەوەی داخوزی پرۆلێتاریا بوون (وەک نووسراوەکانی "بابۆف" و ئەوانیتر).

یەکەمین کۆششی ڕاستەوخۆی پرۆلێتاریا، بۆ بەدیهێنانی ئامانجە چینایەتیەکانی خۆی، لە سەردەمی ئەو جۆش و خرۆشە گشتییەدا ڕوویدا کە کۆمەڵگای فیئۆدالي دەڕوخێندرا. بەناچاریش تێکدەشکان؛ چ بە بۆنەی گەشەنەکردوویي ئەوکاتی پرۆلێتاریاوە؛ چ لەبەر نەبوونی بارودۆخی ئابووري ڕزگاري پرۆلیتاریا؛ بارودۆخێک کە جارێ خەریکی هاتنەبوون بوو. ئەم بارودۆخە، تەنها دەیتوانی لە سەردەمی بۆرژوازي حازریدا پیکبێ. ئەو ئەدەبییاتە شۆڕشگێڕانەیە کە لەگەڵ ئەم یەکەمین بزووتنەوەی پرۆلیتاریا بەدیهات بە ناچار، کاراکتەرێکی کۆنەپەرستانەی دەبوو. ئەو ئەدەبییاتە، مەوعیزەی ڕیازەتکێشي گشتي و بەرابەرییەکی کۆمەڵایەتي کاڵ و خاوی دەکرد.

ناوەرۆکی ئەو سیستێمە سۆسیالیستي و کۆمۆنیستییە کە "سەن سیمۆن" و "فووریە" و "ئۆئێن" و کەسانیتر باسیان دەکرد، لە سەردەمی سەرەتای گەشەنەکردوویي خەباتی پرۆلێتاریا دژی بۆرژوازیدا، سەریان هەڵدا کە پێشتر باسمان کرد (بڕوانە بەشی یەکەم؛ بۆرژواکان و پرۆلێتەرەکان). دامەزرێنەرانی ئەم سیستمانە، لە ڕاستیدا، دژایەتي چینایەتي دەبینن؛ هەروەک کارتێکردنی بنەما

تێکدەرەکانی نێو نیزامی زاڵ بەسەر کۆمەڵیشدا، دەبینن. بەڵام پرۆلیتاریا کە ئەو کات هێشتا ساوایە وەک چینێک دێتە پێشچاویان کە نە لێهاتووییەکی مێژوویی هەیە و نە بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی سیاسی.

چونکوو پەرەسەندنی دژایەتی چینایەتی، پێبەپێی هەڵدانی پیشەسازی هەنگاو دەنێ، بارودۆخی ئابووری ئەو کاتەی ئەوان، هێشتا لەبابەت هەلومەرجی ماددی ڕزگاری پرۆلێتاریاوە هیچیان بۆ دەرناخا. هەربۆیەش ئەوان، بەشوێن زانستێکی کۆمەڵایەتی نوێ، بەشوێن یاسایەکی کۆمەڵایەتی تازەدا دەگەڕان کە ئەو هەل و مەرجە بخولقێنێ.

وەک بڵێی، دەستپێشکەری تایبەتی ئەوان، جێگای کارکردی مێژوویی بگرێتەوە و خەون و خەیاڵ، بنیشێتە جێگای هەل ومەرجی مێژووکردی ڕزگاری. وەک بڵێی ڕێکخراوبوونی وردەوردە و خۆرسکی پرۆلێتاریا، جێگای خۆی بدا بە ڕێکخرانێکی کۆمەڵگا کە ئەم بلیمەتانە، بە تایبەتی دایان هێناوە. بە بڕوای ئەوان، مێژووی دوارۆژی جیهان لە پەرۆپاگاندای خۆیاندا و لە جێبەجێکردنی بەرنامەی کۆمەڵایەتییاندا، خۆی دەردەخا.

لە داڕشتنی بەرنامەکانیاندا، ئاگاداری ئەوەهەن کە زیاترین داکۆکي لەسەر بەرژەوەندي چینی کرێکار، وەکوو بەشمەینەترین چین بکەن. لەڕوانگەی ئەوانەوە، پرۆلێتاریا هەرتەنیا وەک بەشمەینەترین چین دەناسرێ.

گەشەنەکردوویي خەباتی چینایەتی، هەروەها جێ و شوێنی چینایەتي خۆیان، کێشایە ئەوەی کە خۆیان زۆر بەرزتر لە هەموو ناتەباییەکی چینایەتي دەزانن. ئەوان دەیانەوێ بارودۆخی هەموو ئەندامێکی کۆمەڵ باشترکەن؛ تەنانەت ئەوانەی وەزعیان زۆرباشە! بۆیە، ئەوان بەعادەت، ڕووی قسەیان لە سەرتاپای کۆمەڵگایە بەبێ جیاوازي چینایەتي؛ تەنانەت بە مایەدارانێکەوە بۆ چینی دەسەڵاتدار. دەڵێن ئاخر خەڵکێک کە جارێک سەر لە سیستێمەکەیان دەربێنن چلۆن نابینن کە ئەوە باشترین پلانی گونجاوە بۆ کۆمەڵگا؟!

بۆیە، ئەوان لە دژی هەموو چالاکییەکی سیاسي، بەتایبەت دژی چالاکي شۆڕشگێڕانەن. دەیانەوێ ئامانجەکانیان بە شێوەی هێمنانە بێننە دي؛ شتێک کە لە خۆیدا مەحکووم بە شکستە. تێدەکۆشن پشت بە نموونە و مۆدێل ببەستن کە ڕێگا بۆ ئەم ئینجیلە کۆمەڵایەتییە نوێبابەتەیان خۆش بکەن.

ئەمجۆرە دیمەنە خەیاڵییانە لە کۆمەڵگای دوارۆژ، لە سەردەمێکدا کێشراونەتەوە کە پرۆلێتاریا هێشتا یەکجار ساوایە و تەنیا بە شێوەیەکی خەیاڵي سەیری جێگە و پێگەی خۆی دەکا. ئەویش هەر ڕەنگدانەوەی تامەزرۆییە سەرەتایي و غەریزییەکانی ئەم چینەیە بۆ سەرلەنوێ-داڕشتنەوەی کۆمەڵ.

بەڵام ئەم بڵاوکراوە "سۆسیالیستي" و "کۆمۆنیستي"یانە، تۆوی ڕەخنەگریشیان تێدایە. ئەوانە هێرش دەکەنە سەرهەموو بنەمایەکی کۆمەڵگای ئێستا. بەم بۆنەوە، پڕن لە بەنرخترین ماتریاڵ بۆ وشیار بوونەوەی چینی کرێکار. ئەو هەنگاوە عەمەلییانە کە لە تیئۆرییەکانی ئەواندا باسکراوە وەکوو: سڕینەوەی جیاوازي نێوان شار و دێ؛ سڕینەوەی خانەوادە؛ پیشەسازي لە قازانجی تایبەتي کەسان نەگەڕێ و سیستێمی کرێگرتەیي هەڵبوەشێ؛ بانگەواز بۆ هاوئاهەنگي کۆمەڵایەتي بۆ گۆڕینی کارکردی دەوڵەت بەوەی کە زیاتر، چاودێري بەرهەمهێنان بکا؛ ئەم بۆچوونانە هەموو، ڕوویان لە سڕینەوەی ناتەباییە چینایەتییەکانە کە لەو سەردەمەدا تازە خەریکبوون سەریان هەڵدەدا و لەم بڵاوکراوانەدا، تەنیا لە شێوەی هەرە سەرەتایي و نامۆی خۆیاندا بەرچاو دەکەوتن. هەربۆیەش ئەم بۆچوونانە کاراکتەری خەیاڵي ڕووتیان هەیە.

هەرچی مێژوو گەشە دەکا، گرنگي "سۆسیالیسم" و "کۆمۆنیزم"ی ڕەخنەگر-خەیاڵي، کەمدەکا. هەربەوپێیە کە خەباتی چینایەتي مۆدێرن پەرەدەستێنێ و شکڵ و شێوەی ڕۆشنتر پەیدادەکا، ئەم خۆجیاکردنەوە خەیاڵییە لە کێشەکە و ئەم هێرشە خەیاڵییانە بۆ سەر خەبات، هەموو بایەخی پراکتیکي و هۆی تیئۆریکی خۆی لەدەستدەدا.

هەربۆیەش، هەرچەندە دامەرزێنەرانی ئەم سیستەمانە لە گەلێک ڕووەوە شۆڕشگێڕبوون، شاگردەکانیان، لە هەر کێشەیەکدا بێ، هەر تاقم و فیرقەی کۆنەپەرست پێکدێنن.

ئەوانە، بەپێچەوانەی هەڵدانی پێشکەوتنخوازانەی مێژوویي پرۆلێتاریا، هەروا نووساون بە تێئۆریەکانی مامۆستاکانیانەوە. هەربۆیەش، ئاوا گەرمو گوڕ هەوڵ دەدەن خەباتی چینایەتي دامرێننەوە و ناتەباییە چینایەتییەکان ئاشت کەنەوە. ئەوان هێشتاش بەتەمان بە تەجرەبە کردنی مۆدێلەکانیان، خەونە کۆمەڵایەتییەکانیان بەدی بێنن و فالانستێری[21] بەتاک کەوتوو کۆڵۆني خۆمالي[22]

[21] فالانستێر ناوی کۆڵۆنیە سۆسیالیستەکان بوو بە گوێرەی "فووریە".

و ئیکاری بچکۆله[23] که چاپی بەرباخەڵی بەهەشتە تازەکەیە، دامەزرێنن. بۆ سازکردنی ئەم کۆشکە هەواییانەش، ناچارن ڕووبکەنە دڵناسکي و کیسەی خێرومەندانی بۆرژوا. ئەمانە، وردەوردە بەرەو ڕیزی سۆسیالیستە کۆنەپەرستە کۆنسەرڤەتیڤەکان کە پێشتر باسمانکردن، دەخزێنە خوارەوە. فەرقیان تەنیا لەوەدایە کە سیستێماتیکتر وەسواسن و باوەڕێکی کوێرانە و خورافە پەرستانەیان هەیە بە توانای یەکجارزۆری زانستە کۆمەڵایەتییەکەیان.

هەربۆیەش، بەرانبەر بە هەرکردەوەیەکی سیاسي کرێکاران، بە توندي ڕادەوەستن. ئەو کردەوانە بە بڕوای ئەوان، تەنیا لە بێباوەڕي کوێرانە بە ئینجیلەکەی ئەوان دەوەشێتەوە.

لایەنگرانی "ئۆئێن" لە ئێنگلیز، دژی چارتیستەکان[24] و لایەنگرانی "فووریە" لە فەرەنسا، دژی ڕێفۆرمیستەکان[25] ڕاساون.

---

[22] کۆڵۆنی خۆولاتي ناوێکه که "ئۆئێن" نابووی به کۆمەڵگا کومونیستییه نموونەکەی خۆیەوە. فالانستێر ناوی کۆشکە کۆمەڵایەتییەکانی داڕێژراوی "فووریه" بوو؛ ئیکاري ناوی وڵاتێکی خەیاڵاوا بوو کە "کابە"، ڕێکخراوە کومونیستییەکەی لە سەر داڕشتبوو.
(تێبیني ئینگڵس بۆ چاپی ئەڵماني ساڵی ١٨٩٠)

[23] "ئیکاري" ناوێکە "کابە" نابووی بە خەیاڵاواکەی خۆیەوە و پاشانیش نای بە کۆڵۆنیە کومونیستییەکەیەوە لە ئەمریکا.
(تێبیني ئینگڵس بۆ چاپی ئینگلیزي ساڵی ١٨٨٨)

[24] چارتیستەکان؛ یەکەمین دەرکەوتی سیاسي چینی کرێکار بوون لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا. بەڵام ئەم بزووتنەوەیە سەرەتایي و کاڵ و خاوبوو و بارودۆخی چینایەتی و ڕێگای سەربەخۆی خەباتی نەدەناسیەوە. (و.ک.)
[25] مەبەست لە ڕێفۆرمیستەکان، لایەنگرانی ڕۆژنامەیەک بوو بە ناوی La Reforme کە لە پاریس، ساڵەکانی ١٨٤٣ تا ١٨٥٠، دەردەچوو.

## IV

**هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان**
**لە ئاست**
**حیزبە ئۆپۆزیسیۆنە جۆراوجۆرەکانی ئێستا**[26]

لە بەشی دووهەمدا، پێوەندي کۆمۆنیستەکان لەگەل حیزبەکانی ئێستای چینی کرێکار، وەک چارتیستەکان لە ئێنگلیز و لایەنگرانی ئیسلاحاتی ئەرزي لە ئەمەریکا، ڕوونکرایەوە.

کۆمۆنیستەکان، بۆ دابینکردنی ئامانجە نزیکەکانیان، بۆ دەستەبەرکردنی بەرژوەندي ئێستای چینی کرێکار خەبات دەکەن. بەڵام لە ڕەوتی ئێستای بزووتنەوەکەدا، وریایي و چاودێري دوارۆژی بزووتنەوەکەش دەکەن. لە فەرەنسا، کۆمۆنیستەکان لەگەل سۆسیالدێمۆکراتەکان دژی بۆرژوا کۆنسەرڤەتیڤ و ڕادیکاڵەکان یەکیانگرتووە، بێ ئەوەی دەستبەرداری مافی هەڵوێستی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە ئەو قۆناغانە و ئەو وەهم و خەیاڵانەی کە لە شۆڕشی گەورە (ی فەرەنسا)وە هاتوون، ببن.

لە سویس، کۆمۆنیستەکان پشتی ڕادیکاڵەکانیان گرتووە، بێ ئەوەی چاوپۆشي لەو ڕاستییە بکەن کە ئەم حیزبە لە چەند بنەمای دژبەیەک پێکهاتووە؛ بەشێکیان لە سۆسیالیستە دێمۆکراتەکانن لە چەشنی فەرەنسا، بەشێکیشیان لە بۆرژوا-رادیکاڵەکانن.

لە پۆڵەند، کۆمۆنیستەکان لەو حیزبە پشتیواني دەکەن کە شۆڕشی زەویوزار بە پێشمەرجی ڕزگاري نەتەوەیي دەزانن؛ هەر ئەو حیزبەی کە شۆڕشی ١٨٤٦ ی "کراکۆ"ی بەرپاکرد.

لە ئەڵمانیا، کۆمۆنیستەکان، وێڕای بۆرژوازي، مادام ئەو لەدژی پاشایەتي ملهوڕ و مالیکییەتی زەوی فێئۆداڵي و وردەبۆرژوازي، بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە هەستابێ، خەباتدەکەن.

بەڵام کۆمۆنیستەکان، تەنیا تاوێکیش، لەوە هەدانادەن کە بەڕوونترین شێوە، ناتەبایي دوژمنکارانەی نێوان پرۆلێتاریا و بۆرژوازي بە چینی کرێکار بناسێنن، تا کرێکارانی ئەڵمانیا بتوانن دەستبەجێ لە هەر هەل و دەرفەتێکی سیاسي و کۆمەڵایەتي کە بۆرژوازي، بەبێ ویستی خۆی، لەگەل دەسەڵاتەکەی دەیهێنێ، وەکوو چەکێک دژی بۆرژوازي کەڵک وەرگرن. بۆ ئەم مەبەستەش، پاش ڕووخانی چینە کۆنەپەرستەکان لە ئەڵمانیا، دەبێ دەستبەجێ، خەبات دژی خۆدی بۆرژوازي، دەستپێبکا.

کۆمۆنیستەکان، سەرنجی تایبەتي خۆیان، بڕیوەتە ئەڵمانیا چۆنکە ئەو وڵاتە لە ئاسانەی شۆڕشێکی بۆرژواییدایە کەخەریکە لە هەلومەرجێکی زۆر پێشکەوتووتری شارستانیەتی ئەورووپاییدا و بە پرۆلێتاریایەکی زۆر باڵاکردووتر، لە چاو هی ئێنگلیزی سەدەی حەڤدە و هی فەرەنسای سەدەی هەژدە، پێکدێ. لەبەر ئەوەش کە شۆڕشی بۆرژوازي لە ئەڵمانیا، تەنیا دەتوانێ سەرەتای شۆڕشێکی خێرا-بە-شوێنداهاتووی پرۆلێتەري بێ.

بەکۆرتي: کۆمۆنیستەکان لەهەرکوێ بن، پشتیوانی هەموو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەن لە دژی نیزامی کۆمەڵایەتي و سیاسي حازر. لە هەموو ئەم بزووتنەوانەدا، کۆمۆنیستەکان، مەسەلەی خاوەنداریەتي، بێ ڕەچاوکردنی ڕادەی پەرەگرتوویيەکەی، وەکوو مەسەلەی سەرەکي دەکێشنەپێش.

لە کۆتاییشدا، کۆمۆنیستەکان لە هەموو لایەک بۆ یەکگرتوویي و پێکهاتنی حیزبە دیمۆکراتیکەکانی هەموو وڵاتان تێدەکۆشن.

بۆ کۆمۆنیستەکان شەرمە بۆچوون و ئامانجی خۆیان بشارنەوە. ئەوان، ڕوون و ڕاشکاو ڕادەگەیەنن کە ئامانجەکانیان تەنیا بە ڕووخاندنی بەزۆری سەرتاپای بارودۆخی کۆمەڵایەتي ئێستا، دەکرێ بەدیبێ. با چینە چەوسێنەرەکان، بەرانبەر بە شۆڕشی کۆمۆنیستي سەرتاپایان بێتە لەرزین! کرێکاران، لەم ناوەدا، جگە لە زنجیرەکانیان هیچ لەدەست نادەن؛ بەڵام جیهانێک بەدەستدێنن.

**کرێکارانی جیهان، یەکگرن!**

---

[26] مەبەست ساڵی ١٨٤٨ (و.ک.)